گێڕانەوەی

وەرش

دانەر

د. احمد ضيف الله عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری گشتی

شيخ نظام الدين يونس عزيز

سلسلة في القراءات القرآنية وعلوم القرآن

الدُّرَرُ الحِسَان

في القراءات العشر للقرآن

رواية ورش

عن نافع المدني
من طريق الشاطبية

تقديم

د. عبد الرحمن يوسف الجمل
الشيخ : سعيد صالح زعيمة
الشيخ : جمال إبراهيم القرش

إعداد

خادم القرآن الكريم الدكتور:
أحمد ضيف الله أبوسمهدانة
الجامع للقراءات العشر الصغرى والكبرى
والأربع الشواذ
عضو مشيخة المقارئ الفلسطينية

گێڕانەوەی

وەڕش

دانەر

د. احمد ضيف اللّه عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری گشتی

شيخ نظام الدين يونس عزيز

ژمارەی سپاردن
لە هۆبەی سپاردنی کتێب
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
661 لە 2022/7/3
عێراق - هولێر

ليستي سەرپەرشتیاری تەرجەمەکردنی پەرتووك

شێخ هيبت فخري القاضي — سەرپەرشتیاری زانستی

ڕێگە پێدراو لە قیرائاتی عەشرەی بچووك و گەورەو چوار شاذەکە

خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ئیسلامی

يونس عثمان محمد أمين — پێداچوونەوەی زانستی

ڕێگە پێدراو لە قیرائاتی عەشرەی بچووك

ماستەر لە زمانی عەرەبی

د. إسماعيل عبد الرحمن عبد الله — پێداچوونەوەی زمانەوانی

قوتابی لە قیرائاتی عەشرەی بچووك

دکتۆرا لە زمانی ئینگلیزی و زمانەوانی – وەرگێری سوێندخواردوو

ئەندازیار زاهر مزاحم الشريده — سەرپەرشتیاری چاپ


قوتابی لە قیرائاتی عەشرەی بچووك

ماستەر لە ئەندازیاری کۆمپیوتەر

مامۆستا صفوان صالح أحمد — وەرگێڕ

مامۆستای خوێندنی ئیسلامی

ماستەر لە زانستی ئیسلامی


بسم الله الرحمن الرحيم

قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ

أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ

ٱلۡخَٰسِرُونَ ١٢١ ﴾ البقرة: ١٢١

لە عوسمانی کوڕی عەفانەوە (رضي الله عنه) ئەفەرمویٚ: پێغەمبەری خوا فەرمویەتی:

(خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

(چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆیان فێری قورئان خوێندن ئەکەن و خەلکیش فێر دەکەن)

پێش کەشە بە:

هەمو کەسێك کە مافی هەیە بەسەرمەوە

دایك و باوکم و مامۆستاکانم و شەیخەکانم

هەر کەسیَ پیتێکی فێرکردوم لە قورئانی پیرۆز

بۆ خەلکی قورئان خوێن ئەوانەی شوێنە بەرزەکان و پلە پیرۆزەکانیان بە دەست هێناوە

بۆ ئەوانەی کە قورئان دەخوێنن وفرمێسکی قورئان حوێندنەکە لە قورگیانە

ئەحمەد

به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی میهره‌بان
پێشه‌كی به پێنوسی د. عبدالرحمن الجمل

سوپاس وستایش بۆ په‌روه‌ردگاری جیهانیان، ئه‌وه‌ی كه ڕێگای پیرۆزی ئیسلامی نیشان داوین، وچاكه‌ی ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ كردوین كه باوه‌ڕی پێ به‌خشیوین، وئێمه‌ی تایبه‌ت مه‌ند كردووه به ناردنی قورئانی پیرۆز، ڕاسترین و چاكترین كتێبه له جوانی و به هێزیدا و چیرۆكه‌كانی دووباره ئه‌بێته‌وه، قورئانی پیرۆز ڕوونكه‌ره‌وه‌ی هه‌موو شتێكه، هیدایه‌ت به‌خش و ڕه‌حمه‌ته‌و مزگێنیشه بۆ موسلمانان و چاكترین ڕێگاو ڕێبازه، درودو ڕه‌حمه‌ت بۆ سه‌ر ئه‌و نێردراوه‌ی كه ڕه‌حمه‌ت و به‌ره‌كه‌ته بۆ هه‌موو جیهان، گه‌وره‌و خۆشه‌ویستمان موحه‌مه‌د (ﷺ)، ومیهره‌بانی بڕژێ به‌سه‌ر خانه‌واده‌و ئه‌صحاب و شوێن كه‌وتوانی و ئه‌وانه‌ی شوێنیان كه‌وتوون به چاكه تا ڕۆژی دوایی.

به دڵنیایه‌وه خودای مه‌زن فه‌رمانی كردووه به ڕووكردنه قورئانی مه‌زن به خوێندنه‌وه‌و له‌به‌ر كردن و تێگه‌یشتن و بیرلێكردنه‌وه‌و كارپێكردنی له زۆر ئایه‌ت له قورئانی پیرۆز، یه‌كێك له‌و ئایه‌تانه ده‌فه‌رموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتۡلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ يَرۡجُونَ تِجَٰرَةٗ لَّن تَبُورَ ﴿٢٩﴾ ﴾ فاطر: ٢٩

وه‌روها پێغه‌مبه‌ری خۆشه‌ویستمان(ﷺ) ئامۆژگاری كردووین كه خۆمان فێری قورئانی پیرۆز بكه‌ین و كه‌سانی تریش فێر بكه‌ین، هه‌ر وه‌ك ئه‌فه‌رموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

په‌روه‌ردگاری پاك و بێگه‌رد خه‌ڵكانێكی ئاماده‌كردووه له هه‌موو كات و سه‌رده‌مێكدا، هاوكاری كردوون بۆ خزمه‌ت كردنی قورئانی پیرۆز، تاوه‌كو به‌ڵێنی په‌روه‌ردگار بێته دی له پاراستنی په‌رتوكه‌كه‌ی. ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾الحجر: ٩

ژیانی خۆیانیان تایبه‌ت كردووه بۆ خزمه‌ت كردنی قورئانی پیرۆز، وه‌ریان گرتووه، هه‌روه‌ك چۆن پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) وه‌ری گرتوه‌و كه‌سانی دوای خۆی فێركردووه،

موسلمانانیش له هەمووو سەردەمێكدا قورئانیان خوێندووه به خوێندنێكی پاراو وجوان هەر وەك چۆن دابەزیووه، پاشان پێمان گەشتووه به پاك و بێگەردی دوور له هەموو هەڵەو كەم و كورتیەك، به سەنەدێكی نەپچڕاو دەست به دەست تاوەكو دەگات به پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ).

به شێوەیەكی گشتی وڵاتمان به تایبەتی گرنگیەكی زۆری داوه به قورئانی پیرۆز، به شێوەیەك كه به هەزارەها ئەزبەركاری (حافز) قورئانیان تێدا هەڵكەوتووەو له هەردوو ڕەگەز به دەیەها هەزار قورئانخوێنیان تێدا هەلكەوتووه، سوپاس بۆ ئەو خودایەی خاوەنی هەمووو فەزل و چاكەیەكە، وسوپاس بۆ ئەو چاكەو میهرەبانیەی لەگەڵ ئێمە كردویەتی، خەریك بوون به قورئان باشتره لەوەی كه خەڵكی له مولك و سامان كۆیدەكەنەوه. سوپاس بۆ خودای گەوره، خەڵكی پێش بڕكێ دەكەن بۆ خزمەت كردنی قورئانی پیرۆز، بەمەبەستی دەست كەوتنی خێرو پاداشت.

یەكێك لەوانه برای خۆشەویست دكتۆر ئەحمەد ضەیف الله سەمهدانه، دەستی كردووه به ئامادەكردنی زنجیرەیەك له كتێبی قیرائاتی قورئانی پیرۆز، تا بیخاته ژێر دەستی قوتابیانی زانستەكانی قورئانی پیرۆز، ناوی ناوه (الدرر الحسان) له ده خوێندنەوەكانی قورئان ، تا بەشی هەبێت لەگەڵ هەمووو ئەو كەسانەی كه گرنگی به قورئانی پیرۆز دەدەن و خەریكی ئەم كارەن، ئاسان كردنی فێربونی قیرائاتی قورئانی پیرۆز و شارەزاكردنی كەسانی تر، من سەیری ئەم كارەم كرد بۆم دەركەوت كه ماندوبونێكی زۆر پیرۆزی تێدا بەكار هێناوه، ده خوێندنەوەكانی قورئانی له خۆ گرتووه به شێوەیەكی ئاسایی و ئاسان بۆ فێرخوازانی، به وردبینی و جوان وەرگرتنی.

سەرەتا دەستی كردووه به باس كردنی بنچینەكانی خوێندنەوەی قاریئەكە، ئەوەی كه مەبەسته له باسەكەدا، دواتر دەستی كردوه بەوەی كه جیاوازەو پێچەوانەی قیرائەتی (حەفصه)و (فەرش)[1].و بنچینەكانیەتی، پیت پیت و وشه وشه، پاشان له بەشی سێهەم دەستی كردووه به باس كردنی وشەكانی (فەرش) كه پێچەوانەی خوێندنەوەی

[1] فەرش: زاراوەیەكی زانستی قیرائاتی قورئانه، كه ئاماژەدەكات بەو ووشانەی كه له خوێندنەوەیاندا جیاوازی هەیه له نێوان قاریئەكاندا. (وەرگێڕ)

(حه‌فصه‌). په‌رتوكه‌كه‌ گشتگیره‌ به‌وه‌ی كه‌ جیاوازی قاریئه‌كه‌ له‌ خۆ ده‌گرێت و فێرخواز شته‌ وونبوه‌كانی خۆی تێدا ده‌دۆزێته‌وه‌.

داواكارم له‌ په‌روه‌ردگار ئه‌م به‌رهه‌مه‌ سودی هه‌بێت بۆ هه‌مووو خه‌ڵك به‌ شێوه‌یه‌كی گشتی و خه‌ڵكی تایبه‌تمه‌ند به‌ قورئانی پیرۆز به‌ تایبه‌تی، وپاداشتی برای به‌ڕێزمان كاك ئه‌حمه‌د بداته‌وه‌ كه‌ هه‌ستاوه‌ به‌م كاره‌ چاكه‌ به‌ باشترین شێوه‌ وئه‌مه‌شی بۆ بكاته‌ چاكه‌یه‌كی نه‌بڕاوه‌ به‌و زانسته‌ی كه‌ خه‌ڵكی سودی لێببینێ، وداواكارم خودای مه‌زن هێزو چالاكییه‌كی پێ ببه‌خشێت بۆ خزمه‌ت كردنی په‌رتوكی په‌روه‌ردگارو بلأوكردنه‌وه‌ی زانسته‌كانی قورئان تا بچێته‌ ژێر ئه‌م فه‌رموده‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) كه‌ ئه‌فه‌رموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

په‌روه‌ردگار ئه‌م كاره‌مان لێ وه‌ربگره‌و له‌ ڕیزی چاكه‌كانماندا تۆماری بكه‌، چونكه‌ به‌ڕاستی تۆ په‌روه‌ردگاریگی زۆر بیسه‌رو زانایت، ته‌وبه‌و په‌شیمانیمان لێ وه‌ربگره‌و بێگومان تۆ په‌روه‌ردگاریگی زۆر ته‌وبه‌ وه‌رگرو میهره‌بان و دلۆڤانی، خودایه‌ بمانگێره‌ له‌ ئه‌صحابی قورئانی پیرۆزو نزیك له‌ خۆتت به‌ تایبه‌ت، خودایه‌ دڵێكی پاك و مه‌به‌ستێكی بی گه‌ردمان پێ ببه‌خشه‌ له‌ گوفتارو كرده‌وه‌دا، خودایه‌ كۆتایی ته‌مه‌نمان پر خێر بكه‌ی.

درودو ڕه‌حمه‌ت بۆ سه‌ر پێشه‌واو خۆشه‌ویست و پێغه‌مبه‌رمان (محمد)(ﷺ) وبۆ سه‌ر خانه‌واده‌و یارانی به‌ گشتی.

عبدالرحمن ی كوڕی یوسف الجمل[1]

---

(1) دكتۆر: عبدالرحمن یوسف احمد الجمل، پێشه‌وای قورئانخوێنانی فه‌له‌ستین، له‌ دایك بووی 1961ز، دانیشتووی نه‌سیرات له‌ ناوه‌ڕاستی كه‌رتی غه‌زه‌، مامۆستای به‌ژداربو له‌ ته‌فسیر و زانسته‌كانی قورئان و خوێندنه‌وه‌كانی قورئان له‌ كۆلێژی بنه‌ماكانی ئاین له‌ زانكۆی ئیسلامی له‌ غه‌زه‌، كاری كردووه‌ وه‌ك مامۆستای یاریده‌ده‌ر له‌ كۆلێژی بنه‌ماكانی ئاین، دواتر بۆته‌ عه‌میدی كۆلێژی ناوبراو، ئێستا كار ده‌كا وه‌ك سه‌رۆكی ده‌زگای قورئانی پیرۆز و سونه‌ له‌ كه‌رتی غه‌زه‌ و سه‌رۆكی فه‌رمانگه‌ی قیرائاتی سه‌نه‌ده‌كانی قورئانه‌، به‌ڕێز دكتۆر عبدالرحمن الجمل پێشینه‌ی چاكه‌و ماڤ به‌سه‌رمانه‌وه‌ هه‌یه‌ له‌ دوای په‌روه‌ردگاری مه‌زن له‌ بلاوكردنه‌وه‌ی زانسته‌كانی قورئانی پیرۆزو جوان خوێندنه‌وه‌ی له‌ غه‌زه‌، چه‌ند په‌رتوكێكی بلأو كراوه‌ی هه‌یه‌ له‌ قیرائاتی قورئان و سه‌نه‌ده‌كانی وه‌رگرتوه‌و ڕێگه‌ پێدراوه‌ له‌ لایه‌ن كۆمه‌ڵێك به‌ڕێزو مامۆستای گه‌وره‌وه‌، له‌وانه‌ی مامۆستاو شێخی گه‌وره‌ به‌ڕێز د. حلمی عبدالرؤوف محمد عبدالقوی.

بهناوی خودای بهخشندهی میهرهبان
پێشهكی به پێنووسی شێخ: سهعید زهعیمه

سوپاس بۆ پهروهردگاری جیهانیان، ڕهحمهت وسهلام برژێ بهسهر چاترینی پهیامبهران و پێشهوای بڕواداران، ئهو كهسهی كه كتێبێكی بهسهر دابهزیوه هیچ خواری و كهم و كورتی تێدا نیه، نه لهپێش و نه له دواوه.

سهیری ئهم زنجیره پیرۆزهم كرد كه ناونراوه به گهوههرهكانی قیرائاتی قورئان (الدرر الحسان) له ده خوێندنهوهكانی قورئان، كه دكتۆر ئهحمهد ضهیف الله باوكی سهمههدانه، بینیم پڕه له زانیاری ورد له ناوهڕۆكدا.

منیش داواكارم له یهزدان كه سودی ههبێ بۆ ئاینی ئیسلام و موسڵمانان بهوهی كه داڕێژراوهو نوسراوهتهوه لهم زنجیره پیرۆزهدا .

دووباره سوپاس بۆ پهروهردگاری جیهانیان

نوسینی شێخ:
سعيد صالح زعيمه[1]

[1] شێخی پزیشك: سهعید صالح مصطفى زعيمه، زانایهكی لێكۆلهرو كاربهجێیه، یهكێكه له زانایانی خوێندنهوهكانی قورئان له ئهسكهندهریه، پزیشكی جهڕاحه له ئهزههر، له دایك بوی1957ز، دهرچوی پهیمانگای سهموحهیه، بۆ قیراائاتی قورئانی بڕوانامهی بالای وهرگرتوه له ده خوێندنهوهكانی بچوك و گهوره، شیكردنهوهو ڕوونكردنهوهی ههیه لهسهر دهقهكانی شێخ و زاناكان وهك شاطبى و ئیبن جهزری و جهمزوری، قورئانی پیرۆزی بهتهواوی خوێندۆتهوه به ده خوێندنهوهكانی بچوك و گهوره بهسهر زانا شێخ موحهممهد عبدالحميد عبدالله خليل ، خاوهنی بهرزترین پالپشته له جیهاندا له خوێندنهوهی ده قیرائاته گهورهكه، وشێخ سهعید قورئانی خوێندۆتهوه بهسهر زۆر شێخ دا كه باس دهكرێن نزیكهی چل پیاو و ئافرهت دهبن، ههمووی رێپێدانیان وهرگرتوه، بۆ نمونه كهسێكه بهناوی عبدالفتاح مهدكور، وههروها شێخ سهمنودی،و شێخ عهلی نحاس،و شێخ عهلی رحال،و دایكی سهعد، ومۆلهتی له خوێندنهوهی دهی بچوكی پێداوم بهناوی مامۆستا تناظر النجولى، زۆر كتێبی ههیه له زانستی خوێندنهوهكانداو جگه له خوێندنهوهكانیش،

به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی میهره‌بان
پێشه‌كی شێخ: جه‌مال القرش

سوپاس بۆ خودای تاك و ته‌نیا، درودو ڕه‌حمه‌ت بۆ سه‌ر گیانی ئه‌و كه‌سه‌ی كه هیچ پێغه‌مبه‌رێك له دوای ئه‌و نایه‌ت.

ئه‌م په‌رتووكه‌م بینی كه ناونراوه به (الدرر الحسان) له ده خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆز، له نوسینی شێخی ڕێزدار دكتۆر/ ئه‌حمه‌د ضه‌یف الله باوكی سه‌مهه‌دانه ، بینیم كتێبێكی چاكه له داڕشتن، شتێكی جوانی پێش كه‌ش كردوه، سود به‌خشه له بابه‌ته‌كانیدا، ئاسانه له‌سه‌ر زانست خوازان، تكاكارم له په‌روه‌ردگار سودی بگێنێت له هه‌موو كات و ساتێكدا، چونكه ته‌نها ئه‌و پشتیوان و به‌هێزه له‌سه‌ر هه‌مووو شتێكدا.

(والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته)

ووته‌ی شێخ:

جه‌مال ی كوڕی ئیبراهیم القرش [1]

هه‌ول و كۆشش و ماندوبونێكی زۆری ئه‌نجام داوه له بڵاوكردنه‌وه‌ی زانستی قیرائات، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش زانستێكی به‌رفراوانی هه‌یه له زانستی نه‌حوو صه‌رف و ته‌فسیر و زانسته شه‌رعیه‌كاندا.

[1] شێخ: جه‌مال ی كوڕی ئیبراهیم ی كوڕی موحه‌ممه‌د القرش، له دایك بوی 1963ز، چه‌ن ڕێگه پێدراوێكی به‌ده‌ست هێناوه له خوێندن و خوێندنه‌وه‌دا، بڕوانامه‌ی زانكۆیی هه‌یه له كۆلێژی ئاداب و په‌روه‌رده به‌شی زمانی عه‌ره‌بی ساڵی1987ی زاینی، سه‌رپه‌رشتیار بووه له به‌شی قورئانی پیرۆزو زانسته‌كانی له بنكه‌ی یه‌كه‌م بۆ په‌ره‌پێدانی په‌روه‌رده‌یی له ڕیاز، به‌ژداری له زۆر خول كردووه وه‌ك لێهاتویی و سه‌رپه‌رشتیاری كارا، كاری ڕاوێژكاری كردوه‌و سه‌رۆكی به‌شی سه‌رپه‌رشتیاری په‌روه‌رده‌یی بووه له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی خانمانی پێشو له وڵاتی سعودیا، وهه‌روه‌ها كاری كردوه وه‌ك به‌ڕێوه‌به‌ر بۆ كاروباری فێركردن له قوتابخانه‌كانی ناوه‌ڕاست له ساڵی1427ی كۆچی تا وه‌كو ساڵی1433ی كۆچی، به‌ژداری كردوه له پێش بركێی نێو ده‌وڵه‌تی بۆ له‌به‌ر كردنی قورئانی پیرۆز له وڵاتی كویه‌ت له ساڵی 1432ك، و 1433ك، چه‌ن نوسراوێكی خۆی هه‌یه له (التدبر، التجويد، الوقف، العلوم التربوية، العقيدة)

ژ	عربی	كوردی
1	حركة	جوڵه
2	ابدال	گۆڕین
3	بدل	له‌بری
4	سكون	زه‌نه‌دار
5	شدة	شه‌ده‌دار
6	ضمة	ضه‌مه‌دار
7	فتحة	فه‌تحه‌دار
8	كسرة	كه‌سره‌دار
9	لفظي	گوتراو
10	اضافة	دانه‌پاڵ
11	وقف	وه‌ستان
12	وصل	نه‌وه‌ستان
13	قصر	كورت كردن
14	تحقيق	خوێندنه‌وه
15	مد	درێژكردنه‌وه
16	التكبير	گوتنی(الله اكبر)
17	التحميد	گوتنی(الحمدلله)
18	التهليل	گوتنی(لا اله الا الله)
19	قصر	درێژكردنی دوو جوڵه
20	توسط	درێژكردنی چوار جوڵه
21	اشباع	درێژكردنی شه‌ش جوڵه
22	تسهيل	لابردن یان ئاسان خوێندنه‌وه

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

پێشەكی:-

سوپاس بۆ ئەو خودایەی قورئانی پیرۆزی كردۆتە ڕۆناكی بۆ خەڵك تا ڕێ نیشاندەری گومڕاو سەرلێشێواوان بێت، وخەڵكی لە تاریكی نەزانی ڕزگار كردووە بەرەو ڕوناكی قورئانی پیرۆز، ودەروونی پاك كردۆتەوەو دەری هێناون لە سەر گەردانی و بەرەو جوانترین و بەرزترین پلەوپایەی بردوون.

ڕەحمەت و میهرەبانی برژێ بەسەر پێشەومان، موحەممەدی كوڕی عبدالله(ﷺ)، ئەو كەسەی كە ﴿أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا﴾ی بەسەردابەزیوە.

بەهۆی ئەم قورئانە پیرۆزە چلكی ئارەزوەكانی لابردوە لەگەڵ پیسیەكان، هەر بەهۆی ئەم قورئانە پێشەوایەتی بۆ مرۆڤەكان دروست كردووە، بوون بە نمونە لە پۆشاكی هێزی باوەڕدا، درورد لەسەر خانەوادەی ئەم پەیامبەرەو ئەم هاوڕێیانەی كە چاكترین كەس بوون، ودروود لەسەر ئەوكەسانەش كە شوێن كەوتەی ڕێبازی ئەوانن لە پیاو چاكان و پاكان، ئەوانەی قورئانی پیرۆزیان ئەزبەر كردو پارێزگاریان لێ كرد، پەروەردگار پاداشتی چاكەكانیانی داوە لە دونیاو دوارۆژدا، پەروەردگار چاكەكارانی خۆش دەوێت:

بە دڵنیایەوە زانستی تەجویدو خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز لەپێشینەی زانستەكانی ترە لەباس كردن و یادگەدا، وپیرۆزترین شوێن و پێگەیان هەیە ، چونكە پەیوەستن بە فەرمودەی پەروەردگاری جیهانیان بە شێوەیەك ئەو زانستەو ئەو زنجیرە قورئانیانە پاداشتێكی زۆری لەسەرە، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (مَا اجْتَمَعَ قوم في بيت

من بيوتِ اللهِ يَتْلُونَ كتابَ اللهِ تعالى ، ويتَدَارَسُونَهُ بينهم إلا نَزَلَتْ عليهم السكينةُ ، وَغَشيَتهم الرحمةُ ، وحَفَّتهمُ الملائكةُ ، وذَكَرهُمُ اللهُ فيمن عِندَهُ)[1]

دوای ئەوەی فێرکردنی قورئانی پیرۆزو شارەزابوون لێی، وبڵاوکردنەوەی شێوەی خوێندنەوەكەی و گێڕانەواكانی، نزیكت دەكاتەوە لە پەروەردگاری جیهانیان، بە پاڵ پشتی فەرمودەی پێغەمبەرمان (ﷺ) كە ئەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)[2]. **واتا: چاكترینتان ئەو كەسانەن كە خۆی فێری قورئان دەكات و كەسانی تریش فێر دەكات.**

لەسەر وەڵام دانەوەی پێشنازی هەندێ لە هاوڕێیان، ئیستخارەی پەروەردگارم كرد، داوای كۆمەك و هاوكاری و ڕێنیشاندانی پشت ئەستوریم لێ كرد، ئەویش دڵ و دەروونمی ئارام كرد لەسەر نوسینی ئەم بابەتەی ئەم بەشەدا، بە هیوای ئەوەی بتوانم ببم بە شوێن كەوتەی پێغەمبەرەكەم (ﷺ) دەستم پێ كرد بە داوای پاڵ پشت و هاوكاری خودای گەورە لەسەر بلاوكردنەوەی ئەم زنجیرە قورئانیەی پاش ئەوەی كە سەربەرزو سەر فراز بووم بە وەرگرتنی فێربونی زانستی دە خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز خوێندنەوەی بچووك و گەورەو چوار جۆر خوێندنەوە شازەكان (القراءات الشاذة) **بە پاڵ پشتی مامۆستا بەرێزەكان و لەسەر دەستی شێخە بەڕێزەكانم، دەست پێ دەكەم لەم ڕووەی كە هەست بە بەرپرسیارەتی دەكەم، نەك لەڕووی ئەوەی كە بلێم من شایەنی ئەم كارەم.**

ئەو ڕێگایەی گرتومەبەر لەم زنجیرەدا، بریتیە لە زنجیرەیەك لە خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆزو زانستەكانی كە ناوم ناوە (الدرر الحسان) **لە دە خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز، من ئەم بابەتەم كۆكردۆتەوە لە كتێبەكانی پێشو، وئەوەشی كە وەرم گرتوە لە مامۆستاكانم، باسی ئەو جیاوازیانەم كردووە كە ڕاویەكان یان قاریئەكە پێچەوانەی**

[1] ئەبو داوود، پەرتووكی نوێژ، باسی تفريع أبواب الوتر، باب في ثواب قراءة القرآن، ژ1455، لاپەڕە189.

[1] بوخاری، له باسی خيركم من تعلم القران و علمه، ژمارەی فەرمووده5027، لاپەڕە436.

پێشەوا حەفصی كردووە، باسی یەك دەنگیم لە نێوانیاندا نەكردووە، مەگەر كەمێك جار نەبێ كە باسی یەك هەڵ وێستیان ئەكەم زیاتر بۆ ڕوون كردنەوەو تەواوكەری سودەكانە، ئەم پەرتوكەی لە ژێر دەستی خوێنەری بەرێزدایە كردومە بە سێ بەش، لە بەشی یەكەم : باسی بنچینەكانی خوێندنەوەی پێشەوا ئبی عەمری بسڕی بە ریزبەندی بابەتەكانیشیم ڕێك خستووە بە پێی ئەوەی كامەیان گرنگترە لەوی تر، بەپێی ئەو ئەزمونەی كە هەم بووە لە وانە وتنەوەی قورئانی پیرۆزدا.

لە بەشی دووم : بە شێوەیەكی گشتی زیاتر باسی بنچینەكان و (فەرش)م كردووە، بە شێوەیەكی ڕێك و پێك باسم لە وردودرشتی ووشەكان كردووە، وهیچ جیاوازی نیە لە نێوان ئەم وشە ناكۆكە لە وشەكانی بنچینەیی بێ یاخود (فەرش) بێ، تاوەكو پێداویستیەكانی كەسی سەرەتایی جێ بەجێ بكات، ئەمەش لە ڕێگەی دروست كردنی خشتەیەكی سێ ستونی بەم شێوەیە:

ستونێكیان تایبەتە بە پێشەوا (حفص) ستون تایبەتە بە پێشەوا وەرشو ستونێكیان تایبەتە بە ڕوونكردنەوەی چۆنیەتی خوێندنەكان، سەبارەت بە بەشی سێیەمی ئەم پەرتووكە لێكچونێك هەیە لەگەڵ بەشی پێشە خۆی تەنها ئەوە نەبێ من كورتم كردۆتەوە تەنها بە بەكارهێنانی وشەی (فەرش) لەگەڵ كەمێك زیادە، تا ئامانجەكان بەدەست بێنێت و ئاسان بێ بۆ ئەو كەسانەی كە شارەزاییان هەیە لە خوێندنەوەكاندا لە كاتی گەڕانەوەدا بۆ ئەم بەشە، وبتوانێ ووشەكانی (فەرش) دەربهێنێ بە شێوەیەكی خێرا بێ كات كوشتن.

من لێرەدا باسی پێشەكیەكەی(ئیبن مەهران)ی ئەصفەهانیم كردووە خاوەنی كتێبی (المبسوط) لە دە خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز، تیایدا باس لە كتێبەكەی خۆی دەكان دە فەرموێت: (دەمەوێت پێتانی ڕابگەێنم كە من پۆلێنم كردووە تەنها بۆ تێگەیشتن و بەرچاو ڕوونیە، بۆ ئەو كەسانەی كە شارەزایی تەواویان هەیە لەم بوارەدا، و هونەری تەواوی هەیە لە زانستەكان و ئاكارەكاندا)

به‌ مێشكم داهات كه‌ هه‌ندێ بابه‌تی په‌روه‌رده‌یی تێكه‌ڵاو بكه‌م له‌م زنجیره‌ پیرۆزه‌دا، وه‌ك مه‌به‌ستێك له‌وانه‌وتنه‌وه‌كانی خوێندنه‌وه‌ی قورئانی پیرۆز له‌ زنجیره‌و دانیشتنه‌كانی قورئان و ڕێگه‌ی زنجیره‌كانی قورئانی تایبه‌ت به‌ خولی پێشه‌وا وه‌ڕش، وتوندو تۆڵكردنی زنجیره‌كانی قورئانی پیرۆز تایبه‌ت به‌ خولی ناوبراو، كاتێ تاقیكردنه‌وه‌كان و گشت بابه‌ته‌كان ته‌واو ئه‌بن به‌یه‌كتر په‌یوه‌ست ئه‌كرێن، وجگه‌ له‌ كاری تری په‌روه‌رده‌یی كه‌ شاراوه‌ نیه‌ لای هه‌مووو كه‌سێكی تێگه‌یشتوو، ئه‌وانه‌ی باس كران هه‌مووویان له‌ چوارچێوه‌ی ته‌واوبوندا له‌ نێوان چوار چێوه‌ی تیۆری و لایه‌نی كرداری ده‌بێته‌ یارمه‌تیده‌ر بۆ مامۆستا یان خوێنه‌ر تا پشتی پێ ببه‌ستێ له‌ كاتی فێركردن و فێربوونی ئه‌م قیرائه‌یه‌.

داواكارم له‌ خودای مه‌زن ئه‌م زنجیره‌ قورئانیه‌م بۆ وا لێبكات كه‌ مه‌به‌ستم ته‌نها ڕازی بوونی ئه‌و بێت و ته‌نها له‌ پێناو ئه‌ودا بێت، تكام وایه‌ لێم وه‌ربگرێت به‌ باشترین شێوه‌، وڕێزێكی گه‌وره‌و بێ پایه‌نی بۆ دانێ، سودی بۆ نوسه‌ره‌كه‌ی و ئه‌وكه‌سانه‌شی كه‌ له‌ ده‌ورو به‌ریدان هه‌بێت، وهه‌روها سوده‌كه‌ی بگێنێ به‌ نه‌وه‌ی داهاتوو پشت به‌ پشت، منیش بپارێزێت له‌ بیرۆكه‌ی نابه‌جێ، وپێنوسیشم ڕزگار بكات له‌ هه‌ڵه‌، هه‌ركه‌سێ كه‌مته‌رخه‌میه‌كی بینی تیایدا یان هه‌ڵه‌و كه‌مو كورتیه‌كی تیایدا دۆزیه‌وه‌ تكای لێ ده‌كه‌م پۆزشم بۆ بێنێته‌وه‌و ئامۆژگاریم بكات و چاكی بكاته‌وه‌.

پێویسته‌ ئه‌وه‌ش بلێم كه‌ ئه‌م ماندوبونه‌ی من بۆ خزمه‌ت كردنی په‌رتووكی خودای گه‌وره‌ هه‌ر چه‌نده‌ زه‌حمه‌تی تێدایه‌ به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا تام و چێژێكی تایبه‌تی خۆی هه‌یه‌، هه‌رچه‌نده‌ ئه‌زیه‌ت و ناخۆشی تێدا دروست بێت ئاسان ده‌بێت.

به‌رله‌وه‌ی پێنوسی ڕوون كردنه‌وه‌ هه‌ڵگرم، به‌پێی فه‌رمووده‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) كه‌ ده‌فه‌رموێت: (من لاَ يَشْكُرُ اللَّهَ لاَ يَشْكُرُ النَّاسَ)[1]

سوپاس و پێزانینم ئاراسته‌ی هه‌موو ئه‌و كه‌سانه‌ ده‌كه‌م كه‌ هاوكارو یارمه‌تیده‌رم بوون، پاداشتی چاكه‌ كارانیش ته‌نها چاكه‌یه‌.

---

[1] ترمزی، باسی(ما جاء في الشكر لمن أحسن اليك)، ژ6601، لاپه‌ڕه‌383.

سوپاسێكی بیٰ پایان و تایبەت بۆ شەیخەكەم بەڕێز (سولەیمان ی باوكی عاذره) چاكەو ماڤ بەسەرمدا هەیە ، ئەو لە تەرازوی ژێریدا پێش دەخرێت، لەسەر پێداچونەوەی ئەم زنجیرە باسە و ڕاست كردنەوەی لە ڕووی زمانەوانیدا.

وهەروها سوپاسی برای بەڕێزم (عبدالسلام طباسی) دەكەم لەسەر پێداچونەوەو زیادە خستنە سەر شێوە هونەریەكەی لە دەرچوون و ڕاخستنی ئەم پەرتووكە، وسوپاس بۆ شێخی بەڕێز (عبدالله جمال العرقان) لەسەر ئەم ماندوبونەو بوونی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ مامۆستایان بۆ پێش كەش كردنی ئەم زنجیرە پیرۆزە.

لە كۆتاییدا سوپاسی هەمووو ئەو كەسانە دەكەم كە سودیان پێم گەیاندوە بە ڕستەیەك، یان سودیان پێم گەیاندوە بە ئاماژەیەك، یان منیان ڕاست كردۆتەوە لە هەڵە، یارمەتیان داوم بە نوسین، گەر بمەویٰ سوپاس و پێزانینیان كورت بكەمەوە تەنها دەڵێم ئەوەیان لامە كە بە نیاز پاكی بۆیان بپاڕێمەوە.

خزمە تكاری قورئانی پیرۆز

د. ئەحمەد ضيف الله عومر ئەبو سەمهەدانە

ڕێگە پێدراوی دە قیرائاتی (خوێندنەوەكانی) قورئانی پیرۆز

بچوك و گەورە

و چوار جۆرە دەرچوەكە لە قیرائاتی قورئانی پیرۆز

دهروازهیهك:-

سوپاست دهكهم لهسهر وهرگرتنی ئهم پهرتووكه، ئومێدهوارم پالپشتت بێ له بیرۆكهو زانیاری به سود، هاوكاریت بكات لهسهر خوێندنهوهی پهرتووكی پهروهردگار به شێوهیهكی ڕاست و دروست.

ههروها ئومێدهوارم – له ڕێگهی ئهو پۆسته ئهلیكترۆنیهی داندراوه له سهرهتای ئهم پهرتووكه – دهولهمهندم بكهیت به تێبینیهكانت، وئهم پهڕاوه گرنگانهی كه من ههڵوهستهیان لهسهر دهكهم، ئهو دێرانهی كه من هێلم له ژێر داوه، هیچ شتێك لهوه چاكتر نیه كه نوسهر ببینێ نوسراوهكهی به جوانترین شێوه نوسراوه، به تایبهت ئهگهر نوسین و پهرتوكهكهی پهیوهست دار بێت به قورئانی پیرۆز، ئهوه زیاتر بایهخی پێ دهدات و دڵنیایی لهسهر دهبێت.

پێم باشه لێرهدا ئهوه بگوازمهوه كه (عیماد الاصفهانی)[1] باسی كردووه سهبارهت به كهمتهر خهمی و ماندوبونی مرۆڤ، سهرهڕای گشت ههوڵهكانی، بۆ پوخت كردنی شتهكان و ڕاستكردنهوهیان و بهدواداچونیان، دهفهرموێت: "من ئهبینم ههركهسێك پهرتوكێك بنوسێت له ڕۆژی دواتر ده لی: ئهگهر لهبری ئهمه ئهمهم بهكار بهێنابوایه باشتر بو، ئهگهر ئهوهی بۆ زیاد كرابوایه چاكتر بو، ئهگهر ئهوه پێش بخرابوایه گرنگتر بو، ئهگهر ئهوه لا بردرابوایه جوانتر بو، ئهمهش گهورهترین پهنده، بهڵگهی سهلماندنی ئهوهیه كه نوسینی ڕستهكانی مرۆڤ كهم و كورت و ناتهواون" ئیبن قهییمی جوزی، د.ت، بهرگی1، لاپهڕه2).

داواكارم له بهڕیزت كاتێكت ههبێت بگهڕێیتهوه بۆ ماڵپهڕی فهیس بوك: بهناوی (الدرر الحسان في القراءات العشر للقرآن، یان ماڵپهڕی كهسی من)، چونكه من

[1] ارهتی نوسینی ئهدبیات ی بهناوبانگ عیماد ئهصفههانی، پاشان بهناوی عیماد بلأوبۆتهوه، لهم بارهیهوه سهیری: عبدالله ی كوڕی عبدالرحمن ی بهسام بكه: كتێبهكهی بهناوی (توضیح الاحكام من البلوغ المرام) مهككهی پیرۆز، نوسینگهی الاسدی، چ5، بهرگی1، 2003ز، لاپهڕه3.

دەمەوێت هەندێ شتی باش و دەستكاری و نمونە و سەرچاوەی تر دابنێم كە بە ڕاستی سودیان بۆ تۆ دەبێت لە دواییدا.

لە نوسینی ئەم پەرتوكەدا شێوازێكی تایبەتم بە كار هێناوە – پاش داوای یارمەتی و پاڵ پشتی لە پەروەردگار – لێرەدا بە كورتی باسی دەكەم بەم شێوەی خوارەوە:

1. نوسینی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز بە وێنەی عوسمانی.

2. نوسینی فەرمودەكانی پێغەمبەر(ﷺ) بە سەرو ژێرەوەو بە نوسینێكی جیا لە نوسینەكانی تر، مەبەست لەم كارەش بۆ گەورەیی و پیرۆزی فەرمودەی پێغەمبەرە(ﷺ).

3. لە كاتی نوسینی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز باسی ناوی سورەتەكەو ژمارەی ئایەتەكەم كردووە، ڕاستەو خۆ لەدوای ئایەتەكەم داناوە تا نوسینەكان زۆرو تێكەلاو نەبێت.

4. پێناسەی زاراوەكانم كردووە بەپێی توانا.

5. ڕونكردنەوەی واتای هەندێ وشەی نادیار لە پەراوێزدا .

6. پێناسەی هەندێك كەسایەتی كە ناویان هاتووە لەم پەرتوكەدا.

7. من پێداگربوم – بە پێی توانا – لە بیركردنەوەو هەڵوەستە لە وەرگرتنی هەر بابەتێك یان بڕیارێك لەسەر دیاردەیەك، لەبەر ئەوە ڕۆچوون لە فەرمانێك كە پەیوەندی بە قورئانی پیرۆزەوە هەیە ئەوە دەخوازێت كە بەدواداچونی بۆ بكەیت و لێی وردبیتەوە جوان تێڕابمینێیت، ئەوەش بە یارمەتی پەروەردگار و چاكەی ئەوە بەسەرمەوە، لەگەڵ كورتی كات و دووری ڕێگادا.

8. له كاتی وه‌رگرتنی ده‌قێك وه‌كو خۆی، ده‌قه‌كه‌م خستۆته نێوان دوو كه‌وانه‌ی ده‌قی" " له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش ئاماژه‌م به سه‌رچاوه‌كه‌ی كردووه له ناوه‌ڕۆكه‌كه‌یدا.

9. ئه‌گه‌ر وه‌رگرتنی ده‌قه‌كان به واتاكه‌ی بو، واتا كاتێ گه‌ڕایه‌وه بۆ خودی ده‌قه‌كه بینیت به ده‌ست كاریه‌وه باس كرابو ئه‌وه وشه‌ی {سه‌یركه}م بۆ به‌كارهێناوه ئاماژه‌شم پێ كردووه كه سه‌رچاوه‌كه‌ی به‌م شێوه‌یه، ئه‌م شێوازه به‌كاردێنم له‌كاتی به‌ناوبانگ بوونی ده‌قه‌كه یان دیار نه‌بوونی خاوه‌ن وته‌كه، ئه‌گه‌ر له نێوان وشه‌كاندا ئه‌م خالانه‌م دانا (....)، ئه‌مه واتا به‌شێك له وته‌كان نادیاره‌و پێویست به باس كردنی نیه به‌ڵكو ده‌بێت پوخت بكرێت، یان سود له باس كردنی نیه.

10. له‌كاتی وه‌رگرتنی ده‌قێك و خستنه ڕسته‌یه‌ك بۆ ناو دوو كه‌وانه له كاتی نوسیندا، ئه‌مه مانای ئه‌وه ده‌گه‌یێنێت كه ئاگاداربه ئه‌وه‌ی نێوان كه‌وانه‌كانه وته‌ی خۆمه، نه‌ك وته‌ی وه‌رگیراو.

11. هه‌ر وشه‌یه‌ك پێویستی به سه‌رو ژێر هه‌بێت سه‌روژێردارم كردووه تا تێكه‌ڵاو نه‌بێت له‌كاتی ده‌ربڕینا.

12. ناوه‌ڕۆكم بۆ سه‌رچاوه‌كان داناوه – كه ئه‌وه‌ش زۆر یارمه‌تی ده‌رم بو بۆ ئه‌م په‌رتوكه – كۆكراوه‌یه‌و یه‌ك له‌دوای یه‌ك دامناوه به‌پێی ریزبه‌ندی پیته‌كانی زمانی عه‌ڕه‌بی، وناوه‌ڕۆكم داناوه بۆ بابه‌ته‌كانی ناو په‌رتوكه‌كه له كۆتایی كتێبه‌كه‌دا.

13. دانانی ژماره‌و نیشانه‌كانی خاڵبه‌ندی وه‌كو: نیشانه‌كانی پرسیار هتد....) بۆ ڕوونكردنه‌وه‌ی ده‌قه‌كان ئه‌مه‌ش به مه‌به‌ستی جیاكردنه‌وه‌یه‌تی.

14. گەڕاومەتەوە سەر بەشێکی زۆر لە سەرچاوەو ماستەر نامەی زانکۆیی و بابەتی ترو مالپەڕە ئینتەرنێتیەکان، وگەڕاومەتەوە بۆ دەیەها سەرچاوەی تر بەڵام بەکارم نەهێناوە چونکە لەگەڵ بابەتی من زۆر تێکی نەکردۆتەوە.

15. زۆربەی جار ئەو دەقەی کە وەرمگرتووە ئاماژەم بەسەرچاوەکەی نەکردووە. تا ژێرنوسەکان زۆر نەبێت، ومن ئارەزوی کورت کراوە دەکەم و زیاتر ماندوبوونەکەم بۆ شتی گرنگتر بە کاردێنم، لە کۆتایی کتێبەکەدا باسم کردووە، لە ناوەڕۆکی سارچاوەکان ئەوەی کە زۆر سودم لیٚ بینیوە لە بڕگە زانستیەکەدا.

16. لە کۆتایی: کاتێك بینیم بەرفراوانیەك هەیە لە بنچینەو بڕگەکانی ئەم کتێبەدا و گشتگیریەکەیدا، دلنیابووم بڕگەکانی درێژە دەکێشێت، بینیم پێویستە ئەو بابەتانەی ڕوون وئاشکران کورت کەمەوە لەسەر ئەوانی تر، مەبەست لەم کۆششە ئاسایی کردنی بابەتە درێژەکان بوو.



ئەم ڕێگایەی بەکارم هێناوە بۆ وشەی فەرش

بە پێی توانا هەوڵمداوە پابەندبم بە بەکارهێنانی نوسینی ڕەسمی عوسمانی لە نوسینی وشەکانی فەرشدا.

✓ ئەگەر وشەیەکەم بەڕەهایی بەکارهێنا، واتە مەبەستم پێی لەکاتی وەستان و نەوەستانە (وقفاً – ووصلاً)

✓ (أ) ئاماژەیە بە ئاسانکردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی پیتە هەمزەکە لەسەر شێوەی ئەلیف بوو، وەك: [ءَأۡعۡجَمِيٌّ].

✓ (ؤ) ئاماژەیە بە ئاسانکردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەکە لەسەر شێوەی (و) بوو، وەك: [أَؤُنَبِّئُكُم].

✓ (ـئـ) ئاماژەیە بە ئاسانکردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەکە لەسەر شێوەی بەرزکردنەوەی دەنگ بێت(نەبرە)، وەك: [أَئِمَّةَ].

✓ (•) ئاماژەیە بە ئاسانکردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەکە لە ڕیزی پیتەکانی تر نوسرابێت، وەك: [أَءِنَّكَ].

✓ (ـسـ) ئەم نیشانەیە لەسەر بێت، واتا خوێندنەوەی ئەم پیتە بە پیتی(س) دەبێت، وەك: [ٱلصِّرَٰطَ].

✓ (ـهـ) ئەم نیشانەیە لەسەر بێت، واتا وەستان بە پیتی(ه)ی زەنەدار، وەك: [فِيمَ][فِيمَه].

✓ (ـهـ) ئەم نیشانەیە لەسەر پێت، واتا گۆڕینی پیتی(ت)ی لەسەر وەستاو، بە پیتی(ه) وەك:

[رَحۡمَتَ][رَحۡمَه].

✓ (ـنُ) ئەم نیشانەیە ئەگەر لە پاڵ جوڵەی تەنوین بوو، بەڵگەیە لەسەر ضـەمەدارکردنی پیتی نونی تەنوین، بەمەبەستی ڕزگاربوون لە گەیشتنە دوو پیتی زەنەداری ضـەمە، وەك: [بِرَحۡمَةٍ ۚ ٱدۡخُلُواْ] [بِرَحۡمَتِنُ ٱدۡخُلُواْ].

✓ (ـٍ) ئەم نیشانەیە ئەگەر لە پاڵ جوڵەی تەنوین بوو، بەڵگەیە لەسەر کەسرەدارکردنی پیتی نونی تەنوین بەمەبەستی ڕزگاربوون لە گەیشتنە دوو پیتی زەنەداری کەسرە، وەك: [أَحَدُۨ ۝ ٱللَّهُ أَكۡبَرُ].

✓ (ـ) ئەم نیشانەیە ئەگەر کەوتە ژێر پیت، بەڵگەیە لەسەر بوونی ئیمالە[1]، وەك: [مَجۡرٜىٰهَا].

✓ ئەگەر ناوی ڕاوی (گێڕەوەرەکە)م نەبردبوو، واتا هەردوو ڕاویەکە یەك خوێندنەوەیان هەیە، واتە جیاوازیەکە تەنها لەسەر وەڕشە بە ڕاویەکانیەوە.

✓ لە بەشی یەکەم لە وشەکانی فەرش کورت کردنەوەم کردووە لەسەر ناو هێنانی پیتی(م)ی کۆ، زۆربەی جار دووبارەم نەکردۆتەوە لە بەشەکانی تر، ئەوەش بەهۆی زۆر بەکارهاتنی لە قورئانی پیرۆزدا، ناوهێنانیم لە هەندێك جار لەگەڵ یاسای تر باس کردووە لە هەمان وشە.

✓ بەشی سێیەمم تایبەت کردووە تەنها بە وشەکانی فەرش، لەگەڵ ئاشکراکردنێکی کورت، دەربارەی پیتی(ه)ی کینایە[2]، وپیتی(م)ی کۆ، لەگەڵ وەستان بە پیتی(ه) لەبری پیتی(ت)ی مێ، وگەیشتنە دوو پیتی زەنە بەیەکترو ئەوانەی هاووێنەی ئەوەن کە باسمان کرد، لەم بەشەدا باسم نەکردووە، تا درێژنەبێتەوە، ئەوەشی زانیاری زیاتری دەوێت بگەڕێتەوە بۆ بەشی دووەم، زۆر بە درێژی باس کراوە.

---

[1] ئیمالە(الامالە) واتە خوێندنەوەی ئەلیف و یائدا هاوشێوەی (ێ)ی کوردی لێدێت، وەکو:(مَجۡرٜىٰهَا) (مەجراها) (مەجرێها)

[2] کنایة: درکە – دوو نیازی – بەڵام لێرەدا مەبەستی پێی ڕاناوی لکاوە(ضمیر متصل).

گرنگترین تایبەتمەندییەكانی ئەم پەرتووكە

1. پەرتوكەكە لە ژێردەستتدا دەبێت تا چێژ وەرگری لە خوێندنەوەی پەرتووكی پەروەردگار، بەخێرایی دەتگەیێنێت بە زانستی خوێندنەوەكانی قورئانی پیرۆز، نەخوشیت بۆ دیاری دەكات، چارەسەریشت بۆ دەدۆزێتەوە، وبۆچوونە پەسندەكەشت پێ دەبەخشێت.

2. نمونەی كرداریت بۆ ڕێك دەخات لەگەڵ نمونەی ژیری و گریمانەیی، تا خوێنەرێكی كاراو بە توانات لێ دروست بكات بتوانی گەڕان و تێڕامان بكەیت.

3. بە وردی شیكردنەوەو كردنەوەی گرێ كوێرەكانی زۆرێك لە بابەتە ئالۆزو تێكەڵاوەكانت بۆ دەكات، دواتر چارەسەرێكی زانستی گونجاو بۆ هەر یەك لە كێشەكان دەكات.

4. ئەم پەرتووكە كێشەو چارەسەری زۆرێك لە بابەتە تایبەتە بچوكەكانت دەخاتە ژێر دەست، درێژە پێدەرە تا بابەتە گەورە ئالۆزیەكانت پیشان دەدات.

5. نمونەو بەڵگەی زۆر ورد هەلبژێردراون تا بیرۆكەی بابەتەكان بە تەواوی پێت بگات.

6. لە ناوەڕۆكدا كۆكەرەوەی گرنگترین بۆچون و ئەو بابەتانەیە كە لە پەرتووكەكانی تری پەیوەست بەم بوارە.

7. سادەو ئاسان كردنی زانیاریەكان بەپێی توانا.

8. بەکارهێنانی نیشانەو ئاماژەی دیاری کراو لە جیاوازییە فەرشییەکان (الخلافات)، بۆ خوێنەرو دیاری کردنی وێناکردنی ئەم جیاوازییانە ، باسی ئەم نیشانەو ئاماژەم کردووە لە بەشی نوسینی وشەکانی فەرش.

9. ئەم پەرتووکە جیاکراوتەوە بە بەشێك لە پرس و گرفتە گرنگەکانی، وەك – پەیوەندی نێوان پیتەکان – بۆ ئەو کەسانەی کە سەیری زانستی تەجوید و خوێندنەوەکان دەکەن تا دەرکی پێ بکەن، وپێیئاشنابن.

10. پەرتووکەکە دابەش کراوە بەسەر سێ بەشدا، تا ئاسان بێت بۆ خوێنەری بەڕێز و خێرا بگات بە زانیاریەکان، لە پێشەکیەکەش ئاماژە بەم بەشە دراوە.



مەبەست لە خوێندنی قیرائاتی قورئانی پیرۆز لە حەلەقاتی قورئانی

مەبەستە گشتیەکان کە پێویستە لەسەر مامۆستای فێرخواز بیخاتە ژێر دەستی قوتابی بۆ کار پێکردن:

زۆر بە جوانی و بە وردی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز ئەنجام بدات هەر وەك چۆن دابەزیوە بۆ سەر پێغەمبەر(ﷺ).

1. هەڵوێستی خۆی دەربڕێ کە ئامادەیە کەسێکی خێر خواز بێت لەسەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

2. هەوڵ و کۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی پاداشت و چاکە، بە دانیشتن لەبازنەی زانست خوازاندا.

3. پێداگری بکات لەسەر بەدست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار بەجێ بەجێ کردنی فەرمانی خودا کە دەفەرموێت:﴿ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا ﴾.

4. پەیوەندی دروست بکات لە نێوان ملکەچی و بیرکردنەوە لە کاتی نوێژدا.

5. پەروبومی زمانەوانی دەنگی و زیرەکی و لێهاتویی پەرەپێ بدات، ئەوانەی کە پەیوەندیان بە دەربڕینەوە هەیە.

6. بە قوڵی ڕۆچوونی هەبێت بۆ خۆشەویستی قورئان و قیرائاتی قورئانی موتەواتیر و دڵی لای خەڵکی قورئان بێت و شانازی بەم نازناوە بکات.

7. خۆشەویستی لە پێناو خودادا بچێنێت و گیانی برایەتی هەبێت لەبەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) كە دەفەرموێت: (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ...) .

8. هەول و كۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی باوەڕ بەخۆ بوون چونكە فێری یاسای ژیانی دەكات.

9. ئەو پەڕی توانای خۆی بەگەڕ بخات تا ببێت بە مامۆستایەكی قورئانی بۆ منالّی موسلّمانان، (زەكاتی زانستی).

10. گرنگی خوێندنەوەكانی قیراٸاتی قورئانی دەربخات، وپێگەیان بەهێز بكات لە ئایندا.

11. چاندنی بەهێز كردنی تواناكانی لەسەر ئەزبەركردن و جێبەجێ كردنێكی دروست.

12. خۆی ڕابێنێت لەسەر ڕێك خوێندنەوەی ڕوەكانی خوێندنەوەی قورئان، وەك ڕێك خستن و سەروژێركردن و دوركەوتنەوە لە تێكەلأوكردن.

پەیڕەوی خولی قورئانی تایبەت بە خولی پێشەوا وەڕش

- ئەم پەرتوکە بۆ سودبەخشین بە تۆ داڕێژراوە، بیربکەرەوە بەردەوام لەگەڵت دابێت لەماوەی ئەم خولەدا.
- سەرچاوەی سەرەکی ئەم خولە ئەم پەرتووکەیە کە ئەوەش تایبەتە بە خوێندنەوەی پێشەوا وەڕش.
- ئامادەکردنی فەرش و وشەکانی وەڕش لەسەر موصحەڤ تایبەت بە هەموو قوتابییەك.
- تاقیکردنەوەی چالاکی بەشێوەیەکی بەردەوام لە کۆتایی هەمووو بابەتێك.
- ئەم خولە لە تۆیەو بۆ تۆشە، ئێمەش بە بەشداری چالاکانەی ئێوە خۆشحاڵین.
- بۆچونت بەلأمانەوە گرنگە، ڕەزیلی نەکەیت بۆ دەربڕینی پێشنیازەکانت بۆ پەرەپێدانی ئەم پەرتووکە، یان بۆ پێش خستنی پەیڕەوی ئەم خولە.

ڕێکارەکانی بازنەی قورئانی تایبەت بە پێشەوا وەڕش

- نەهاتن بۆ ماوەی سێ جار بەبێ هۆ سزاکەی دەرکردنە.
- وتەی لاوەکی کە پەیوەندی نەبێت بە بابەتەکانەوە قەدەغەیە.
- قسەکردن بە مۆبایل لە کاتی وانەدا قەدەغەیە.

بنچینەی ڕوایەتی وەڕش لە نافع

باوکی سەعید عوسمانی کوڕی سەعید کوڕی سولەیمانی کوڕی ئیبڕاهیمی میسری، ناسراوە بە(وەڕش).

لە ساڵی110ی کۆچی لە دایك بووە لە شاری(قفط) لە وڵاتی میسر، بە ڕەچەڵەك خەڵکی(قەیڕاوانە) کەسێکی باوەڕ پێکراوەو پشت پێ بەستراوبووە لە زانستی قیڕائاتدا، دەنگێکی خۆشی هەبو، کۆچی کردووە بۆ لای(نافع) لە شاری مەدینەی مونەوەڕە، چەند جارێك خەتمی قورئانی پیرۆزی لای نافع کردووە لەساڵی155ی کۆچی.

نافع نازناوی بۆ داناوە بە(وەڕشان) -ناوی باڵندەیەکە وەك کۆترە لە هەڵفڕیندا- وگوتراوە(وەڕش) شتێکە لە ماست دروست دەکرێت، شێخەکەی ناوی ناوە وەڕش بەهۆی سپیاتیەکەی.

وەڕش لە تەمەنی لاویەتیدا رواس بوو(واتە کرین و فرۆشتنی بە مەڕومالآت دەکرد) وەکەسێکی ڕەنگ سوری تێکەڵ بە سپی، چاو شین، چوار شانەی بالا کورت بوو، لەسەر کورتی بالآی جلی کورتیشی لەبەر دەکرد، لە کاتی ڕۆیشتندا قاچەکانی بەدەردەکەوتن لەگەڵ جیاوازی ڕەنگەکانی، زیاتر بە کەسێکی قەڵەو دەچوو نەوەك کەسێکی لاواز، کەسێکی شارەزا بوو لە زمانی عەڕەبیدا، پێشەوا نافع پێی دەیفەرمو: بیخوێنە ئەی وەڕشان، بیگرە ئەی وەڕشان کوا وەڕشان لە کوێیە؟ دواتر ناوەکەی بە ئاسن دەخوێندەوە دەیگوت: وەڕش، پاشان نەدەناسراوە تەنها بەو نازناوە نەبێت، دواتر ئەم نازناوە بووە خۆشەویسترین شت لە لای وەڕش، کە لێیان دەپرسی بۆچی ئەم نازناوەت خۆش دەوێت لە وەڵامدا دەیفەرمو چونکە مامۆستاکەم بۆمی داناوە.

ئهحمهدی كوڕی صالح ی حافیزو داودی كوڕی ئهبی تهییبهو یوسف ی ئهزرهق و عهبدوالصهمهدی كوڕی عهبدوالرهحمان ی كوڕی قاسم و یونس ی كوڕی عهبدول ئهعلاو زۆر كهسانی تریش له لایهن خوێندووه.

یونس ئهفهرموێت: وهڕش كهسێك بو قورئانی به باشی دهخوێندنهوهو دهنگی خۆش بوو لهكاتی خوێندنهوهدا ههمزهكانی دهگۆڕی به پیتێك له پیتهكانی درێژكردنهوهو شهددهی جیٚ بهجیٚ دهكرد، ڕاڤهو ئیعڕابی دهكرد به شێوهیهك گویٚ گر لێی بێزار نهدهبوو.

گێڕدراوتهوه له موحهممهدی كوڕی سهلمهی عوسمانی دهفهرموێت: له باوكمم پرسی ئایه خۆشهویستی ههبو له نێوان تۆو وهڕش؟ له وڵامدا فهرموی: بهڵیٚ، وهڕش گێڕاویهتیهوه فهرموی: له وڵاتی میسر دهرچوم بهرهو شاری مهدینه كهوتمه ڕیٚ به مهبهستی خوێندنهوه بهسهر نافع كاتێك گهیشتم چوم بۆ مزگهوتی نافع بینیم ماندو شهكهت بو بههۆی زۆری خهڵك بهسهریهوه تهنها سی ئایهتی بهسهر دهخوێندراوه، منیش له دواوهی خهڵكهكه دانیشتم و به یهكێكیانم گوت كامهیان له ههمویان به تهمهنتره له وانهی لای نافع؟ ووتی: گهورهی جهعفهریهكانه، وتم چۆن ببیبنم؟ وتی من لهگهڵت دێم بۆ مالهكهیان، دواتر چوین بۆ مالهكهیان، بینیمان شێخ هاته دهرهوه له ماڵهوه، پێم وت من له وڵاتی میسر هاتوم بۆ خوێندنهوه لای نافع بهڵام پێی نهگهیشتم، وهئاگادارکرامهوه كه تۆ باوهڕپێكراوترین كهسی لای ئهو بۆیه داوات لیٚ ئهكهم تۆ ببیته هۆكاری بهیهك گهیشتنمان لهگهڵ ئهو، فهرموی: بهڵیٚ بهشانازیهوه، بهرگه سهوزهكهی خۆی لهبهر كردو لهگهڵم هات بۆ لای نافع، نافع دوو نازناوی ههبو باوكی ڕیم و باوكی عبدالله به كامیانت بانگ بكردبوایه وهڵامی دهدایهوه، پیاوه به تهمهنه جهعفهریهكه پێی گوت: ئهوه پالیٚ پشتهكهی منه له وڵاتی میسر هاتووه نیازی بازرگانی نیه و به نیازی حهج كردن نههاتووه تهنها بۆ خوێندنهوه هاتووه، نافع فهرموی: ئهبینی چۆن مناڵهكانی موهاجیرین و ئهنصار بهسهرم دا دهڕژێن بۆ خوێندنهوه، هاوڕێكهی وتی: جێگای بكهرهوه، نافع پێمی فهرمو: دهتوانی له مزگهوت بمینێیتهوه؟ وتم بهڵیٚ، دواتر له ناو مزگهوت ماومهوه له كاتی بهرهبهیانیدا نافع هات، فهرموی: كوا كهسه میوانهكه، وتم ئهوتا لێرهم خودا ڕهحمت پیٚ بكا، نافع فهرموی: تۆ یهكهم كهس به بۆ خوێندنهوه،

منیش لەو كاتەدا كەسێكی دەنگ خۆش بوم شارەزابوم لە درێژكردنەوەدا دەستم پێ كرد مزگەوتی پێغەمبەرم(ﷺ) پڕكرد بە دەنگی خۆم نزیكەی سی ئایەتم خوێندەوە، پاشان نافع بە دەستەكانی ئاماژەی بۆم كرد كە بوەستم، منیش وەستام لە خوێندنەوە، بینیم گەنجێك لە كەسانی ناو دانیشتنەكەدا بو چو بۆ لای نافع پێی وت مامۆستا خودا سەربەرزت بكات ئێمە لەگەڵ تۆداین بەلاَم ئەو كەسێكە لەدورەوە هاتووە بۆ خوێندنەوە بەسەر تۆدا.

من خوێندنەوەی خۆم كورت دەكەمەوە بۆ بیست ئایەت دە ئایەتی منی پێ بدە، ئەویش فەرموی: بەڵی ئەمە ڕێزداریە، منیش دە ئایەتی ترم خوێندوە، پاشان گەنجێكی تر بەهەمان شێوەی گەنجی پێشو دە لە بەشی خوێندنەوەی خۆی دا بە من، منیش دە ئایەتی ترم خوێندەوە، دانیشتم تا كەس خوێندنەوەی نەما پێمی فەرمو:

بیخوێنەوە، منیش پەنجا ئایەتم بەسەریدا خوێندەوە، بەردەوام پەنجا پەنجام بەسەری دا دەخوێندەوە تا بە تەواوی قورئانم لە لای خەتم دەكرد بەر لە دەرچونم لە شاری مەدینە.

گوتراوە: وەڕش لە مانگێكدا چوار جار قورئانی بەسەر نافع دەخوێندەوە.

خەڵك لە ولاَتی میسردا بۆ ماوەیەكی زۆر قورئانیان بەسەر وەڕش دەخوێندەوە دوای گەڕانەوەی لە شاری مەدینە، پێشەوایەتی قاریئەكان لەوەوە كۆتایی پێ هات لە سەردەمی خۆیدا.

وەڕش كۆچی دوایی كرد(ڕەحمەتی خودای لێبێت) لە ولاَتی میسر لە ساڵی197 ی كۆچی، لە تەمەنی87 ساڵیدا(110 - 197 هـ).

وه‌ڕش دوو ڕێگای هه‌یه بۆ خوێندنه‌وه:

أ- ڕێگای ئه‌زره‌ق:

كه باوكی یه‌عقوبه، یوسف ی كوڕی عه‌مرِ ی كوڕی یه‌سار ی مه‌ده‌نی دواتر میسری،(ڕه‌حمه‌تی خودای لیّ بێت) له ساڵی240ی كۆچی وه‌فاتی كردووه، كه‌سێكی لێكۆڵه‌ر و باوه‌ڕ پێكراوو وردبین و خۆ پارێز بووه.

ئه‌زره‌ق بوه جێگره‌وه‌ی وه‌ڕش له خوێندنه‌وه‌ی قورئان دا له وڵاتی میسرِ چونكه ماوه‌یه‌كی زۆر له‌گه‌ڵیدابو، زۆر جار ده‌یفه‌رموو: من ده‌مامه‌وه له‌و شوێنه‌ی كه وه‌ڕشی تێدا ده‌مایه‌وه زیاتر له بیست خه‌تمی قورئانم له‌لای خوێنده‌وه ئه‌م ڕێگایه پشت پیّ به‌ستراوه له‌م په‌رتووكه‌دا، واته: ڕێگای ئه‌زره‌ق له وه‌ڕش له ڕێگه‌ی شاطبی.

ب- ڕێگه‌ی ئه‌صبه‌هانی:

ئه‌بو به‌كر، موحه‌ممه‌د ی كوڕی عه‌بدو الرحیم ی ئه‌سه‌دی ئه‌صبه‌هانی، له ساڵی 296 ی كۆچی وه‌فاتی كردوه.

پێشه‌وا شاطبی(ڕه‌حمه‌تی خودای لێبێت) له هونراوه‌یه‌كیدا ده‌فه‌رموێت:


فأما الكريم السر[1] في الطيب نافـــع فذاك الذي اختار المدينة منزلا
وقالون عيسى ثم عثمان ورشـــــهم بصـــحبته المجد الرفيع تأثلا[2]

---

(1) الكريم السر: واتا كه‌سێكی داوێن پاكی ڕێك و پێكی به‌رێز.
(2) التأثل: واتا سه‌ركه‌وتن بۆ به‌رزترین پله.

سەنەدی قیرائاتی وەرش

وەرش زانستی قیرائاتی لە نافع وەرگرتووە لە ڕێگەی بەسەر خوێندنەوە(عوض)، نافع یش لەلای ئەبی جەعفەر یەزیدی کوڕی قەعقاعی قاریئ و باوکی داوود عەبدورەحمانی کوڕی هورموزی ئەعرەجی و شەیبەی کوڕی نیصاحی قازی و باوکی عەبدوالله موسلیمی کوڕی جوندەبی هوزەلەی قاص و باوکی ڕوح یەزیدی کوڕی ڕومان خوێندۆتەوە، ئەوکەسانەش کە ناویان هات زانستی قیرائاتیان لە ئەبی هورەیرەو ئیبن عەباس و عەبدوالله‌ی کوڕی عەیاشی کوڕی ئەبی ڕەبیعە وەرگرتووە، ئەوانەش لە ئوبەی کوڕی کەعب ئەویش لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) وەرگرتووە.



بنچینەكانی ڕیوایەتی وەرش لە نافع

- **أصول:** كۆیە تاكەكەی(أصل) ـە لە زمانی عەرەبیدا بەو بناغەو بنچینە دەگوترێت كە شتی لەسەر بونیاد دەندرێت.

أصول لە ڕووی زاراوەدا: هەموو بڕیارێكی گشتی دەگرێتەوە كە بچەسپێت لەسەر ئەوشتانەی مەرجی بڕیارەكە لێی بێتە دی، یان مەبەست لە ئوصول واتە: ئەو یاسا گشتیانە دەگرێتەوە كە زۆر بە دوای یەك دێن و دووبارەدەبنەوە، وەك(مد) درێژكردنەوە، وە(القصر) كورت كردنەوە، وە(الفتح) كردنەوە،(الاماله) واتە: لاركردنەوەو مەیل كردن لە نێوان دوو خوێندنەوەو ئەوەی هاوشێوەی ئەوانەن.

- **الفرش:** لە زمانی عەرەبیدا واتە: ڕاخستن و بلأوكردنەوە.

الفرش لە زاراوەدا: بریتیە لەو بڕیارەی تایبەتە بە هەندێ وشەی قورئانی كە ڕای جیاوازی لەسەرە لە نێوان قاریئەكانی خوێندنی قورئان لەگەڵ گێرانەوەی هەموو خوێندنەوەكان بۆ خاوەنەكەی وەك: ﴿ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴾.

لە خوێندنەوەی عاصیم و كیسائیدا وشەی﴿ مَٰلِكِ ﴾. ئەلیف جێگیركراوە لە دوای پیتی میم، بەلأم جگە لەئەوان وەك نافع و ئیبن كەثیر و ئەبو عەمرو ئیبن و عامیرو حەمزە ئەلیفەكە لادەبەن، واتە: بەبێ ئەلیف دەیخوێننەوە، وەك: ﴿ مَلِكِ ﴾.

هەر وشەیەك خولانەوەی كەم بێت لە نێوان قیرائاتەكانداو بۆچونی جیاوازی لەسەر بێت ئەوە پێی دەگوترێت فەرش، چونكە كە باس كراوە لە شوێنی خۆی لە سورەتەكاندا بەپێی ریزبەندی قورئانی، ئەوە وەك ڕایەخراوێكی لێدێت كە ڕاخرابێت.

هەندێك خوێندنەوەی پیت لە فەرش هەیە كە دەكرێت حوكمەكەی گشتگیر بكرێت، وەك زەننەداركردنی پیتی(د) لە وشەی ﴿ ٱلۡقُدُسِ ﴾. لای ئیبن كەثیر، بە پێچەوانەوە هەندێك خوێندنەوەی پیت هەیە لە ئوصول ناكرێت حوكمەكەیان گشتگیر بكرێت، هەر

وەك لە شوێنە دیارەكانی وەك پیتی(ی)ی دانەپاڵ و(ی)ی زیادە، یان وەك هەندێ وشەی تر كە لە بابەتی(هەمزەكاندا) باسی دەكەین، ئەو پۆلێن كردنەش پشت دەبەستێت بەوەی ئایە ئەو حاڵەتە زۆر دووبارە بۆتەوە یان كەم.



بابه‌تی ئیستیعاذه‌و به‌سمه‌له

(باب الاستعاذة والبسملة)

جیاوازی نیه له نێوان پێشه‌وا وه‌رش و پێشه‌وا حه‌فص له باسی ئیستیعاذه‌دا.
به‌ڵام له باسی به‌سمه‌له جیاوازی نیه له نێوان قاریئه‌كان كه ده‌خوێندرێته‌وه له سه‌ره‌تای سوره‌تی فاتیحه‌دا، وخوێندنه‌وه‌ی له سه‌ره‌تای هه‌موو سوره‌ته‌كاندا جگه له سوره‌تی ته‌وبه، جیاوازیشی نیه ده‌ستپێكردنه‌كه له دوای پچڕان بێت یان له‌باری وه‌ستاندا بێت، ئه‌وان جیاوازیان هه‌یه له خوێندنه‌وه‌و لابردنی له كاتی لكاندن له نێوان دوو سوره‌تدا، به‌ڵام وه‌رش یه‌كێكه له‌وانه‌ی كه ده‌خوێنێته‌وه‌و ناخوێنێته‌وه له نێوان سوره‌ته‌كاندا.

كه‌واته: پێشه‌وا وه‌رش دوو شێوه خوێندنه‌وه‌ی تر زیاد ده‌كات له سه‌ر پێشه‌وا حه‌فص، شێوه خوێندنه‌وه‌كان ده‌بێته پێنج، سیانیان هاوڕان تیایدا پێشه‌وا وه‌رش له‌گه‌ڵ پێشه‌وا حه‌فص.

به‌سمه‌له‌ له‌ نێوان دوو سوڕه‌تدا

(البسملة بين السورتين)

وه‌ڕش به‌سمه‌له‌ ده‌خوێنێته‌وه‌ له‌ نێوان دوو سوڕه‌تدا –جگه‌ له‌ سوڕه‌تی ئه‌نفال و به‌ڕائه‌ نه‌بێت – سیٰ شێوه‌ خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه‌:

1– نه‌لكاندن له‌ نێوان هه‌مووی.

2– نه‌لكاندنی یه‌كه‌م و لكاندنی دووه‌م و سێیه‌م.

3– لكاندن له‌ نێوان هه‌مووی.

وه‌ڕش دوو شێوه‌ی تر زیاد ده‌كات له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌ی به‌سمه‌له‌ له‌سه‌ر ئه‌و شێوانه‌ی پێشوو باسمان كرد كه‌ بریتین له‌مانه‌ی خواره‌وه‌:

1– سه‌كت به‌بیٰ به‌سمه‌له‌.

2– لكاندن به‌بیٰ به‌سمه‌له‌.

ئاشكرایه‌ لای هیچ قاریئێك سه‌كت نیه‌ له‌ نێوان هه‌ردوو سوڕه‌تی ناس و فاتیحه‌، وقاریئه‌كان یه‌ك ده‌نگن له‌سه‌ر واجب بوونی به‌سمه‌له‌ له‌باری لكاندنی كۆتایی سوڕه‌تی ناس به‌ سه‌ره‌تای سوڕه‌تی فاتیحه‌، چونكه‌ هه‌ر چه‌نده‌ لكاندنی بۆ بكرێت به‌ گوتراوی به‌لاّم ده‌بێت به‌و ده‌ست پێبكرێت له‌ حوكم، وه‌هه‌روها ئه‌گه‌ر لكاندنی بۆ بكرێت له‌ كۆتایی سوڕه‌ت به‌ سه‌ره‌تاییه‌كه‌ی، وه‌هه‌روها ئه‌گه‌ر لكاندن له‌ كۆتایی سوڕه‌تدا بكرێت به‌ پێشه‌ خۆی، هه‌روه‌ك چۆن كۆتایی سوڕه‌تی فه‌له‌ق بلكێندرێت به‌ سه‌ره‌تای سوڕه‌تی ئیخلاّص.

جیاوازی نیە لە نێوان قاریئەكاندا لە خوێندنەوەی بەسمەلە لە سەرەتای سوڕەتی فاتیحە و سەرەتای دەستپێكردنی هەر سوڕەتیك جگە لە سوڕەتی تەوبە نەبێت، جیاوازیش نیە دەستپێكردنەكە لە دوای پچڕان بێت یان لە باری وەستاندا بێت.

ئەوان ناكۆكن لە خوێندنەوەو لابردنی لە باری نەوەستاندا لە نێوان دوو سوڕەت.

بەلاّم ئەگەر خوێنەر وەستا لەسەر كۆتایی سوڕەتی یەكەم و نەیلكاند بەوەی كۆتایی، لەو كاتەدا دەست دەكات بە بەسمەلە چونكە واجب دەبێت.

حوكمی لكاندن بێ بەسمەلە هەر وەك لە شێوەی پێنجەمدا هاتووە گشتیە لە نێوان گشت سوڕەتێكی بەدوای یەك هاتوو لە ریزبەندی نوسینی قورئان و خوێندنەوەی، وەك: كۆتایی سوڕەتی بەقەرە بە سەرەتای سوڕەتی ئالی عیمڕان، یان لە دوای یەكتر نەهاتوون وەك: سوڕەتی نیساء لەگەڵ سەرەتای سوڕەتی كەهف، ئەگەر سوڕەتی یەكەم لە دوای دووەم هات لە ڕیزبەندی نوسینی قورئان – واتە: بەدوای یەكتر نەبوون –وەك: كۆتایی سوڕەتی ئیخلاّص لەگەڵ سەرەتای سوڕەتی كەوسەر لەو كاتەدا گووتنی بەسمەلە دیاری دەكرێت بۆ هەموو قاریئەكان، لكاندنیش دروست نیە، هەروەك وەڕش بەسمەلە دەكات وەك قاریئەكانی تر لە نێوان سوڕەتی ناس و سوڕەتی فاتیحە.

دەربارەی سوڕەتی ئەنفال و سوڕەتی بەڕائە بۆی هەیە وەستان یان سەكتە یان لكاندن بكات وەك قاریئەكانی تر.

لكاندنی دوو سوڕەت بەبێ بەسمەلە دیاركردنی ئیعجازی قورئانی تێدا هەیە، وئاشكراكردنی گونجاندنی ڕیزبەندی سوڕەتەكانە، هەر ئایەتێكی قورئانی پیرۆز دەگونجێت لەگەڵ ئەوەی پێشە خۆی و دوای خۆی، وهەروها سوڕەتەكانیش بەم شێوەن، بیربكەوە لە كۆتایی سوڕەتی نەجم لەگەڵ سەرەتای سوڕەتی قەمەڕ: ﴿ فَٱسۡجُدُواْۤ لِلَّهِ وَٱعۡبُدُواْ۩ ﴿٦٢﴾ ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ ﴾.

له كاتی لكاندا بەهەمان شێوه دەركەوتنی سەرو ژێره –ئیعڕاب –وئاشكراكردنی واته: ی نوێیه شاراوەیه بەوەی جاریٚ دوو سوڕەتەكه پێك نەگشتوون، هەروك چۆن وەرزشی زووبانی تێدایه لەسەر ڕەوان بێژی و دەربڕینێكی دروست وەك لكاندنی تەنوین و لابردنی هەمزەی لكاندن و پیتی(ل)ی شەمسی و ئەوانی تر، وەك: ﴿ عَلِيمٌ يَـٰٓأَيُّهَا ﴾ كۆتایی سوڕەتی نیساء به سەرەتای سوڕەتی مائیده، وەئایەتی: ﴿ أَحَدًا كٓهيعٓصٓ ﴾ له كۆتای سوڕەتی كەهف به سەرەتای سوڕەتی مەریەم، وەئایەتی: ﴿ رِكۡزًا طه ﴾ له كۆتایی سوڕەتی مەریەم به سەرەتای سوڕەتی طه، وەئایەتی: ﴿ عَلِيمٌ تَبَارَكَ ﴾ له كۆتایی سوڕەتی نور به سەرەتای سوڕەتی فورقان وەئایەتی: ﴿ لِزَامَۢا طسٓمٓ ﴾ له كۆتایی سوڕەتی فورقان به سەرەتای سوڕەتی شوعرا وەئایەتی: ﴿ عَظِيمًا يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ﴾ له كۆتایی سوڕەتی فەتح به سەرەتای سوڕەتی حوجورات.

مەككی قەیسی[1]. وەلاٌمی ئەوه دەداتەوه كه بۆچی بەسمەله لادەبردرێت له نێوان دوو سوڕەتدا، كاتێك لای ئەو [بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ] ئایەتێك نیه له هەموو سوڕەتێكدا –واته كەسێكه لەوانەی كه دەتواندرێت لای ئەو بەسمەله واز لێبهێندرێت –ولای كۆمەڵەی زانایان، لایبردووه له كاتی لكاندنی به سوڕەتێك لەگەڵ سوڕەتێكی تر، تاوەكو كەس وا گۆمان نەبات بەسمەله ئایەتێكه له هەموو سوڕەتێكدا، قورئانی پیرۆز لای ئەو هەمووی یەك پارچەیەو به یەك سوڕەت ئەژمار دەكرێت، هەر وەك چۆن پچران ڕونادات له نێوان هەندێك سوڕەت لەگەڵ بەسمەله هەروها پچڕان ڕونادات له نێوان سوڕەتێك و سوڕەتێكی تر به بەسمەله، دەربارەی خوێندنەوەی له قورئانی پیرۆز بۆ ئەوەی تا بزاندرێت كۆتایی به سوڕەتێك هاتووەو دەست به سوڕەتێكی تر دەكرێت.

[1] مەككی كوڕی ئەبی تالیب، پەرتووكی(الكشف عن وجوه القراءات السبع وعللها وحججها)،(بەیروت، دەزگای ریساله، چ3،ب1،1404ك.)، لا16.

كهواته:

ئهگهر ویستت به خوێندنهوهی وهڕش بخوێنیتهوه بهبێ بهسمهله، پێویسته لهژێر ئهم چوار خاڵه بێت:

1- دهبێت سوڕهتهكه بهههمان شێوهی ڕیزبهندی قورئانی پیرۆز بێت، ههرچهنده له دوای یهكتریش نهبێت، وهك: كۆتایی سوڕهتی بهقهڕه لهگهڵ سوڕهتی كههف.

2- لكاندنی به دلنیایهوه له نێوان هەموو سوڕهتێك جگه له نێوان سوڕهوتی ناس و سوڕهتی فاتیحه.

3- ئهگهر خوێنهر گواستنهوهی ئهنجامدا له كۆتایی سوڕهتێك بۆ ناوهڕاستی سوڕهتێكی تر به ههمان شێوهی ڕیزبهندی قورئانی پیرۆز.

4- خوێنهر ڕانهوهستێت له كۆتایی سوڕهتی یهكهم مهبهست پێی لكاندنی به سوڕهتی دووهم، ئهگهر وهستا به خوێندنهوهی بهسمهله له سهرتای سوڕهتی دووهم -جگه له سوڕهتی تهوبه -ئهوهش ڕای كۆی زانایانه، گرنگی نادرێت بهو وتهی كه دهلێت: پێویسته لهسهر خوێنهر بهسمهله نهكات[1] چونكه خوێندنهوه له سونهتێكی شوێن كهوتنه.

زانایان بهرپهرچی ئهو جۆره بۆچوونهیان داوتهوه، یهك لهوانه پێشهوا دانی[2]. دهفهرموێت:

كێشه نیه له نێوان ئهو كهسانهی بهسمهله دهكهن له سهرهتای سوڕهت ئهگهر بچڕان ڕویدا له كۆتایی پێش خۆی و دواتر دهستپێكردنی بێ ئهوهی لكاندنی بۆ بكرێت به

---

[1] ئهوه ووتهی ئهحمهدی كوڕی عهلی كوڕی باذشه، له پهرتووكی (الإقناع في القراءات السبع (مهككه، زانكۆی ئوم القوڕا، (1403ك) لا 159.

[2] باوكی عهمر عوسمانی دانی، له پهرتووكی(جامع البيان في القراءات السبع المشهورة) (بهیرووت دار الكتب العلمية)، 1426ك)، لا152.

پێشه‌خۆی له‌سه‌ر بۆچوونی ئه‌و كه‌سانه‌ی پچڕان و نه‌پچڕان ئه‌نجام ده‌ده‌ن –واته: پچڕان ده‌كه‌ن له‌ نێوان به‌سمه‌له‌و نه‌پچڕانی– جگه‌ له‌ سوره‌تی به‌رائه‌ نه‌بێت.

به‌ڵام ئیبنول جه‌زه‌ری[1]. ده‌فه‌رموێت: له‌ باسی ئاگاداركردنه‌وه‌كان له‌ ئاگاداركردنه‌وه‌ی سێیه‌م: به‌دلنیایه‌وه‌ هه‌ر یه‌ك له‌ وانه‌ی كه‌ به‌ نه‌لكاندنی به‌سمه‌له‌و لكاندنی و سه‌كت ده‌خوێننه‌وه‌ ئه‌گه‌ر ده‌ست به‌خوێندنه‌وه‌ی سوره‌تێك له‌ سوره‌ته‌كان كرد به‌ به‌سمه‌له‌ ده‌خوێندرێته‌وه‌ بێ جیاوازی له‌ هه‌ریه‌كێك له‌وان ته‌نها ئه‌گه‌ر ده‌ست پێكردن به‌ سوره‌تی به‌رائه‌ بوو هه‌ر وه‌ك دواتر باسی ده‌كه‌ین، جیاوازیش نیه‌ سه‌ره‌تاكه‌ی له‌ باری وه‌ستاندا بێت یان نه‌وه‌ستان، به‌ڵام ده‌رباره‌ی ئه‌وانه‌ی كه‌ به‌جیا ده‌یخوێننه‌وه‌ ئه‌وه‌ شتێكی ڕوون و ئاشكرایه‌، وده‌رباره‌ی خوێندنه‌وه‌ی ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ لایده‌به‌ن ئه‌وه‌ بۆ پیرۆزی و به‌ره‌كه‌ت داركردن و گونجاندنی ڕێنوسی قورئانی پیرۆزه‌، چونكه‌ لای ئه‌و كه‌سانه‌ی لایده‌به‌ن ته‌نها له‌سه‌ره‌تای سوره‌ت ده‌نوسرێت بۆ یه‌كه‌م سوره‌ت له‌به‌ر پیرۆزیه‌ لای نابه‌ن له‌باری لكاندندا ته‌نها له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ده‌ست به‌و نه‌كراوه‌، به‌ڵام ئه‌گه‌ر به‌و ده‌ست پێكرا به‌ پێویست دادەندرێت ته‌نها خوێندنه‌وه‌ی بۆ بكرێت تاوه‌كو نه‌بێته‌ پێچه‌وانه‌ی نوسینی قورئانی پیرۆز له‌باری لكاندن و نه‌لكاندندا، له‌و كاته‌دا ده‌رده‌چێ له‌ كۆ ده‌نگی و ده‌بێته‌ هاوشێوه‌ی هه‌مزه‌كانی لكاو لاده‌بردرێت له‌باری لكاندن و ده‌خوێندرێته‌وه‌ له‌ باری ده‌ست پێكردن به‌و، هه‌ر بۆیه‌ كێشه‌ له‌نێوان زانایان دروست نه‌بووه‌ له‌ باری خوێندنه‌وه‌ی به‌سمه‌له‌ له‌ سه‌ره‌تای سوره‌تی فاتیحه‌، جیاوازیشی نیه‌ لكاندنی بۆ بكرێت به‌ سوره‌تی ناس له‌گه‌ڵ پێشه‌كه‌ی خۆی یان ده‌ستپێكردن به‌و بكرێت، چونكه‌ ئه‌گه‌ر لكاندنی بۆ بكرێت به‌ گوتراوی ئه‌وه‌ ده‌بێته‌ ده‌ست پێكراو حوكمه‌ن، هه‌ر بۆیه‌ نه‌وه‌ستان لێره‌دا ده‌بێته‌ باری گواستنه‌وه‌.

ده‌رباره‌ی پێشه‌وا عه‌لی صه‌فاقسی[2]. ده‌فه‌رموێت:

جیاوازی نیه‌ له‌ نێوانیاندا –واته: نێوان قاریئه‌كان– ئه‌گه‌ر خوێندنه‌وه‌ی ده‌ست پێكرد به‌ سه‌ره‌تای سوره‌ت جگه‌ له‌ سوره‌تی به‌رائه‌ به‌ به‌سمه‌له‌ بێت، جیاوازیشی نیه‌

---

[1] موحه‌مه‌دی جه‌زه‌ری، النشر في القراءات العشر، (قاهیره‌، چاپه‌مه‌نی تیجاریه‌ی كوبرا، ب1، 1427ك)، لا263.

[2] عه‌لی موحه‌مه‌دی صه‌فاقچی، په‌رتووكی:(غيث النفع في القراءات السبع)(به‌یروت، دار الكتب العلمية، 1425ك)، لا20.

دەستپێکردنەکەی – واتە: قاریئەکە– لە باری وەستان یان نەوەستاندا بێت، ڕەنگە هەندێکیان وا تێدەگەن کە دەستپێکردن نابێت تەنها دوای پچڕان نەبێت بەڵام وانیە.

کەواتە:

ئەگەر قاریئێك ویستی بوەستێت لە کۆتایی سورەتی یەکەم بەمەبەستی لکاندنی بە سورەتی دووەم، پێویستە لەسەری بەسمەلە بکات لە سەرەتای سورەتی دووەم –جگە لە سورەتی تەوبە نەبێت– ئەوەش دوو شێوەی بۆ دروست دەبێت: یان لکاندنی بەسمەلە بە سەرەتای سورەت یان پچڕانی.

زانیاری زیاتر:-

ئەگەر بە خوێندنەوەی وەرش بخوێنێتەوە لە نێوان دوو سورەت بە لابردنی بەسمەلە، گەیاندنی کۆتا وشە لە سورەتدا، یەکەم وشە لە سورەتی دوای ئەو، ئەوەش بڕیاری تەجویدی لەسەر دروست دەبێت لە تێکهەڵکێشان و شاردنەوەو جوکمەکانی تری تەجوید، لە تێکهەڵکێشان یان شاردنەوە یان گواستنەوە جگە لەمانەش لە ئەحکامەکانی تر، ئەو سورەتانەی بە پیتی پچڕاو دەست پێ دەکات و لە پێش ئەو سورەتانەن کە بە وشەیەکی نوندار –کۆتاییان دێت– وەئەمەش تەنها لە دوو شوێن هاتووە، ئەوانیش: کۆتایی سورەتی ئەنعام لەگەڵ سەرەتای سورەتی ئەعراف لە ئایەتی: ﴿ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمُۢ ١٦٥ الٓمٓصٓ ١ كِتَٰبٌ أُنزِلَ إِلَيۡكَ ﴾، **وەکۆتایی سورەتی لوقمان لەگەڵ سەرەتای سورەتی سەجدە، لە ئایەتی:**

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرُۢ ٣٤ الٓمٓ ١ تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ لَا رَيۡبَ فِيهِ﴾ **–پیتەکانی پچڕاو– لێرەدا لەگەڵ پێش خۆیدا لە زەننەدارێك بڕیاری گواستنەوە لە نێوانیاند دەدرێت.**

بەڵام ئەو سورەتانەی کۆتاییان دێت بە زەنە وەلەدوای ئەو سورەتێك دێت دەست پێ دەکات بە هەمزەی پچڕاو ئەم جۆرەیان زۆرە، وەك ئایەتی: ﴿ وَأَمَّا بِنِعۡمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثۡ ١١ أَلَمۡ نَشۡرَحۡ لَكَ صَدۡرَكَ ١﴾، **وەئایەتی:** ﴿ فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ ٩ أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصۡحَٰبِ ٱلۡفِيلِ ﴾، **وەئایەتی:** ﴿ وَٱسۡجُدۡ وَٱقۡتَرِب۩ ١٩ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ﴾،

بەشێوەیەك گواستنەوە ئەنجام دەدرێت لە هەمو ئەو شوێنانەی ڕابردو وەئەوانەشی هاوشێوەی ئەوانن.

هەندێك لە زانایان و جێبەجێكارانی بەسمەلە وایان بە باش زانیوە بەسمەلە بكرێت لە نێوان دوو سوڕەتدا لە چوار شوێن: بۆ كەسێك بیەوێت سەكتە ئەنجام بدات لە نێوان دوو سوڕەتدا بە شێوەیەكی گشتی لە هەموو قورئانی پیرۆزدا، سەكتیان لا پەسندە لەم چوار شوێنە لە هەموو قورئاندا بۆ كەسێك بیەوێت لكاندن بكات لە نێوان دوو سوڕەتدا لە گشت قورئاندا، ئەو چوار شوێنەش پێی دەگوترێت(الاربع الزهر)، بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ- **نێوان سوڕەتی موددەثیر و سوڕەتی قیامە:** ﴿ هُوَ أَهْلُ ٱلتَّقْوَىٰ وَأَهْلُ ٱلْمَغْفِرَةِ ۝٥٦ لَآ/// أُقْسِمُ بِيَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴾.

ب- **نێوان سوڕەتی** ئینفیطارو **سوڕەتی** موطە**فیفین:** ﴿ وَٱلْأَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ ۝١٩ وَيْلٌ/// لِّلْمُطَفِّفِينَ ﴾.

جـ - **نێوان سوڕەتی فەجرو سوڕەتی بەلەد:** ﴿ وَٱدْخُلِى جَنَّتِى ۝٣٠ لَآ/// أُقْسِمُ بِهَـٰذَا ٱلْبَلَدِ ﴾.

د- **نێوان سوڕەتی عەصرو سوڕەتی هومەزە:** ﴿ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ ۝٣ وَيْلٌ/// لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ ﴾.

هۆكاری ئەم هەلبژاردنە ڕودانی دروستبونی واتە: و مانای نادروستە، چونكە سەرەتای ئەم چوار سوڕەتە(ويلٌ) **یان** (لا أُقسم) **وە.**

هەلبژێردراوی دروست ئەوەیە: ئەوەی ڕابردوو شتێكی چاكەو بۆچوونی هەندێك لە زانایانە بەڵام هیچ دەقێك نیە پابەندی دروست بكات، باشترینەكە ئەوەیە جیاوازی نەكرێت لە نێوان ئەم چوار شوێنە لەگەڵ ئەوانی تر، دەتوانرێت هەلبوشێندرێتەوە بەهۆی زۆر بە كارهاتنی ئەم بابەتە لە قورئانی پیرۆز، وەك:

﴿ هُوَ ٱلۡحَیُّ ٱلۡقَیُّومُۚ لَا ﴾ [البقرة: 255]،﴿ وَهُوَ ٱلۡعَلِیُّ ٱلۡعَظِیمُ ۝٢٥٥ لَاۤ ﴾ [البقرة: 255-256]، ﴿ نَجۡزِی ٱلۡمُحۡسِنِینَ ۝٤٤ ﴾ [المرسلات: 44].



باسی ئهحكامی نونی ساكینهو تهنوین

ئهم بابهته بهگشتی یهكسانه لهگهڵ ئهحكامی پێشهوا حهفص تهنها لهم شوێنانهی خوارهوه نهبێت:

- **وهڕش تێك ههڵكێشانی كردووه بۆ پیتی(ن) لهگهڵ پیتی(و) له** ﴿ يسٓ ۝١ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ ﴾،[**يس**:1].
- **وهڕش دوو خوێندنهوهی ههیه له** ﴿ نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ ﴾،[**قهلهم**:1] **ئاشكراكردن و تێك ههڵكێشان.**

پێشهوا وهڕش تێك ههڵكێشانی كردووه بۆ پیتی(ن) له پیتی(ر) له ﴿ وَقِيلَ مَنۨ رَاقٍ﴾ ،[**قیامه**:27]، **بهم شێوهیهی خوێندۆتهوه:** ﴿ وَقِيلَ مَن رَّاقٍ ﴾. **چونكه لێرهدا سهكتهی بۆ ناكات، ئهمهش پێچهوانهی پێشهوا حهفصه.**

پێشهوا وهڕش ههندێ شوێنی خوێندۆتهوه به زهننهداركردنی پیتی(ن) له پاشان بۆی ههیه یان تێكههڵكێشانی پیته نونهكه بكات یان بیشارێتهوه(ئیخفاء)، ئهوهش بهپێی یاسای گشتی له حوكمهكانی نونی ساكین و تهنوین، ئهوهیان بهربهلاوه له قیرائهی فهرش، ئهوهی گرنگه لای ئێمه لهم بابهتهدا ده وشهیه بهم شێوهیه:

1- ﴿ يُنجِيكُمُۥ ﴾،[**ئهنعام**:64].

2- ﴿ مُنزَلٌ ﴾،[**ئهنعام**:114].

3- ﴿ وَإِن تَكُن ﴾،[**ئهنفال**:65 و66].

4- ﴿ وَإِن كُلًّا ﴾،[هود:111].[1].

5- ﴿ فَنُنجِي مَن نَّشَآءُ ﴾،[يوسف:110].[2].

6- ﴿ وَٱلۡخَٰمِسَةُ أَنَّ لَعۡنَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ ﴾،[نور:7].[3].

7- ﴿ أَن تَكُونَ ﴾،[ئه‌حزاب:36].[4].

8- ﴿ وَمَن نُّعَمِّرۡهُ نُنَكِّسۡهُ فِي ٱلۡخَلۡقِ ﴾،[ياسين:68].[5].

9- ﴿ أَوَ مَن يُنَشَّؤُاْ فِي ٱلۡحِلۡيَةِ ﴾،[زوخروف:18].[6].

10- ﴿ عِندَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ﴾،[زوخروف:19].[7].

(1)(وَإِنَّ) ده‌خوێندرێته‌وه به زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن)و ئاسان خوێندنه‌وه‌ی پیتی(م).

(2)(فَنُجِّيَ) ده‌خوێندرێته‌وه به ئاسانكردنی پیتی(ج)و زیادكردنی پیتی(ن)ی ساكین له پێشی و زه‌نه‌داركردنی پیتی(ی).

(3)(أَنَّ) ده‌خوێندرێته‌وه به زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن)و ضه‌ممه‌داركردنی پیتی(ت) له وشه‌ی (لَعۡنَتَ).

(4)(يَكُونَ) ده‌خوێندرێته‌وه به پیتی(ت) له‌بری پیتی(ی).

(5)(نُنَكِّسۡهُ) ده‌خوێندرێته‌وه به فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ن)ی یه‌كه‌م و زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن)ی دووه‌م و ضه‌ممه‌داركردنی پیتی(ك)و ئاسان خوێندنه‌وه‌ی.

(6)(يُنَشَّؤُاْ) ده‌خوێندرێته‌وه به فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ی)و زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن)و ئاسان خوێندنه‌وه‌ی پیتی(ش).

(7)(عِندَ) ده‌خوێندرێته‌وه به زه‌نه‌داركردنی پیتی(ن) له‌بری پیتی(ب)و لابردنی ئه‌لیف و فه‌تحه‌داركردنی پیتی(د)

❖ پێشهوا وهرش ههندێ شوێنی به تهنوین خوێندۆتهوه، پاشان بۆی ههیه یان تێكههڵكێشانی تهنوین یان ئیقلاب وهرگێڕان یان ئیخفاء شاردنهوهی دوای ئهو، به پێی یاسا گشتیهكان له ئهحكامی نونی ساكینهو تهنوین، ئهوهی لامان گرنگه لهم بابهته بهم شێوهیه:

أ- له ههندێ شوێندا خوێندراوتهوه به تێكههڵكێشان، وژمارهیان دهیه كه ئهمانهن:

1- ﴿ كَبِيرًا يُسَبِّحُ ﴾،[**ئیسراء**:43].

2- ﴿ جَعَلَهُۥ دَكًّا ۖ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقًّا ﴾،[**ئینسان**:16].(1)

3- ﴿ إِدًّا ۝٨٩ يَكَادُ ﴾،[**مەریەم**:90].

4- ﴿ وَثَمُودَا وَأَصْحَٰبَ ﴾،[**فورقان**:38].

5- ﴿ وَثَمُودَا وَقَد ﴾،[**عەنکەبووت**:38].

6- ﴿ عَادًا الْأُولَى ﴾'[**نەجم**:50](2).

7- ﴿ مُتِمُّ نُورِهِ ﴾،[**صەف**:8](3).

8- ﴿ أَنْصَارُ اللَّهِ ﴾،[**صەف**:14].

9- ﴿ سَلَاسِلَ وَأَغْلَالًا ﴾،[**ئینسان**:4].

10- ﴿ قَوَارِيرَ مِنْ ﴾،[**ئینسان**:16].

---

(1) (دَكَّآءَ) دهخوێندرێتهوه به تهنوینی فهتح له پیتی(ك)و لابردنی ههمزه، درێژكردنهوهی لهبری لهباری وهستاندا دهردهكهوێت.

(2)قسه لهسهر ئهم بابهته دهكرێت به درێژی و شی دهكرێتهوه له (باسی گواستنهوهی جوولهی ههمزه بۆ ئهو زهنهی دهكهوێته پێش خۆی).

(3)وشهی(نوره) خوێندراوتهوه به فهتحهداركردنی پیتی(ر)و ضـهممهداركردنی پیتی(ه)و لكاندنی پیتی(و)ی گوتراو وقهڵهوكردنی پیتی(ر).

له کاتی نەوەستان له کۆتایی هەندێ سورەت به سورەتی له دوای خۆی دێت له باری نەوەستاندا بێ بەسمەلەو(بێ سەکت) وەك ئایەتی: ﴿ عَلِيمُ يَـٰٓأَيُّهَا ﴾، له کۆتایی سورەتی نیساء به سەرەتای سورەتی مائیده، وەئایەتی: ﴿ عَظِيمًا يَاأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ﴾، له کۆتایی سورەتی فەتح به سەرەتای سورەتی حوجورات.

ب-له هەندێ شوێندا به شاردنەوە(ئیخفاء) خوێندراوتەوە، ژمارەیان هەشته بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- ﴿ سُجَّدًا تُغْفَرْ لَكُمْ ﴾،[ئەعراف:161][1].

2- ﴿ جَعَلَا لَهُۥ شِرْكًا فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَاۚ ﴾،[ئەعراف:191][2].

3- ﴿ وَأَنَّ ٱللَّهَ مُوَهِّنُ كَيْدَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴾،[ئەنفال:18][3].

4- ﴿ ثَمُودَا كَفَرُواْ ﴾،[هود:68].

5- ﴿ وَغَيْرِ صِنْوَانٍ تُسْقَىٰ بِمَآءٍ وَٰحِدٍ ﴾،[رەعد:4][4].

6- ﴿ عِوَجَا ۝١ قَيِّمًا ﴾،[کەهف:1].

7- ﴿ وَثَمُودَا فَمَآ ﴾،[نەجم:51].

8- ﴿ قَوَارِيرَا ۝١٥ قَوَارِيرَاْ ﴾،[ئینسان:15].

---

[1]وشەی(نَّغْفِرْ) خوێندراوتەوە به پیتی(ت)ی ضـەممەدار لەبری پیتی(ن)و فەتحەدارکردنی پیتی(ف)و قەڵەوکردنی پیتی(ر).

[2]وشەی(شُرَكَآءَ) خوێندراوتەوە به کەسرەدارکردنی پیتی(ش)و زەنەدارکردنی پیتی(ر)و تەنوینی فەتحەی پیتی(ك)و لابردنی ئەلیف و هەمزە، وەستانی بۆ دەکرێت به درێژکردنەوەی قەرەبو لەگەڵ لاوازکردنی پیتی(ر).

[3](مُوهِنُ)خوێندراوتەوە بەفەتحەدارکردنی پیتی(و)و شەدەدارکردنی پیتی(ھ)و تەنوینی پیتی(ن) خوێندراوتەوە (كَيْدِ) بەفەتحەدارکردنی پیتی(د).

[4]وشەی(يُسْقَىٰ) خوێندراوتەوە به پیتی(ت) لەبری پیتی(ی).

لە كاتی نەوەستان لە كۆتایی هەندێ سوڕەت بەو سوڕەتی لە دوای خۆی دێت لە باری نەوەستاندا بێ بەسمەلەو(بێ سەكت) وەك ئایەتی: ﴿ أَحَدَا كٓهيعٓصٓ ﴾ لە كۆتایی سوڕەتی كەهف بە سەرەتای سوڕەتی مەریەم، وەئایەتی: ﴿ رِكۡزَا طه ﴾ لە كۆتایی سوڕەتی مەریەم بە سەرەتای سوڕەتی طه، وەئایەتی: ﴿ عَلِيمٌ تَبَارَكَ ﴾ لە كۆتایی سوڕەتی نور بە سەرەتای سوڕەتی فوڕقان، وەئایەتی: ﴿ لِزَامَا طسٓمٓ ﴾ لە كۆتایی سوڕەتی فوڕقان بە سەرەتای سوڕەتی شوعرا، وەئایەتی: ﴿ مَّسَدِ قُلۡ ﴾ لە كۆتایی سوڕەتی مەسەد بە سەرەتای سوڕەتی ئیخلاص.

ج– دوو شوێندا بە وەرگەڕان(ئیقلاب) خوێندراوتەوە، بەم شێوەیە:

1– ﴿ أَوۡثَٰنٗا مَّوَدَّةَ بَيۡنَكُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ ﴾،[**عەنكەبوت**:25].[1].

2– ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ بِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ ﴾،[**شورا**:30].[2].

[1]وشەی(بينكم) خوێندراوتەوە بە فەتحەداركردنی پیتی(ن).

[2]وشەی(فبما) خوێندراوتەوە بە لابردنی پیتی(ف).

باسی میمی كۆ

میمی كۆ بریتیه له پیتێكی زیاده له پێكهاتهی وشهدا كه بۆ نێری كۆ(جمع المذكر) بهكاردێت، وههروها(مێ) ش دهگرێته خۆی، جیاوازیش نیه حهقیقهت بێت یان ئهوهی وهكو نێری كۆ بهكاردێت، بهڵام بهخۆی نێری كۆ نیه.

دهرچوو له پێناسهكه: واته: ئهو شتانهی كه پێناسهكه نایان گرێتهوهو له بازنهی پێناسهكه دهردهچێن.

- **میمی زیاده:** كه له پێناسهكهدا گوترا میمی زیاده، واته: ئهم پیته میمه ناگرێتهوه كه زیاد نهبێت و بنچینهو ئهصلی وشهكه بێت وهك: [بِمَ، ٱحۡكُم، أَلَمۡ].
- **واته: ی كۆی نێر بدات:** ئهمه ناگرێتهوه ئهگهر پیتی میمهكه واته: ی كۆی نێر نهدات، واته: بهكارهاتبێت بۆ تاك یان بۆ دووان وهك: ﴿ أَنۡهَكُمَا ﴾.
- **كۆی مێ دهگرێتهوه:** وهك: ﴿ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ ﴾، لێرهدا پیته میمهكه بهكار هاتووه بۆ نێرو مێ، واته: ههردوو ڕهگهز دهگرێتهوه.
- **له زمانی عهرهبیدا:** ئهوهدهگرێتهوه ﴿ مِنكُمۡ ﴾ پیتی(م) لهم وشه به میمی كۆ دادهندرێت له زمانی عهرهبیدا.
- **له بهكار هێنانی قورئاندا:** ئهوهدهگرێتهوه ﴿ وَمَلَإِيْهِمُ ﴾،[یونس:83].

﴿عَلَىٰ خَوۡفٖ مِّن فِرۡعَوۡنَ وَمَلَإِيْهِمۡ أَن يَفۡتِنَهُمۡۚ﴾ لێرهدا ڕاناو دهگهڕێتهوه بۆ فیرعهون به تهنها بهڵام به شێوهی كۆ بهكار هاتووه، كهواته: ئهم میمهش به میمی كۆ ئهژمار دهكرێت.

نیشانەی(میم)ی كۆ

♦ ئەگەر لابېردرێت مانای وشەكە تێك نادات، وەك: ﴿ عَلَيۡكُمُو ﴾. دەبێتە ﴿ عَلَيۡكُ ﴾.

♦ ئەگەر یەكێك لەم سێ پیتانەی لە پێش میمەكەدا بێت[1].

أ- پیتی(ك) وەك: ﴿ مِنكُمُو ﴾. پیتی(ك) تەنها ضەممەدار دەبێت.

ب- پیتی(ت) وەك: ﴿ كُنتُمُو ﴾. پیتی(ت) تەنها ضەممەدار دەبێت.

پیتی(ه) وەك: ﴿ أَمۡوَٰلَهُمُو ﴾. پیتی(ه) یان ضەممەدار دەبێت، وەك لە نمونەی پێشو باس كرا، یان كەسرەدار دەبێت وەك: ﴿ عَلَيۡهِمُو ﴾.

---

[1]یەك شوێن جیاكراوتەوە، هەمزە كەوتۆتە پێش پیتی(م)ی كۆ (میم الجمع)، ئەوەش لە سورەتی حاقە ئایەتی19{هاؤم} لێرەدا مەبەستی (هاؤمو اقرؤوا كتابیه)، هەندێ لە زمانەوانان دەڵێن: بە واتای (هاكم) دێت، پیتی(ك) گۆڕدراوە بە پیتی هەمزە، هەروەك قوتەیبی ئاماژەی پێ كردووە، رەضی دەفەرموێت: (ها) ناوێكە بۆ واتای (بگرە) وهەشت جۆر زمانی تێدایە، ئەمە یەكێكە لەم زمانانە، لەبری پیتی ئەلیف هەمزەی پێوە بلكێندرێت گۆڕانكاریەكانیشی وەك گۆڕانكاری پیتی(ك) دەبێت، وەك: (هاؤما، هاؤم، هاءِ، هاءَ، هاؤن)، باوكی قاسم فەرمویەتی: بەچەن شێوازو زمانێك دەخوێندرێتەوە چاكترینیان ئەوەی سێبەوەیهی باسی كردووە لە پەرتوكەكەی خۆیدا دەفەرموێت: عەرەب دەڵێن: (هاءَ یا رجل) بیگرە ئەی پیاو، هەمزەكە فەتحەدار دەكەن، و (هاءِ یا امرأة) بیگرە ئەی ئافرەت بۆ ئافرەت هەمزەكە كەسرەدار دەكرێت، و (هاؤما یا رجلان أو امرأتان، وهاؤم یا رجال، وهاؤن یا نسوة) پیتی(م) لە وشەی(هاؤم) وەك پیتی میمەكە بۆ ئێوە بەكاردێت، وضەممەدار كردنیشی وەك ضەممەدارەكانی ترە لە هەندێ شوێن.

حاڵەتەكانی پیتی(م)ی كۆ


پیتی(میمی) كۆ دوو حاڵەتی هەیە:-

✓ **حاڵەتی یەكەم:**

پیتێكی زەننەداری بەدوادابێت، زۆربەی قاریئەكان ضـەممەداری دەكەن بێ لكاندن(صیلە)، بەشێوەیەك بنچینەی پیتی(م)ی كۆ ضـەممەدارە، وەك:
﴿وَإِذۡ فَرَقۡنَا بِكُمُ ٱلۡبَحۡرَ﴾.

✓ **حاڵەتی دووەم:**

لە دوای پیتی(میمی) كۆ پیتێكی جوولەداری بەدوادابێت، پێشەوا وەرش لكاندنی بۆ دەكات بەپیتی(و)ی گوتراو دەخوێندرێتەوە ئەگەر لە دوای هات هەمزەی پچڕاو وەك: ﴿ وَمِنۡهُمُوٓ أُمِّيُّونَ، عَلَيۡكُمُوٓ أَنفُسَكُمۡۖ، يَامُرُكُمُوٓ أَن، ذَٰلِكُمُوٓ إِصۡرِيۖ ﴾، **وەبە ئەندازەی شەش جووڵە درێژكردنەوە دەكات لە باری نەوەستاندا، ئەوەش دەچێتە باری درێژكردنەوەی پچڕاو، بەڵام لەباری وەستاندا لەسەر پیتی(م)ی كۆ، لكاندن دروست نابێ میمەكەش بە زەننە دەخوێندرێتەوە وەك –حفص-.**



شێخ عه‌بدوالفتاحی ئه‌لقازی له هونراوه‌ی(الجامع)ی قیرائاتی پێشه‌وا نافع ده‌فه‌رموێت:

111 وَنَافِــعٌ بِقَصْرِ مَــالِكِ تَــلاَ   وَمِيمُ جَمْعٍ سَكِّنَنَّ أَوْ صِلاَ

112: قَبْلَ مُحَرَّكٍ لِقَالُــــــونَ فَعِ   صِلْهَا لِوَرْشٍ قَبْلَ هَمْزِ الْقَطْعِ

بابەتی
گواستنەوەی جوولە ی هەمزە بۆ زەننەداری پێش خۆی
(باب نقل حركة الهمزة الى الساكن الذي قبلها)

گواستنەوە لە زمانی عەرەبیدا: بە مانای گواستنەوەو گۆڕینی شتێك لە شوێنی خۆی دێت.

گواستنەوە لە زاراوەدا: بریتیە لە گواستنەوەی جوولە ی هەمزەی پچڕاو بۆ هەمزەیەكی زەننەداری پێشخۆی، لەگەڵ لابردنی پیتە هەمزەكە لەبەر ئاسان كردن، ئەوەش بە كار هاتووە لە زمانی هەندێ عەرەب دا.

بە چوار مەرج پێشەوا وەرش جوولەی هەمزەی پچڕاو بۆ زەننەداری پێش خۆی دەگوازێتەوە.

أ- دەبێت ئەو پیتەی كە جوولەی هەمزەی بۆ گواستراوەتەوە زەننەداربێت، ئەگەر جوولە دار بێت گواستنەوەی بۆ ناكرێت، وەك: ﴿يَقُولُ ءَامَنَّا ﴾،[بەقەرە:8].

ب-نابێت ئەو پیتە زەننەدارەی كە دەكەوێتە پێش هەمزە پیتێك بێ لە پیتەكانی درێژكردنەوە(حرف مد) ئەگەر پیتی درێژكردنەوە بو ئەوە شەش جوولە درێژكردنەوەی بۆ دەكرێت بە شوێن كەوتەی درێژكردنەوەی نەلكاو وەك:
﴿ أَلَآ إِنَّهُمْ﴾.
بەلأم تەنها لەیەك شوێن لە سورەتی حاقە لە ئایەتی 19و20 هەیە،
﴿ ٱقْرَءُواْ كِتَٰبِيَهْ ۝١٩ إِنِّى ظَنَنتُ ﴾.

بۆی هەیە واز لە گواستنەوە بێنێ كە ئەوەیان پێش دەكەوێت لە باری جێبەجێ كردندا، چونكە پیتی(هـ) لێرەدا هائی سەكت یە ئەوەش ناخوێندرێتەوە تەنها لەباری وەستاندا نەبێت بەمەبەستی دەرخستنی جوولەی وەستاو لەسەر[1].

ئەوانی تر بە گواستنەوە دەیخوێننەوە وەك هەموو هاوشێوەكانی تری بە جێگیركردنی پیتی(هـ) لە ڕەسمی قورئانی لە كاتی نەوەستاندا، هەردوو خوێندنەوەش دروستەو بەم شێوەش خوێندراوتەوە، بەڵام ئەوەی بە گواستنەوە دەیخوێنێتەوە تێكهەڵكێشانی لەسەر پێویست دەبێت لە سوڕەتی، ئایەتی ﴿ مَآ أَغۡنَىٰ عَنِّي مَالِيَهۡۜ ۝٢٨ هَلَكَ ﴾،[حاقه:28] ئەگەر نەوەستیت لەسەری، وەئەوەشی بێ گواستنەوە بخوێنێتەوە دەبێت بە سەكت پیتی(هـ) بخوێنێتەوە، ﴿ مَالِيَهۡۜ ﴾.

تێبینی:

ئەوەی باس كرا دەربارەی ﴿كِتَٰبِيَهۡ ۝١٩ إِنِّي﴾ و ﴿مَالِيَهۡ ۝٢٨ هَلَكَ ﴾ ئەوە لەباری نەوەستاندا ڕوودەدات، بەڵام ئەگەر وەستاین لەسەریان كە ئەوانیش كۆتایی ئایەتن ئەوە دەبێت بە تەحقیق بخوێندرێتەوە وەنابێت گواستنەوە بكرێت لە شوێنی یەكەم، وەهەروها تێكهەڵكێشان یان سەكت یش قەدەغەیە لە شوێنی دووەمدا.

أ- نابێت ئەو پیتە زەنندارەی كە دەكەوێتە پێش هەمزە پیتی(میمی) كۆ بێت، ئەگەر پیتی(میمی) كۆ بێت ئەوە لكاندنی بۆ دەكرێت بە پیتی(و)ی گوتراو وەدرێژكردنەوەش بە ئەندازەی شەش جوولە بەشوێن كەوتنی درێژكردنەوەی پچڕاو وەك: ﴿لَهُمُوٓ ءَامِنُواْ﴾.

ب- دەبێت پیتی زەنندار بكەوێتە كۆتایی وشەی یەكەم و هەمزەش بكەوێتە وشەی دووەم – واتە: لەیەكتر جیابن لە حوكمدا- ئەگەر زەننداریێك و هەمزە بەیەكەوە كۆ

[1] وادادەندرێت كە پیتی(ی)ی فەتحەدار پێش هەمزە دەكەوێت لە باری نەوەستاندا، بەمەش مەرجی یەكەم لادەچێت لە مەرجەكانی گواستنەوە.

بێته‌وه له یه‌ك وشه گواستنه‌وه‌یان بۆ ئه‌نجام نادرێت وه‌ك: ﴿ قُرْءَانٍ، مَسْـُٔولًا، وَيَنْـَٔوْنَ ﴾.

وه‌ڕش وشه‌یه‌كی جیا كردۆته‌وه كه زه‌نه‌دارو هه‌مزه‌ی پچڕاو به‌یه‌كه‌وه له یه‌ك وشه‌دا كۆببێته‌وه‌و گواستنه‌وه‌ی بۆ ئه‌نجام درابێت وه‌ك: ﴿ رِدْءًا ﴾[1]. له ﴿ مَعِيَ رِدْءًا يُصَدِّقُنِيٓ ﴾،[قه‌صه‌ص:34] لێره‌دا وه‌ڕش گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه ده‌كات بۆ زه‌نه‌داری پێش خۆی كه پیتی(د) له‌گه‌ڵ لابردنی هه‌مزه‌كه به‌م شێوه: ﴿ مَعِي رِدًا يُصَدِّقْنِيٓ ﴾[2]. درێژكردنه‌وه‌ی به‌ده‌ل (مد عوض) ده‌رده‌كه‌وێت له باری وه‌ستاندا.

ئه‌گه‌ر هه‌ر چوار مه‌رج هاته دی وه‌ڕش به گواستنه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه‌ی بۆ زه‌نه‌ی پێش خۆی ده‌خوێنێته‌وه، جیاوازیشی نیه ئایه زه‌نه‌داره‌كه پیتی(ت)ی به كار هاتو بۆ مێیه وه‌ك: ﴿ قَالَتُ اخْرَىٰهُمْ ﴾،[ئه‌عراف:38]. یان ته‌نوینه وه‌ك: ﴿ بَغْيًاَ ان ﴾، [به‌قه‌ڕه:90]. یان زه‌نه‌دارێكی دروست وه‌ك: ﴿ اَسْكُنَ انتَ ﴾،[به‌قه‌ڕه:35] و ﴿ الٓمٓ اَحَسِبَ ﴾،[عه‌نكه‌بوت:1]. یان پیتی لین وه‌ك: ﴿ خَلَوَاْ اِلَىٰ ﴾،[به‌قه‌ڕه:14]. یان پیتی(ل)ی ناسروا وه‌ك: ﴿ اَلَاخِرِ ﴾،[به‌قه‌ڕه:8]. له‌م باره‌دا هه‌مزه لاده‌بردرێت له وشه‌كه‌و زه‌نه‌داره‌كه‌ش جووله‌ی هه‌مزه‌كه وه‌رده‌گرێت ده‌بێته فه‌تحه‌دار ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌كه فه‌تحه‌ی له‌سه‌ر بو وه‌دبێته ضه‌ممه‌دار ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌كه ضه‌ممه‌ی له‌سه‌ر بو وه‌ده‌بێته كه‌سره‌دار ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌كه كه‌سه‌ره بوو.

---

[1] ئه‌م وشه‌یه به تاكه وشه داده‌ندرێت كه نافع جیاوازی تێدا هه‌یه له‌گه‌ڵ شێخ وه‌رش بنچینه‌ی وایه كه گواستنه‌وه نه‌كرێت له یه‌ك وشه‌دا له‌وه‌شه‌وه جیاوازی دروست بوه له نێوان جیٚ به جێكاران كه له‌بنه‌ڕه‌تدا گواستنه‌وه هه‌بێت یان لابردن وه‌زۆرینه‌یان له‌سه‌ر خالی یه‌كه‌من.

[2] وه‌رش به زه‌نه‌داركردنی پیتی (ق) ده‌خوێنێته‌وه له وشه‌ی(یصدقني)، قه‌لقه‌له‌ش ده‌رده‌كه‌وێت هه‌روه‌ك چۆن به زه‌نه‌داركردنی پیتی(ی)ی دانه پالٚ یش ده‌خوێندریچته‌وه له وشه‌ی(معي).

تێبینی:

لە باری نەوەستاندا لە نێوان هەردو ئایەت ﴿ الٓمٓ ١ أَحَسِبَ ﴾ دوو شێوە خوێندنەوە دروستە درێژكردنەوەی دوو جوولە لە پیتی(ی) لە پیتی(م)ی وشەی[الٓمٓ] یان درێژكردنەوەی شەش جوولە.

بڕوانە نمونەی ژمارە یەك لە كۆتایی بەشی بنچینەكان



ئاگاداركردنهوه:-

- لای وهرش ئهگهر بهو پیته لامه ناسراوه دهست پیٚ بكرێت كه جوولهی زهنهی بۆ گواستراوتهوه دوو خوێندنهوه ههیه: وهك له وشهی: ﴿ٱلۡأَنفُسُ﴾:-

أ- دهست پێكردن به ههمزهی لكاوی فهتحهدار﴿ٱلَٔانفُسُ﴾ لهسهر بنچینهی خۆیه ئهوهشیان پێش دهكهوێت.

ب-دهست پێكردن به پیتی(ل)ی فهتحهدار﴿لَنفُسُ﴾ لهسهر پهیداكراوی خۆی، پێویستی به ههمزه ش نیه -مهبهست ههمزهی لكاوه- ئهوهی دهكهوێته پێش پیتی(ل) چونكه هۆی هاتنی له پێناو زهنهی پیته لامهكهیه، به هۆی گواستنهوهی زهنهكهی نهماوه.

بهلاٚم ئهگهر ئهم وشهو هاووێنهكانی بهرانبهر كرا به پیتێكی زیاده، پێویسته دهست پێكردن بهو بێت بێت و گواستنهوهش دهردهكهوێت وهك: ﴿وَٱلَٔانفُسِ﴾.

- ئهگهر له وشهدا درێژكردنهوهی بهدهل ههبو وهك: ﴿ ٱلَٔاخِرِ ﴾، بۆ وهرش دوو خوێندنهوه ههیه:

أ- دهست پێكردن به ههمزهی لكاوی فهتحهدار ﴿ٱلَٔاخِرِ﴾، لهگهڵ سیٚ بهدهل چونكه به بهدهل ی گۆڕاو ئهژمار دهكرێت له كاتی گواستنهوهدا.

ب- دهست پێكردن به پیتی(ل)ی فهتحهدار ﴿ لَاخِرِ ﴾ تهنها درێژكردنهوهی دوو جووله دیاری دهكرێت بهدهل گۆڕدراو، چونكه كاتێك پیتی(ل) دهبێته جووله دار به جوولهی پهیداكراو ئهو جوولهیه وهك بنچینه سهیر دهكرێت بهشێوهیهك كه وشهكه بیٚ ههمزهیه له بنچینهدا.

➢ دروسته بۆ هه‌مو قارپئێك له‌وانه‌ش وه‌ڕش دوو خوێندنه‌وه له وشه‌ی: ﴿ٱلِٱسۡمُ﴾ ئه‌وه‌انیش ده‌ست پێكردن به هه‌مزه‌و یان به پیتی(ل) له ﴿ بِيسَ ٱلِٱسۡمُ ٱلۡفُسُوقُ بَعۡدَ ٱلۡإِيمَٰنِۚ﴾،[حوجورات:11].

➢ ئه‌گه‌ر كه‌وته پێش پیتی(ل)ی ناسراو ئه‌وه‌ی كه بۆی گواستراوته‌وه جووله‌ی هه‌مزه پیتێك له پیته‌كانی درێژكردنه‌وه یان زه‌نه‌یه‌كی دروست بوو ئه‌وه ئیعتیبار بۆ جووله گواستراوه‌كه‌ی پیتی(ل)ی ناسراو ناكرێت به‌ڵكو هه‌ڵس و كه‌وتی له‌گه‌ڵ دا ده‌كرێت به شێوه‌ی بنچینه‌ی خۆی كه ئه‌ویش زه‌ننه‌داركردنی پیتی لامه له‌سه‌ر ئه‌و مه‌بنیه دا پیتی

درێژكردنه‌وه لاده‌بردرێت به هۆی گه‌یشتنه دوو زه‌ننه‌دار وه‌ك: ﴿ بَيَّنَّا ٱلۡأٓيَٰتِ ﴾،﴿ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾،﴿ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴾، به‌لاّم ئه‌گه‌ر زه‌نه‌ی یه‌كه‌م پیتێك بێت له پیته دروسته‌كان جووله‌ی په‌یداكراو وه‌ك خۆی ده‌مینێته‌وه ئه‌وه‌ی بۆمان هێناوه به پێی یاسای ناسراو له ده‌ربازبوون له گه‌یشتنه دوو زه‌نه وه‌ك: ﴿ مِنَ ٱلۡأَمۡرِ ﴾،﴿ بَلِ ٱلۡإِنسَٰنُ ﴾،﴿ فَلۡيَنظُرِ ٱلۡإِنسَٰنُ ﴾، به‌هه‌مان شێوه‌ی پێشو ئه‌گه‌ر زه‌نه‌ی یه‌كه‌م لكاو بو وه‌ك: ﴿ جَآءَهُ ٱلۡأَعۡمَىٰ ﴾.

تێبینیه‌كی گرنگ:

پێشه‌وا وه‌ڕش جیای كردۆته‌وه به ئه‌ژمارنه‌كردنی په‌یداكراو ته‌نها له یه‌ك وشه ئه‌ویش وشه‌ی ﴿ٱلۡأُولَىٰ﴾ له ﴿ عَادًا ٱلۡأُولَىٰ ﴾،[نه‌جم:50].

پێشه‌وا وه‌ڕش به تێكهه‌ڵكێشانی ته‌نوین له وشه‌ی ﴿ عَادًا ﴾، له پیتی(ل)ی ﴿ٱلۡأُولَىٰ﴾.

ئیعتیباری بۆ جووله‌ی گواستراوه داناوه وه‌كو جووله‌ی بنچینه‌یی له (عَادًا ٱلۡأُولَىٰ)[(1)].

[(1)]واتا پیتی(ن)ی گه‌ڕاندۆته‌وه بۆ زه‌نه له بری كه‌سره به ته‌نوین به‌مه‌به‌ستی ڕزگاربون له گه‌یشتنه دوو زه‌نه (دواتر هه‌ڵسوكه‌وت له‌گه‌ڵ په‌یداكراوه‌كه ئه‌ویش جووله‌ی پیتی(ل).

پوختە:

[تەنوینی وشەی(عاداً)ی هێناوە وەلەدوای ئەو پیتی(ل)ی جوولەدار بە ضـەممە بە هۆی گواستنەوەی –یەکەم– لێرەدا دەبێتە تێکهەڵکێشان بەپێی یاسای گشتی لە ئەحکامی نونی ساکینەو تەنوین].

وەدرێژکردنەوەی بەدەل لە باری نەوەستاندا درێژکردنەوەی دوو جوولە یان چوار جوولە یان شەش جوولە، بەڵام ئەگەر دەست پێکردن بەو بو ئەوە بۆی هەیە دەست پێکردن بە هەمزەی فەتحەداربێت لەگەڵ سێ بەدەل ﴿الولَىٰ﴾، یان دەستپێکردن بە پیتی(ل)و دوای ئەو پیتی(و) زەننەداری درێژکراو ﴿لُولَىٰ﴾ لێرەدا دروست نیە درێژکردنەوەی بەدەل تەنها بە دوو جوولە درێژدەکرێتەوە.

وەرش جوولەی هەمزە دەگوازێتەوە بۆ ئەو زەننەدارەی دەکەوێتە پێش خۆی لە وشەی ﴿ءَآلۡـَٔنَ﴾ لە شوێنی خۆی لە ﴿ ءَآ لَـٰٔنَ وَقَدۡ كُنتُم بِهِۦ تَسۡتَعۡجِلُونَ ﴾، [یونس:51]و ﴿ ءَآ لَـٰٔنَ وَقَدۡ عَصَيۡتَ قَبۡلُ وَكُنتَ مِنَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴾،[یونس:91].

بۆ هەمزەی لکاو هەیە سێ شێوە خوێندنەوە:-

أ- گۆڕینی بە ئەلیف و درێژکردنەوەی شەش جوولە بە پێی بنچینەی خۆی ئەویش زەننەدارکردنی پیتی(ل) و نەگەڕانەوەی پەیداکراو، واتە: پیتی(ل)ی فەتحەداری گواستراوە بۆی فەتحەی هەمزە ﴿ ءَآ لَـٰٔنَ ﴾.

ب- گۆڕینی بە ئەلیف و درێژکردنەوەی دوو جوولە بە پێی بنچینەی خۆی و بە گەڕانەوەی پەیداکراو کە بریتیە لە جوولەدارکردنی پیتی(ل) بە هۆی گواستنەوەکەی ﴿ ءَآ لَـٰٔنَ ﴾.

ت- ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی لکاو لە نێوان خۆی و نێوان ئەلیف ﴿ ءَآ لَـٰٔنَ ﴾.

باسی سه‌كت[1]

پێشه‌وا وه‌ڕش وازی له‌و سه‌كتانه هێناوه كه پێویستن لای حه‌فص به‌شێوه‌یه‌ك تێكهه‌ڵكێشانی بۆ ده‌كرێت ئه‌وه‌ی گونجاو بێت بۆ تێكهه‌ڵكێشان، ئه‌وه‌ش ڕو ده‌دات له ﴿كَلَّاۖ بَل رَّانَ﴾،[موطه‌فیفین:14] وه ﴿ وَقِيلَ مَن رَّاقٍ ﴾،[قیامه:27] به‌هۆی هاتنه دی مه‌رجه‌كانی تێكهه‌ڵكێشان له هه‌ردووكیاندا.

تێبینی:

لای پێشه‌وا وه‌ڕش دوو جۆر سه‌كته دروسته، ئه‌وانیش بریتین له هه‌مان ئه‌و سه‌كتانه‌ی لای پێشه‌وا حه‌فص دروسته، واته: سه‌كته‌ی كۆتایی هه‌ر سوره‌تێك بكه‌وێته پێش سوره‌تی ته‌وبه وه‌له‌گه‌ڵ سوره‌تی ته‌وبه له خودی خۆی له بابه‌تی به‌سمه‌له باس كرا، سه‌كته دروسته‌كه‌ی دووه‌م بریتیه له سه‌كته‌ی سه‌ر پیتی(هـ) له ﴿ مَالِيَهْۜ ﴾، [حاقه:28] به هه‌مان شێوه ئه‌وه‌ش باس كرا له ڕابردوودا.

[1] مه‌به‌ست له زاراوه‌ی سه‌كت واتا وه‌ستانێكی كورت بیٚ هه‌ناسه‌دان.

جیاوازی له‌ نێوان وه‌ستان و سه‌كت

(الفروق بين الوقف والسكت)

1- كاتی وه‌ستان زیاتره‌ له‌ سه‌كت.

2- له‌ وه‌ستاندا قاریء هه‌ناسه‌یه‌ك هه‌لده‌مژێت به‌لاّم له‌ سه‌كت هه‌ناسه‌ هه‌ڵنامژێت.

3- سه‌كت دروست نیه‌ ته‌نها له‌ ڕێگه‌ی گێڕانه‌وه‌ نه‌بێت به‌لاّم وه‌ستان دروسته‌ بۆ قاریء له‌ سه‌ر هه‌ر وشه‌یه‌ك بێ به‌ مه‌رجێك واته‌: ی وشه‌كه‌ تێك نه‌دات.

4- له‌ كاتی وه‌ستاندا دروسته‌ له‌ خوێندنه‌وه‌كه‌ت بگه‌ڕێیته‌وه‌ بۆ پێشه‌وه‌و دواتر ته‌واو بكه‌ی به‌لاّم له‌ سه‌كت دا خوێندنه‌كه‌ ته‌واو ده‌كه‌ی له‌ دوای سه‌كت.

5- وه‌ستان نابێت ته‌نها له‌ سه‌ر وشه‌ نه‌بێت به‌لاّم سه‌كت ده‌كرێت له‌سه‌ر وشه‌ یان پیت بێت.

بابەتی(درێژکردنەوە) و(کورت کردنەوە)

(باب المد والقصر)

بابەتی درێژکردنەوەو کورت کردنەوە لە بابەتە گرنگەکانی ئەحکامی تەجویدە، چونکە قورئانی پیرۆز بە دوو شت جیاکراوتەوە لە زمانی عەرەبی، ئەویش بریتین لە: یەکەم: مینگە(غونە) دووەم: درێژکردنەوە.

ڕەنگە بنچینەی درێژکردنەوە لەم فەرمودە وەرگیرابێت کە پێشەوا بوخاری(ڕەحمەتی خودای لەسەر بێت) باسی کردووە لە صەحیحەکەی خۆیدا لە قەتادە(ڕەزای خودای لەسەر بێت) دەگێڕێتەوە کە ئەو پرسیاری لە ئەنەسی کوڕی مالیك کردووە(ڕەزای خودای لەسەر بێت) دەربارەی خوێندنەوەی پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: پێغەمبەر(ﷺ) درێژکردنەوەی ئەنجام دەدا لەو شوێنەی کە پێویستی بە درێژکردنەوە دەبو.

لە ڕیوایەتێکی تر هاتووە کە پێغەمبەر(ﷺ) درێژکردنەوەی ئەنجام دەدا بە دەنگەکەی خۆی، وەهەروها پێشەوا سیوطی باسی کردووە لە کتێبەکەی خۆی بەناوی(الدر المنثور) و ئەلبانی بەڕاستی زانیوە کە: پیاوێك ئایەتی: ﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ﴾،[تەوبە:60]. خوێندەوە بێ درێژکردنەوە، ئیبن مەسعود(ڕەزای خودای لەسەر بێت) فەرموی: پێغەمبەر(ﷺ) بەم شێوازە نەیخوێندۆتەوە، پیاوەکەش وتی ئەی چۆن بەسەرتانی دەخوێندەوە ئەی باوکی عەبدوڕەحمان؟ فەرموی: بەم شێوەیە دەیخوێندەوە: ﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ ﴾. واتە: بە شێوەی درێژکردنەوە، مەبەستی ئیبن مەسعود واتە: ڕازی نەبو کە پیاوەکە بەبێ درێژکردنەوە ئایەتەکە بخوێنێتەوە.

تێبینی:

زاراوەی کورت کردنەوە ئەگەر بەتەنها باس کرا مەبەستی زانایانی تەجوید ئەوەیە کە تەنها دوو جوولە درێژ بکرێتەوە، بەڵام مەبەست لە زاراوەی درێژکردنەوە زیاتر لە دوو جوولە یە.

وەرش مەزهەبێکی تایبەتی هەیە لە سەر درێژکردنەوەکان بریتیە لە: درێژکردنەوەی بەدەل، لکاندنی گەورە، درێژکردنەوەی لکاو، درێژکردنەوەی نەرم.



مهزههبی پێشهوا وهڕش دهربارهی درێژكردنهوه

1- پێشهوا وهڕش درێژكردنهوهی پێویست و لكاوو نهلكاو به شهش جووله دهخوێندرێتهوه، تهنها پیتی(ع) نهبێت له سهرتای دهسپێكی سورهتی مهریهم و سورهتی شورا، وهڕش لهم بابهتهدا درێژكردنهوهی شهش یان چوار جووله ئهنجام دهدات(1).

تێبینی:

ههندێ وشه ههیه لای پێشهوا وهڕش درێژكردنهوهی پێویسته، له وشهدا پێچهوانهی پێشهوا حهفص ی كردووه، وهك: ﴿ ٱلَّـٰٓـِٔي ﴾ له یهك له شێوهكانی باری وهستاندا وهك: ﴿ جَآءَ ءَالَ لُوطٍ ﴾ له یهك له شێوهكانی وهستاندا له سهر ﴿ءَالَ﴾ ههروهها وهك: ﴿ شَآءَ أَنشَرَهُۥ ﴾ به یهك له شێوهكانی خوێندنهوه هی تریش ههن بهلاَم له بابهتی خۆیدا باس دهكرێن.

2- درێژكردنهوهی بهدهل (مد البدل)

درێژكردنهوهی بهدهل بریتیه له ههمو ههمزهیهكی درێژكراو وهك: ﴿ لِيَسۡتَيۡقِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ وَيَزۡدَادَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِيمَٰنًا ﴾،[مودهثیر:31]. جیاوازیشی نیه ئایه پیته درێژكراوهكه به كارهاتبێت بهدهل ههمزه وهك: ﴿ءَامَنُوٓاْ﴾، یان به كار نههاتبێت بهدهل ههمزه وهك: ﴿ٱلۡقُرۡءَانُ﴾، یان گۆڕدراو بێت به گواستنهوه وهك: ﴿ٱلۡأٓخِرِ﴾، یان به گۆڕین وهك: ﴿هَٰٓؤُلَآءِ يَالِهَةً﴾، یان به ئاسان خوێندنهوه وهك: ﴿ءَأٰلِهَتُنَا﴾.

---

(1) خاوهنی كتێبی(غيث النفع) دهفهرموێت: درێژكردنهوهی دوو جووله له وشهی[عين] دروست نیه لای وهڕش له ڕێگهی ئهزرهق چونكه پێچهوانهی بنچینهی خۆیهتی،چونكه وا سهیردهكا كه درێژكردنهوهكه پیتی نهرمه(لين) پێش ههمزه له وشهی[شيء]و وشهی[سوء] ئهوهی باشتره چونكه هۆی زهنه به هێزتره له هۆی ههمزه، عهلی موحهممهدا صهفاقسی، كتێبی(غيث النفع في القراءات السبع)(بهیروت، نوسینگهی كتب العلمية1425ی كۆچی لا78.

پێشەوا وەڕش بە تەنهایە لە بارەی درێژکردنەوەی بە دەل، بە شێوەیەك گشت قاریئەکان یەك دەنگن لەسەر درێژکردنەوەی دوو جوولە تەنها وەڕش نەبێت ئەو سێ خوێندنەوەی بۆ هەیە:-

1- درێژکردنەوەی دوو جوولە ئەوەیان پێش دەکەوێت لە جێبەجێ کردندا.

2- درێژکردنەوەی چوار جوولە.

3- درێژکردنەوەی شەش جوولە.

جیاکراوتەوە:

لای پێشەوا وەڕش لەو سێ شێوە خوێندنەوەدا دوو وشەو سێ بنچینە، بۆی هەیە بە دوو جوولە درێژکردنەوەی بەدەل دەخوێندرێتەوە لەو جیاکردنەوە.

دەربارەی دوو وشەکە بریتین لە:

✓ (يؤاخذ) بەهەر شێوەیەك هاتبێت وەك: ﴿ يُؤَاخِذُ، تُؤَاخِذْنَآ، يُؤَاخِذُكُمُ ﴾.

✓ (إسرائيل)[1]. بەهەر شێوەیەك هاتبێت لە قورئانی پیرۆز وەك:

﴿ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ﴾. ئەوەش لە باری نەوەستاندا، بەڵام لە باری وەستاندا ئەوە دەبێتە بابەتی درێژکردنەوەی پەیداکراو بۆ زەنەو درێژکردنەوەی بە ئەندازەی 6/4/2 جوولە، چونکە درێژکردنەوەی پەیداکراوی زەنە بە هێزترە لە درێژکردنەوەی بە دەل.

---

(1) زانایان دەفەرمون: نابێت درێژبکرێتەوە بە هۆی قورسی دوو درێژکردنەوە لە وشەیەکی بێگانە کە پیتەکانی زۆربێت و زۆر هاتبێت لە قورئانی پیرۆزدا زۆربەی جار دانەپاڵی بۆ دەکرێت وشەیەکی درێژکراوی تر ئەویش وشەی (بنو ، بني) دێژکردنەوەیان لابردراوە بەهۆی ئاسان خوێندنەوەیان.

دەربارەی ئەو سێ بنچینەی دەرکراون ئەمانەن:

1- دەبێت ئەو هەمزەی دەکەوێتە دوای ئەلیف گۆڕدرابێت بە تەنوین وەك:

﴿بِنَآءً، جَزَآءً﴾، وەستان لەسەر ئەم جۆرە وشانە ئەوە بەرهەم دێنێت دەنگێکی درێژکراوی بەدەل چونکە تەنوین گۆڕدراوە بە ئەلیف، درێژکردنەوەی دوو جوولەش دیاری دەکرێت، چونکە ئەلیفی گۆڕدراو پەیداکراوە لە پێناو وەستاندا نەك بۆ بەدەل.

ئاگادارکردنەوە:

ئەلیف لە ﴿رَءَا ٱلشَّمۡسَ﴾و پیتی(و) لە ﴿تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ﴾، جێگیرن لە باری وەستاندا، دەبێتە بەدەل ئەلیفیش پەیداکراونیە، وەرش لە باری وەستاندا خوێندنەوەی بەدەل هەیە لە هەرسێکدا، لابردنیشی لە باری نەوەستاندا پەیداکراوە بەهۆی دوو زەنە.

2- لە پێش هەمزە بەدەل زەنندارێکی دروست بێت وەك:

﴿ مَذۡءُومًا، ٱلظَّمۡـَٔانُ، قُرۡءَانٍ ﴾ لەم وشەو هاوشێوەکانی دیاری دەکرێت درێژکردنەوەی دوو جوولە بەڵام دەربارەی وشەی ﴿ ٱلۡمَوۡءُۥدَةُ ﴾ وەرش بە درێژکردنەوەی بەدەل بە هەر سێ شێوە دەخوێنێتەوە، چونکە پیتی(و)ی لیین پیتێکی نزیکە لە پیتە ڕاستەکان.

3- پیتی درێژکراو پەیدابێت لە پاش هەمزەی لکاوی دەستپێکراو وەك: ﴿ ٱئۡتُونِي، ٱؤۡتُمِنَ ﴾ چونکە پیتی درێژکراو گۆڕدراوە لە هەمزە ئەویش پەیداکراوە، لێردا درێژکردنەوەی دوو جوولە درێژدەکرێتەوە.

ئاگادارکردنەوە:

لە باری نەوەستاندا لە بڕگەی پێشوو یەك هەمزەی تاکی زەنندار دەردەبڕدرێت ئەویش هەمزەی پچڕاوە.

له دوو وشهدا جیاوازی ههیه:

كه ئهوانهن: ﴿ ءَآلۡـَٰٔنَ ﴾،[یونس:51و59].﴿ عَادًا ٱلۡأُولَىٰ﴾، [نهجم:50]. ههندێ له زانایان لهم دوو وشهدا گهڕاونهتهوه بۆ بنچینهی خۆیان وهسێ بهدهل یان بهسهر دا سهپاندوه، ههندێكی تر له زانایان گهڕاندویانهتهوه به پهیداكراو –ئهویش گواستنهوهی جوولهی ههمزهیه– پێویست بوه لهسهری درێژكردنهوهی دوو جووله لهسهر، ئهوهش له فهرمودهی خوای گهوره هاتوه وهك: ﴿ عَادًا ٱلۡأُولَىٰ ﴾ سێ بهدهل، وهوشهی ﴿ءَآلۡـَٰٔنَ ﴾ به ههمان شێوه سێ بهدهل تێدایه، بهڵام ئهم سێ خوێندنهوهیه دژ بهیهك دهبێت لهگهڵ وشهكانی پێشوو یان وشهكانی داهاتو درێژهدانیشی بهم شێوهیه:

❶ وشهی ﴿ ءَآلۡـَٰٔنَ ﴾،[یونس:51و59]. مهبهست پێی ئهلیفی دووهمه لهم وشه وهمهبهست پێی ئهلیفی یهكهم نیه[(1)].

وشهی ﴿ ءَآلۡـَٰٔنَ ﴾ سێ بهدهل تێدایه، بهڵام ئهو سێ خوێندنهوه جێ بهجێ ناكرێت بهسهر گشت خوێندنهوهكانی ههمزهی لكاو –ئاسان خوێندنهوهی گۆڕینی به ئهلیف لهگهڵ درێژكردنهوهی دوو یان شهش جووله– ئهوهی باس كرا له ڕابردو له بابهتی گواستنهوه، لێرهدا ههندێ شێوهی ڕێگه پێدراوو شێوهی قهدهغهكراو ههیه خوێندنهوه دروستهكان بهم شێوهن:

✓ **حالهتی یهكهم:-**

بهتهنیا هاتنی وشهی ﴿ ءَآلۡـَٰٔنَ ﴾بهدهل له پێش هاتو یان له دوا هاتوو وهخوێندنهوهی لهگهڵ دوای خۆی ئهوهش حهوت خوێندنهوهی بۆ ههیه:

1، 2، 3- گۆڕینی ههمزهی لكاو به ئهلیف و درێژكردنهوهی شهش جووله وهسێ بهدهل دهكهوێته سهر.

---

(1) ئهوه له كاتێكدا ئهگهر بخوێندرێتهوه لهسهر شێوهی درێژكردنهوهی شهش یان دوو جووله له ئهلیف ی یهكهم.

4، 5، 6- ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی لكاو وەسیٚ بەدەل دەكەوێتە سەر.

7 - گۆڕینی هەمزەی لكاو بە ئەلیف و درێژكردنەوەی دوو جووله بەدەل.

✓ **حالەتی دووەم:-**

بەتەنیا هاتنی وشەی ﴿ ءَآلْـٰٔنَ ﴾ لەطۆل بەدەلێك لەدوای خۆی یان لە پێش خۆی لە باری وەستان لەسەر ئەو بنەمایە نۆ خوێندنەوەی بۆ هەیە:

1، 2، 3- گۆڕینی هەمزەی لكاو بە ئەلیف و درێژكردنەوەی شەش جووله وەسیٚ پەیداكراوی زەننەدار.

4، 5، 6- ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی لكاو لە نێوان وەسیٚ پەیداكراوی زەننەداری دەكەوێتە سەر.

7، 8، 9- گۆڕینی هەمزەی لكاو بە ئەلیف و درێژكردنەوەی دوو جووله وەسیٚ پەیداكراوو زەننەدارێكی دەكەوێتە سەر.

بۆ زانینی بنچینەی ﴿ ءَآلْـٰٔنَ ﴾، وەبۆ تەواو كردنی باری دروست بڕوانە پاشكۆی ژمارە(1) لە كۆتایی بەشی بنچینەكان.

خوێندنهوه قهدهغهكراوهكانی وهرش

له وشهی ﴿ ءَآلْـئٰـنَ ﴾ لهگهڵ بهدهل ی له پێش هاتوو یان له دوای هاتوو

(الأوجه الممتنعة لورش في لفظ ﴿ ءَآلْـئٰـنَ ﴾ مع بدل سابق أو لاحق)

أ- گۆڕینی ههمزهی لكاو به ئهلیف و درێژكردنهوهی شهش جووله، لهگهڵ چوار جووله بهدهل لهو ئهلیفهی دهكهوێته دوای پیتی(ل) له ﴿ ءَآلْـئٰـنَ ﴾، لهسهر ئهم شێوه خوێندنهوهش دوو خوێندنهوه قهدهغه دهبێت ئهوانیش:
درێژكردنهوهی دوو یان شهش جووله جیاوازیش نیه بهدهل ی داهاتو بێت یان پێشوو تربێت.

ب- گۆڕینی ههمزهی لكاو به ئهلیف و درێژكردنهوهی شهش جووله، لهگهڵ درێژكردنهوهی شهش جووله ئهو ئهلیفهی دهكهوێته دوای پیتی(ل) له ﴿ ءَآلْـئٰـنَ ﴾، لهسهر ئهم شێوه خوێندنهوهش دوو خوێندنهوه قهدهغه دهبێت ئهوانیش:
درێژكردنهوهی دوو یان چوار جووله جیاوازیش نیه بهدهل ی له دوا هاتووبێت یان له پێشی هاتووبێت.

ت- ئاسان خوێندنهوهی ههمزهی لكاو، لهگهڵ درێژكردنهوهی چوار جوولهی بهدهل لهو ئهلیفهی دهكهوێته دوای پیتی(ل) له ﴿ ءَآلْـئٰـنَ ﴾، لهسهر ئهم شێوه خوێندنهوهش دوو خوێندنهوه قهدهغه دهبێت ئهوانیش: درێژكردنهوهی دوو یان شهش جووله جیاوازیش نیه بهدهلهكه له دوای هاتبێت یان له پێشی هاتبێت.

ث- ئاسان خوێندنهوهی ههمزهی لكاو، لهگهڵ درێژكردنهوهی شهش جووله لهو ئهلیفهی دهكهوێته دوای پیتی(ل) له ﴿ ءَآلْـئٰـنَ ﴾، لهسهر ئهم شێوه خوێندنهوهش دوو خوێندنهوه قهدهغه دهبێت ئهوانیش: درێژكردنهوهی دوو یان چوار جووله جیاوازیش نیه بهدهلی به دوادا هاتبێت یان له پێشی هاتبێت.

ج- گۆڕینی هەمزەی لکاو بە ئەلیف و درێژکردنەوەی چوار یان شەش جوولەی بەدەل، لەو ئەلیفەی دەکەوێتە دوای پیتی(ل) لە ﴿ ءَآلۡـَٰٔنَ ﴾، لەسەر ئەم شێوە خوێندنەوەش قەدەغەدەبێت هەمو خوێندنەوە عەقلیەکان ئەوەی دامەزارەوە لەسەریان.

شێوە خوێندنەوە قەدەغەکراوەکان	﴿ ءَآلۡـَٰٔنَ ﴾	بەدەل
1	4 6	2
2	4 6	6
3	6 6	2
4	6 6	4
5	ئاسان خوێندنەوەی 4	2
6	ئاسان خوێندنەوەی 4	6
7	ئاسان خوێندنەوەی 6	2
8	ئاسان خوێندنەوەی 6	4
9	4 2	2
10	4 2	4
11	4 2	6
12	6 2	2
13	6 2	4
14	6 2	6

کەواتە:

خوێندنەوە قەدەغەکراوەکان لای وەڕش لە وشەی﴿ ءَآلۡـَٰٔنَ ﴾ بریتیە لە چواردە خوێندنەوە، جیاوازیش نیە بەدەل ی بە دوای داهاتبێت یان لە پێشی هاتبێت.

نمونەی ڕابردو لەسەر بەدەل ی بەدوا هاتوو بوو، تێبینی ئەوەش دەکرێت ئەو خوێندنەوە قەدەغەکراوانە لەسەر گۆڕینی هەمزەی لکاو بە ئەلیف بە درێژکردنەوەی دوو

جووله دەبێت، لەگەڵ درێژکردنەوەی چوار یان شەش بەدەل لەو ئەلیفەی دەکەوێتە دوای پیتی(ل) لە﴿ ءَآلْـٰٔنَ ﴾، لەسەر ئەم شێوە خوێندنەوەش قەدەغەدەبێت هەمو خوێندنەوە عەقلیەکان ئەوەی دامەزارەوە لەسەریان، وادەردەکەوێت کە گۆڕینی هەمزەی لکاو بە ئەلیف درێژدەکراو بە دوو جووله بۆتە پێچوی بەدەل، لەوکاتە پێویست دەبێت یەکسان بێت لەگەڵ بەدەل ی نزیك لەو لە خودی وشەکە، یان زیاتر کات لەسەر ئەو شەش شێوە خوێندنەوە یان ئاسان کردنی لە پەرتووکی (تەیسیر) هاتووە.

سود:-

ئەوەی وەرش دەیخوێنێتەوە بە شەش جوولەو چوار جووله لە هەمزەی لکاوی گۆڕدراو بە ئەلیف لە وشەی {ءالآن} لە دوو شوێنی سورەتی یونس، وەدرێژکردنەوەی تەنها چوار جووله لە بەدەل ی لە دوای پیتی(ل) بەلأم ڕێگای پەرتووکی تەیسیر لە هەردوو درێژکردنەوە بریتیە لە درێژکردنەوەی تەنها چوار جووله چونکە لە باوکی قاسم هاتوە خەلەفی کوڕی خاقان، ئەوە پەسندە لای ئەو لەو وشە لە ڕێگەی پەرتووکی تەیسیر.

بەلأم شێخ ضـەباع لە کتێبی(إرشاد المرید) بە دروستی دانەناوە درێژکردنەوەی چوار جووله لە هەمزەی لکاوی گۆڕدراو بە ئەلیف، هەرچەندە هەندێك لە زانایان باسیان کردوە، وەڕش زیاد دەکات لە باری وەستاندا درێژکردنەوەی شەش جووله لە دوای پیتی(ل)ی زەننەداری پەیداکراو.

بۆ زیاتر سود بینین لەم بابەتە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(2)و(3)ی لە کۆتایی بەشی بنچینەکان.

❷ ﴿ وَأَنَّهُۥٓ أَهۡلَكَ عَادًا ٱلۡأُولَىٰ ﴾،[نەجم:50]. ئەگەر لەگەڵ﴿عَادًا ٱلۡأُولَىٰ﴾ بەدەل هات **ئیتر لە خودی قیڕائەتەكەدا ئەوە پێنج خوێندنەوەی بۆ هەیە:**

درێژكردنەوەی دوو جوولە له﴿عَادًا ٱلۡأُولَىٰ﴾ لەگەڵ سێ بەدەل و لەگەڵ درێژكردنەوەی چوار جوولە یان لەگەڵ درێژكردنەوەی شەش جوولە، خاوەنی پەرتووكی(إتحاف البرية)[1]. **بە هونراوەیەك باسی كردووە:**

40: وعاداً الأُولَى فاقْصُرَنْهُ وَثَلِّثاً   لِهَمْزٍ وَوَسِّطْ وَامْدُدِ الكُلَّ مَحْفِلا

كەواتە:

له﴿ عَادًا ٱلۡأُولَىٰ ﴾ سێ بەدەل هەیە، دەربارەی بەدەل سێ بەدەل ی تێدا هەیە بە هەمان شێوە، بەڵام ئەم سێ خوێندنەوەیە جێ بەجێ ناكرێت لەسەر گشت شێوە خوێندنەوەكانی تری﴿عَادًا ٱلۡأُولَىٰ﴾ –درێژكردنەوەی دوو جوولە لەگەڵ درێژكردنەوەی چوار جوولە و شەش جوولە – ئەوەی باس كرا لە بابەتی گواستنەوەدا لێرەدا خوێندنەوەی دروست و قەدەغەكراو هەیە گشت خوێندنەوەكانیش بەم شێوەیە:

✓ خوێندنەوەی یەكەم

بابەتی: ﴿ عَادًا ٱلۡأُولَىٰ ﴾ **لەگەڵ بەدەل دواتر دێت:** ﴿ءَاٰلۡـَٰٔنَ﴾، **بۆی هەیە تێیدا نۆ خوێندنەوەی عەقلی، پێنج خوێندنەوەی تێدا دروستە:**

---

[1] **ناوی تەواوی حەسەنی كوڕی خەلەف حوسەینیە لە ساڵی**(1422)**ی كۆچی پەرتووكی**(إتحاف البرية بتحريرات الشاطبية)(طنطا، دار الصحابة للتراث بطنطا،1422)**كۆچی.**

وشەی ﴿عَادًا ٱلۡأُولَىٰ﴾ لەگەڵ درێژکردنەوەی بەدەل داهاتو

(لفظ ﴿عَادًا ٱلۡأُولَىٰ﴾ مع مد البدل اللاحق)

خوێندنەوەدروستەکان	﴿عَادًا ٱلۡأُولَىٰ﴾	﴿ءَالۡآءِ﴾
1	دووجووله	دووجووله
2	دووجووله	چوارجووله
3	دووجووله	شەش جووله
4	چوارجووله	چوارجووله
5	شەش جووله	شەش جووله

دەربارەی گشت خوێندنەوەکانی عەقلی بۆ بەدەل لە داهاتوو ئەمانەن:

عەلقیەکان	﴿عَادًا ٱلۡأُولَىٰ﴾	﴿ءَالۡآءِ﴾	بریار
1	2	2	دروستە
2	2	4	دروستە
3	2	6	دروستە
4	4	2	قەدەغەیە
5	4	4	دروستە
6	4	6	قەدەغەیە
7	6	2	قەدەغەیە
8	6	4	قەدەغەیە
9	6	6	دروستە

✓ خوێندنه‌وه‌ی دووه‌م

بابه‌تی: ﴿ عَادًا ٱلۡأُولَىٰ ﴾، دێت له‌گه‌ڵ به‌ده‌ل ی ڕابردو﴿أَسَـٰٓـُٔواْ﴾، ئه‌وه‌ش نۆ خوێندنه‌وه‌ی عه‌قلی تێدایه‌، پێنجیان تێدا دروسته:

وشه‌ی ﴿عَادًا ٱلۡأُولَىٰ ﴾ له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌ی به‌ده‌ل ی ڕابردو

(لفظ ﴿عَادًا ٱلۡأُولَىٰ ﴾ مع مد البدل السابق)

خوێندنه‌وه‌دروسته‌كان	أَسَـٰٓـُٔواْ عَادًا	ٱلۡأُولَىٰ
1	دووجووله	دووجووله
2	چوارجووله	دووجووله
3	چوارجووله	چوارجووله
4	شه‌ش جووله	دووجووله
5	شه‌ش جووله	شه‌ش جووله

ده‌رباره‌ی گشت خوێندنه‌وه‌كانی عه‌قلی بۆ به‌ده‌ل له پێشوودا ئه‌مانه‌ن:

عه‌لقیه‌كان	أَسَـٰٓـُٔواْ	عَادًا ٱلۡأُولَىٰ	بڕیار
1	2	2	دروسته
2	2	4	قه‌ده‌غه‌یه
3	2	6	قه‌ده‌غه‌یه
4	4	2	دروسته
5	4	4	دروسته
6	4	6	قه‌ده‌غه‌یه
7	6	2	دروسته
8	6	4	قه‌ده‌غه‌یه
9	6	6	دروسته

كۆبونەوەی وشەی ﴿ءَآلذَّكَرَيْنِ﴾ لەگەڵ درێژكردنەوەی بەدەل

(اجتماعُ لفظ ﴿ءَآلذَّكَرَيْنِ﴾ مع مد البدل)

لەكاتی كۆبونەوەی وشەی ﴿ءَآلذَّكَرَيْنِ﴾ لەگەڵ درێژكردنەوەی جێگرەوە(بەدەل)، دەبێت گۆڕینی هەمزەی لكاو بە ئەلیف ی سێ بەدەل بێت، وەدەربارەی ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی لكاو نابێت درێژكردنەوەی دوو جوولەی بۆ ئەنجام بدرێت بەلكو تەنها دروستە درێژكردنەوەی چوار یان شەش جووله.

وشەی ﴿ءَآلذَّكَرَيْنِ﴾ لەگەڵ درێژكردنەوەی بەدەل

(لفظ ﴿ءَآلذَّكَرَيْنِ﴾ مع مد البدل)

خوێندنەوەدروستەكان	أَسَـٰٓـُٔواْ عَادًا	ٱلْأُولَىٰ
1	گۆڕین بەئەلیف	دووجووله
2	گۆڕین بەئەلیف	چوارجووله
3	گۆڕین بەئەلیف	شەش جووله
4	ئاسان خوێندنەوە	چوارجووله
5	ئاسان خوێندنەوە	شەش جووله

وەك:﴿ قُلْ ءَآلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ ٱلْأُنثَيَيْنِ أَمَّا ٱشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ ٱلْأُنثَيَيْنِ نَبِّـُٔونِي بِعِلْمٍ ﴾، [ئەنعام:143].

تێبینی:-

ئەگەر درێژكردنەوەی بەدەل لەگەڵ پەیداكراوێكی زەننەدار(عارض للسكون) وەك:

﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴾ [بەقەرە:82]، یان ئەگەر كۆبویەوە دوو بەدەل لە یەك ئایەتدا، یەكەمیان لە باری نەوەستان و دووەمیان لە باری وەستاندا وەك:

﴿ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَوۡاْ إِلَىٰ شَيَٰطِينِهِمۡ قَالُوٓاْ إِنَّا مَعَكُمۡ إِنَّمَا نَحۡنُ مُسۡتَهۡزِءُونَ ﴾ [بەقەڕە:14]. ئەو بەدەلە لە باری وەستاندا لەم نمونەیەو هاوونەكانی ئەوە پەیداكراوی زەننەدارە، هەر بۆیە وەڕش لە هەردوو باردا شەش خوێندنەوەی بۆ هەیە:

1+2+3: درێژكردنەوەی دوو جوولە بەدەل لە باری وەستاندا وەبۆی هەیە درێژكردنەوەی دوو یان چوار یان شەش جوولە (بەدەل لە باری وەستانداو زەننەی پەیداكراو).

4+5: درێژكردنەوەی چوار جوولە بەدەل لە باری وەستاندا وەبۆی هەیە درێژكردنەوەی چوار یان شەش جوولە (بەدەل لە باری وەستانداو زەننەی پەیداكراو)، درێژكردنەوەی شەش جوولە ڕاسترە، چونكە پێشەوا دانی لەلای شێخی خۆی كە شیخ(خەلەف خاقانیە) ئەوە لە ڕێگەی ئەوە لە كیتابی تەیسیر لە ڕوایەتی وەڕش دا.

6: درێژكردنەوەی شەش جوولەی بەدەل لە باری وەستاندا وەبۆی هەیە درێژكردنەوەی شەش جوولە لە(بەدەل لە باری وەستانداو زەننەی پەیداكراو).

درێژكردنه‌وه‌ی لیین ی هه‌مزه‌دار
(مد اللين المهموز)

درێژكردنه‌وه‌ی لیین:

ئه‌وه‌یه به دوای پیتی لیین بێت زه‌نننه‌دارێكی په‌یداكراو له پێناو وه‌ستاندا ئه‌وه‌ش وه‌ك: ﴿ قُرَيْشٍ، وَٱلصَّيْفِ ﴾، **قاریئه‌كان یه‌ك ده‌نگن له‌سه‌ر دوست بوونی وه‌ستان له‌سه‌ری به درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله ئه‌وه‌یان ڕاستره –وه‌هه‌روه‌ها چوار یان شه‌ش جووله– له باری نه‌وه‌ستاندا پیتی لیین جێگیرده‌بێت به‌بێ درێژكردنه‌وه.**

به‌ڵام ئه‌گه‌ر له دوای پیته‌كانی لیین هه‌مزه هات له یه‌ك وشه، جیاوازیش نیه درێژكردنه‌وه‌كه چوار جووله بێت وه‌ك: ﴿ سَوْءَةَ، كَهَيْـَٔةِ ﴾، **یان له‌هه‌مزه‌كه له كۆتایی هاتبێت وه‌ك:** ﴿ ٱلسَّوْءِ، شَيْءٍ ﴾، **وه‌ڕش دوو خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه له باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا:**

- **یه‌كه‌م: درێژكردنه‌وه‌ی چوار جووله.**
- **دووه‌م: درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جووله.**

بۆ نمونه: ﴿ مَا كَانَ أَبُوكِ ٱمْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا ﴾،[**مه‌ریه‌م**:28]. **سوره‌تی، ئایه‌تی و سوره‌تی، ئایه‌تی،** ﴿ لِيُرِيَهُۥ كَيْفَ يُوَٰرِى سَوْءَةَ أَخِيهِ ﴾،[**مائیده**:31].

جیاكراوته‌وه: له‌م بابه‌ته دوو وشه ئه‌وانیش:

- ﴿ مَوْئِلًا ﴾،[**كه‌هف**:58].
- ﴿ ٱلْمَوْءُۥدَةُ ﴾،[**ته‌كویر**:8].

وه‌ڕش له هه‌ردوكیاندا پیتی لیین جێگیر ده‌كات به‌بێ درێژكردنه‌وه.

تێبینی:

﴿ٱلۡمَوۡءُۥدَةُ﴾ دوو درێژكردنەوەی تێدایە، یەكەم: درێژكردنەوەی لیین ی هەمزەداره كه بریتیه له [الموء] دووەمیان درێژكردنەوەی بەدەل وەك: [ءودة]، یەكەمیان درێژ ناكرێتەوە چونكه جیاكراوتەوە هەر وەك باس كرا، دووەمیان درێژدەكرێتەوە(2 یان 4 یان 6) جووله.

جیاوازی هەیه لای وەرش لەسەر پیتی(و) له وشەی{سَوءات}كه بەكاربێت بۆ(دووان یان كۆ) ئەوەش له پێنج شوێندا هاتووه، چواریان له سورەتی ئەعراف ئایەتەكانی(20، 22، 26، 27)، یەك ئایەت له سورەتی طه ئەویش ئایەتی(121)، هەندێ له زانایان جیایان كردۆتەوە له حوكمی لیین دا –چونكه لەم وشه دا درێژكردنەوەی لیین و درێژكردنەوەی بەدەل– ڕێگەیان پێ نەداوە تەنها درێژكردنەوەی دوو جووله نەبێت، بەشێكیانیش پێیان وایه دەكرێت درێژكردنەوەی چوار یان شەش جووله ئەنجام بدرێت، ڕاستر ئەوەیە لەم بابەتە –ئەویش بۆچونی ئیبنو لجەزەریه– جیاوازی لەسەر پیتی(و) تەنها دەخولێتەوە له نێوان درێژكردنەوەی دوو و چوار جووله شەش جوولەی تێدا نیه.

ئەگەر كۆبویەوە لەم وشەدا دوو جۆر درێژكردنەوە ئەوانیش: درێژكردنەوەی لیین و بەدەل، وەرش لەم بارەدا تەنها چوار خوێندنەوەی كرداری بۆ هەیه بەم شێوەیە:
درێژكردنەوەی پیتی(و) به دوو جووله و سێ بەدەل، لەگەڵ درێژكردنەوەی چوار جوولەی پیتی(و)و تەنها چوار جووله بەدەل، چونكه مەزهەبی وەرش درێژكردنەوەی چوار جوولەی پیتی(و) له وشەی(سوءات) نیه تەنها چوار جووله دەخوێندرێتەوە، ئەوەش دەردەكەوێت كه مەبەست له درێژكردنەوەی چوار جووله لێرەدا جێگیر كردنی پیتی لیین بێ درێژكردنەوە، نەك مەبەست پێی درێژكردنەوەی دوو جووله بێت.

وشه‌ی ﴿ سَوۡءَٰتِ ﴾

وه‌ك: ﴿ لِيُبۡدِيَ لَهُمَا مَا وُۥرِيَ عَنۡهُمَا مِن سَوۡءَٰتِهِمَا ﴾،[**ئه‌عراف**:30].

خوێندنه‌وه‌دروسته‌كان	لیین له‌وشه‌ی ﴿ سَوۡءَٰتِ ﴾	بۆ كۆ به‌ده‌ل
1	دووجووله	دووجووله
2	دووجووله	چوارجووله
3	دووجووله	شه‌ش جووله
4	چوارجووله	چوارجووله

ئاگاداركردنه‌وه: وشه‌ی ﴿سَوۡءَةَ﴾ كه بۆ تاك به‌كاربێت ده‌كه‌وێته ژێر بابه‌تی درێژكردنه‌وه‌ی لیین ی هه‌مزه‌دار وه‌درێژكردنه‌وه‌كه‌شی به ئه‌ندازه‌ی4 یان6 جووله ده‌بێت.

تێبینی:-

درێژكردنه‌وه ده‌گۆڕێت به‌پێی به‌هێزی و بێ هێزی به‌پێی هۆكاره‌كانی، ئه‌گه‌ر هاتوو هۆكاری درێژكردنه‌وه‌ی به هێز بوو درێژكردنه‌وه‌كه‌ش به‌هێز ده‌بێت، وه‌ئه‌گه‌ر هۆكاری درێژكردنه‌وه لاواز بوو ئه‌وه خودی درێژكردنه‌وه‌كه‌ش لاواز ده‌بێت.

خاوه‌نی كتێبی(لآلئ البيان**)ی شێخ ئیبراهیم ی سه‌منودی ده‌فه‌رموێت:** أقوى المدود لازم فما اتصل فعارض فذو انفصال فبدل.

ئه‌گه‌ر كۆبویه‌وه درێژكردنه‌وه‌ی به‌ده‌ل له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌ی لیین ی هه‌مزه‌دار لێره‌دا شه‌ش خوێندنه‌وه‌ی بۆ دروست ده‌بێت، دووانیان قه‌ده‌غه‌كراون وچواریان ڕێگه پێدراون، جیاوازیشی نیه ئایه به‌ده‌ل پێش كه‌وتووه یان دواكه‌وتووه.

کۆبونەوەی درێژکردنەوەی بەدەل لەگەڵ لیین ی هەمزەدار لای وەرش
(اجتماع مد البدل مع اللين المهموز لورش)

قەدەغەیە لای وەرش: درێژکردنەوەی دوو و چوار جوولەی بەدەل لەگەڵ درێژکردنەوەی شەش جوولە لە لیین ی هەمزەدار.

قەدەغەکراو لەکاتی درێژکردنەوەی بەدەل لەگەڵ لیین ی هەمزە دار لای وەرش
(الممتنع عند اجتماع مد البدل مع اللين المهموز ل وَرش)

خوێندنەوە قەدەغەکراو	بەدەل	لیین ی هەمزەدار
1	دووجوولە	شەش جوولە
2	چوارجوولە	شەش جوولە

بەڵام ئەگەر ئێمە درێژکردنەوەی چوار جوولەمان هەلبژارد لە لیین ی هەمزەدار ئەو کاتە دروستە بۆمان بە عەقڵ لە درێژکردنەوەی بەدەل بە ئەندازەی(6/4/2) جوولە، واتە: پێکهاتەی گشت ئەو خوێندنەوانەی باس کران دەبێتە شەش خوێندنەوە، دوانیان قەدەغەن وچواریشیان ڕێگە پێدراون.

نمونەی پێشخستنی بەدەل لەسەر لیین ی هەمزەدار له﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَيَبْلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ بِشَيْءٍ مِّنَ ٱلصَّيْدِ تَنَالُهُۥٓ أَيْدِيكُمْ وَرِمَاحُكُمْ﴾،[مائیده:94]، چوار خوێندنەوەی تێدا دروستە بەم شێوەیە: تەنها درێژکردنەوەی دوو جوولە بەدەل دیاری دەکرێت لەسەر درێژکردنەوەی تەنها چوار جوولەی لیین ی هەمزەدار، ودرێژکردنەوەی چوار جوولەی بەدەل دیاری دەکرێت لەسەر درێژکردنەوەی تەنها چوارجوولەی لیین ی

هەمزەدار، درێژکردنەوەی شەش جوولەی بەدەل دیاری دەکرێت لەسەر درێژکردنەوەی چوار جوولەو شەش جوولە لە لیین ی هەمزەدار.

پێش خستنی بەدەل لەسەر لیین ی هەمزەدار لای وەڕش
(تقدم البدل على اللين المهموز لورش)

خوێندنەوەدروستەکان	بەدەل	لیین ی هەمزەدار
1	دووجوولە	چوارجوولە
2	چوارجوولە	چوارجوولە
3	شەش جوولە	چوارجوولە
4	شەش جوولە	شەش جوولە

نمونەی پێش خستنی لیین ی هەمزەدار لەسەر بەدەل ﴿ فَتَحۡنَا عَلَيۡهِمۡ أَبۡوَٰبَ كُلِّ شَيۡءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُواْ بِمَآ أُوتُوٓاْ أَخَذۡنَٰهُم بَغۡتَةً﴾،[**ئەنعام**:44]، **چوار خوێندنەوەی بۆ دروستە بەم شێوەیە:**

درێژکردنەوەی چوار جوولە لە لیین ی هەمزەدار و دوو جوولەی بەدەل و درێژکردنەوەی چوار جوولەی لیین ی هەمزەدار و درێژکردنەوەی چوار جوولە بەدەل و درێژکردنەوەی چوار جوولەی لیین ی هەمزەدار و شەش جوولەی بەدەل و شەش جوولەی لیین ی هەمزەدار و شەش جوولەی بەدەل.

پێش خستنی لیین ی هەمزەدار لەسەر درێژکردنەوەی بەدەل لای وەڕش
(تقدم اللين المهموز على مد البدل لورش)

خوێندنەوەدروستەکان	لیین ی هەمزەدار	بەدەل
1	چوارجوولە	دووجوولە
2	چوارجوولە	چوارجوولە
3	چوارجوولە	شەش جوولە
4	شەش جوولە	شەش جوولە

هەمزە

پیتی هەمزە بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆری هەیە:

- **یەکەم**: پیتی هەمزە لە یەك وشەدا دێت، جیاوازیشی نیە ئەو پیتە هەمزە تاکە یان بەرانبەر هەمزەیەکی ترە، ئەگەر پیتی هەمزە بەتەنها بوو یان دەبێتە زەنندار یان دەبێتە جوولەدار.

- **دووەم**: پیتی هەمزە بکەوێتە دوو وشەوی بەدوای یەك هاتوو.

بابەتی هەمزەی تاك

مەبەست لە پیتی هەمزەی تاك: واتە ئەو هەمزەی کە هاووێنەی خۆی لەگەڵیدا نەبێت، ئەوەش یان زەنندار دەبێت یان جوولەدار.

✓ **یەکەم: هەمزەی تـاك ی زەننەدارو**[1].

مەزهەبی وەرش لەم بابەتە بەم شێوەیە:

أ- **وەرش هەموو هەمزەیەکی زەنندار کە فائی وشەکە بێت واتە یەکەم پیت لە بنچینەی وشەکە دەگۆڕێت بە پیتی درێژکردنەوە لە ڕەگەزی جوولەی پێشەخۆی، ئەوەش لە باری وەستان و نەوەستاندا، وەك:** ﴿ يُؤۡمِنُونَ ؛ مَأۡمُونِ ؛ تَأۡلَمُونَ ؛ وَأۡمُرۡ ؛ ٱلَّذِى ٱؤۡتُمِنَ ؛ ٱلۡهُدَى ٱئۡتِنَاۗ ؛ ٱلسَّمَٰوَٰتِۖ ٱئۡتُونِى ؛ لِقَآءَنَا ٱئۡتِ ؛ يَٰصَٰلِحُ ٱئۡتِنَا ؛ فِرۡعَوۡنُ ٱئۡتُونِى ؛ تَأۡوِيلُهُۥ ؛ يُؤۡتُونَ ﴾.

---

[1] **نیشانەی هەمزەی تاك ی زەنەدار لە قورئانی پیرۆز دەبێت یەك لەم حەوت پیتانەی لە پێش بێت کە بریتیە لە**

(من آتوفى).

ئەگەر هەمزە بكەوێتە دوای فەتحە ئەوە هەمزەكە دەگۆڕدرێت بە ئەلیف وەك:
﴿ مَامُونِ ؛ تَالَمُونَ ؛ وَامُرْ ؛ ٱلْهُدَى ٱاتِنَاۖ ؛ لِقَآءَنَا ٱاتِ ؛ تَاوِيلُهُۥ ﴾.

ئەگەر هەمزە بكەوێتە دوای ضەممە ئەوە هەمزەكە دەگۆڕدرێت بە پیتی(و) وەك: ﴿ يُومِنُونَ ؛ يَٰصَٰلِحُ ٱوتِنَا ؛ فِرْعَوْنُ ٱوتُونِي ؛ يُوتُونَ ﴾.

ئەگەر هەمزە بكەوێتە دوای كەسرە ئەوە هەمزەكە دەگۆڕدرێت بە پیتی(ی) وەك: ﴿ ٱلَّذِى ٱيتُمِنَ ؛ ٱلسَّمَٰوَٰتِۖ ٱيتُونِي ؛ وَبِيرٍ ؛ بِيسَ ؛ ٱلذِّيبُ ﴾.

تێبینی:-

لە كاتی گۆڕینی هەمزە لە﴿ٱلَّذِى ٱؤْتُمِنَ﴾ ئەوەی كە دەخوێندرێتەوە بە﴿ٱلَّذِى ٱيتُمِنَ﴾، لەو كاتەدا ئەو پیتە یائەی لێرەدا دەردەكەوێت ئەوە پیتی(ی) نیە كە لە وشەی: ﴿ٱلَّذِى﴾ دا دەردەكەوێت، چونكە لابردراوە لە باری نەوەستاندا بە هۆی گەیشتنە دوو زەننەدار، بەلكو ئەم پیتە یائی گۆڕدراوە، وەهەروها لەكاتی گۆڕینی بە هەمزە لە وشەی﴿ٱلْهُدَى ٱئْتِنَاۖ﴾ ئەوەی كە دەخوێندرێتەوە بە﴿ٱلْهُدَى ٱاتِنَاۖ﴾، لەو كاتەدا ئەو ئەلیفەی لێرەدا دەردەكەوێت ئەوە ئەلیف ی وشەی﴿ٱلْهُدَى﴾ نیە، چونكە لابردراوە لە باری نەوەستاندا بە هۆی گەیشتنە دوو زەننەدار، بەلكو ئەم ئەلیفە ئەلیف ی گۆڕدراوە، هاووێنەی ئەمەش هەیە لە﴿يَٰصَٰلِحُ ٱئْتِنَا﴾ ئەوەی دەخوێندرێتەوە بە ﴿يَٰصَٰلِحُ ٱوتِنَا﴾.

وەرش بە ناوازی داناوە: لە یاسای گۆڕینی هەمزەی تاك حەوت وشە، ئەویش تەصریف دەكرێت وشەی[الإيواء]، بەم شێوەیە: ﴿ مَأْوَىٰهُمْ؛ فَأْوُۥٓاْ؛ وَتُـْٔوِيٓ؛ تُـْٔوِيهِ؛ مَأْوَىٰكُمُ؛ ٱلْمَأْوَىٰ؛ وَمَأْوَىٰهُ ﴾، **وەرش هەموویان دەخوێنێتەوە بە تەحقیق لەگەڵ ئەوەی كە (فاو الكلمه)یە، هۆكاری ئەمەش گۆڕین قورسترە لە مانەوەی هەمزە.**

بڕوانە نمونەی ژمارە(2)ی كۆتایی بەشی بنچینەكان

ب- وەرش هەمزەی زەنندار دەگۆڕێت بە پیتی(ى) ئەوەی كە دەبێتە پیتی(ع)ی وشە ئەوەش تەنها لە سێ وشەدا بەم شێوەیە:

1- ﴿وَبِئۡرٖ﴾ ئەم وشەیە هاتووە تەنها لە یەك شوێندا، ئەویش سوڕەتی حەج، ئایەتی45.

2- ﴿بِئۡسَ﴾ بەهەر شێوەیەك هاتبێت لە قورئانی پیرۆز، ئەم وشەیە لەسەر كێشی(فِعْلَ) جیاوازیش نیە ئایە بەرانبەرە لەگەڵ پیتی(و) یان پیتی(ف) یان پیتی(ل) یان پیتەكانی(ف)و(ل) یان ئەوانەی هیچ تێدا نەبێت وەك: ﴿ وَبِيسَ ٱلۡمَصِيرُ ﴾،﴿ وَلَبِيسَ ٱلۡمِهَادُ ﴾،﴿ لَبِيسَ ٱلۡمَوۡلَىٰ وَلَبِيسَ ٱلۡعَشِيرُ ﴾ ﴿ فَلَبِيسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ﴾،﴿ بِيسَ ٱلِٱسۡمُ ٱلۡفُسُوقُ ﴾.

3- ﴿ٱلذِّئۡبُ﴾ ئەم وشەیە هاتووە لە سێ شوێندا هەموویان لە سوڕەتی یوسف دایە بەم شێوەیە: ﴿ وَأَخَافُ أَن يَاكُلَهُ ٱلذِّيبُ وَأَنتُمۡ عَنۡهُ غَٰفِلُونَ ﴾ ئایەتی13، ﴿ قَالُواْ لَئِنۡ أَكَلَهُ ٱلذِّيبُ وَنَحۡنُ عُصۡبَةٌ ﴾ ئایەتی14، ﴿ فَأَكَلَهُ ٱلذِّيبُۖ ﴾ ئایەتی17، ئەوەش لەسەر كێشی(فِعْلَ).

دەربارەی وشەی﴿شَأۡنٌ يُغۡنِيهِ﴾،[عەبەسە:37]، وە﴿ٱلرَّأۡسُ﴾،[مەریەم:4]، وە﴿وَكَأۡسًا﴾، [نەبەء:34]، وە﴿بَأۡسِ﴾، لەسەر كێشی(فَعْل)، وە ﴿ٱلرُّءۡيَا﴾،[ئیسراء:60]، بویتە پیتی(ع)ی وشە، گۆڕانكاری تێدا نیە.

بڕوانە نمونەی ژمارە(2)ی كۆتایی بەشی بنچینەكان

ت- پێشەوا وەرش هەمزە دەگۆڕێت بە ئەلیف لە﴿ يَأۡجُوجَ وَمَأۡجُوجَ ﴾[کەهف:94] بەم شێوەیە: ﴿ يَاجُوجَ وَمَاجُوجَ ﴾،[ئەنبیاء:96]، ئەم دوو وشەیە پێوانە ناکرێت لەسەر کێشی صەرفی دا چونکە ئەم دووانە وشەی بێگانەن واتە: عەرەبی نین.

دەربارەی ئەو هەمزە زەنندەدارانەی کە ماون ئەوانەی کە دەبنەی پیتی(ل)ی فیعل ئەوە لای وەرش دێتەدی وەك: ﴿ٱقۡرَأۡ﴾ لەسەر کێشی(افْعَلْ) وەك: ﴿يَشَأۡ﴾.

✓ دووەم: هەمزەی تاك ی جوولەدار:

1- وەرش هەمزەی تاك دەگۆڕێت بە پیتی(و)ی فەتحەدار –لە باری وەستان و نەوەستاندا– بە سێ مەرج بەم شێوەیە:

أ- دەبێت هەمزەکە فەتحەداربێت.

ب- دەبێت هەمزەکە بکەوێتە دوای ضەممە.

ت- دەبێت هەمزەکە ببێتە پیتی(ف)ی وشە بێت.

ئەوەش وەك:(مُؤَذِّنٌ، يُؤَلِّفُ، وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ، فَلۡيُؤَدِّ، يُؤَخِّرَ، يُؤَاخِذُ، مُّؤَجَّلٗا، يُؤَدِّهِۦٓ).

ئەگەر یەك مەرج لەم سێ مەرجانە نەهاتە دی، ئەوە پێشەوا وەرش هەمزە جێگیر دەکات و نایگۆڕێت وەك: ﴿تَأَذَّنَ﴾،[ئەعراف:167]، وە﴿تَؤُزُّهُمۡ﴾، [مەریەم:83]، وە﴿فُؤَادَكَۖ﴾، [فورقان:32]، وە﴿بِسُؤَالِ﴾،[ص:24].

❖ **یاسا: هه‌مزه‌ی تاك ی جووله‌دار (قاعدة: الهمز المفرد المتحرك)**

پێشه‌وا وه‌ڕش هه‌مزه‌ی تاك ده‌گۆڕێت به‌ پیتی(و)ی فه‌تحه‌دار ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌كه‌ ببێته‌ پیتی(ف)ی وشه‌و بكه‌وێته‌ دوای ضه‌ممه‌، وه‌ك:-

﴿مُّؤَجَّلَا﴾	←	﴿مُّوَجَّلَا﴾	(مُفعَّلا)
﴿مُؤَذِّنُۢ﴾	←	﴿مُوَذِّنُۢ﴾	(مُفعِّل)
﴿يُؤَاخِذُ﴾	←	﴿يُوَاخِذُ﴾	(يُفاعِل)

2- **وه‌ڕش هه‌مزی** ﴿ لِئَلَّا ﴾ **ده‌گۆڕێت به‌ پیتی(ی)ی فه‌تحه‌دار به‌هه‌ر شێوه‌یه‌ك بێت، له‌ سێ شوێن هاتووه‌ به‌م شێوه‌یه‌:** ﴿لِيَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيْكُمْ ﴾، [**به‌قه‌ره‌**:150]، **وه‌**﴿ رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِيَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ ﴾، [**نیساء**:165]، **وه‌**﴿ لِّيَلَّا يَعْلَمَ أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ ﴾،[**حه‌دید**:29].

3- **پێشه‌وا وه‌ڕش وشه‌ی**﴿ ٱلنَّسِىٓءُ ﴾ **له‌**﴿ إِنَّمَا ٱلنَّسِىُّ زِيَادَةٌ فِى ٱلْكُفْرِ ﴾، [**ته‌وبه‌**:37]، **ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌ گۆڕینی هه‌مزه‌ به‌ پیتی(ی)و تێكهه‌ڵكێشانی پیتی(ی)ی یه‌كه‌م له‌ دووه‌م، ده‌ربڕینی ده‌بێته‌ پیتی(ی)ی شه‌ده‌داری مه‌ڕفوع، كه‌واته‌ وه‌ڕش كاتێك هه‌مزه‌ ده‌گۆڕێت به‌ پیتی(ی) وه‌پێش ئه‌و پیتی(ی) هه‌یه‌ تێكهه‌ڵكێشانیان بۆ ده‌كات.**

4- **وه‌ڕش هه‌مزه‌ ده‌گۆڕێت به‌ ئه‌لیف -له‌ باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا- له‌ وشه‌ی** ﴿ مِنسَأَتَهُۥ﴾ **له‌**﴿ تَأْكُلُ مِنسَاتَهُۥ فَلَمَّا خَرَّ ﴾،[**سه‌به‌ء**:14].

5- **وه‌ڕش هه‌مزه‌ ده‌گۆڕێت به‌ ئه‌لیف -له‌ باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا- له‌ وشه‌ی**﴿سَأَلَ﴾ **له‌**﴿ سَالَ سَآئِلُۢ بِعَذَابٍ وَاقِعٍ ﴾،[**مه‌عارج**:1].

تێبینی:

تەنها له فیعل ی ﴿سَأَلَ﴾**ی سوڕەتی مەعارج هەمزەکەی بەم شێوە گۆڕدراوە** ﴿ سَالَ ﴾**، بەڵام ئەوانی تر وەك:** ﴿سُئِلَ﴾ **گۆڕانی تێدا نیە.**

6- وەڕش هەمزە دەگۆڕێت بە پیتی(ی)ی فەتحەدار لە وشەی﴿ لِأَهَبَ ﴾ **له** ﴿ لِأَهَبَ لَكِ غُلَمًا ﴾،[**مەریەم**:19].



وشه تایبەتەکان ی وەڕش
له بابەتی هەمزەی تاك ی جووله دار
(الفاظ خاصة لورش في باب الهمز المفرد المتحرك)

أ- وەرش وشەی﴿ ٱلۡبَرِيَّةِ ﴾،[بەیینه:6-7]، لابردنی شەددەی پیتی(ی)و زەنندارکردنی دەخوێنێتەوە، تاوەکو ببێتە درێژکراو وەلەدوای ئەو هەمزەی فەتحەدار دێیت بەم شێوە: ﴿ ٱلۡبَرِيٓـَٔةِ ﴾، درێژکردنەوەی لکاویش دەردەکەوێت.

ب- وەرش له وشەی: ﴿ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ ﴾،[بەقەرە:62]، وە[حەج:17]، هەمزە لادەبات بەم شێوە دەخوێنێتەوە: ﴿ وَٱلصَّٰبِــينَ ﴾.

ت- وەرش له وشەی: ﴿ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ ﴾،[مائیدە:69]، هەمزە لادەبات، دەچەسپێت لەسەر ئەمە ضـەممەدارکردنی پیتی(ی) بەم شێوە دەخوێنیدرێتەوە: ﴿ وَٱلصَّٰــبُونَ ﴾.

ث- وەرش هەمزە لادەبات له وشەی: ﴿ يُضَٰهِـُٔونَ ﴾،[تەوبە:30]، بە ضـەممەی پیتی(ه) دەخوێنێتەوە بەبێ هەمزە بەم شێوەیە: ﴿ يُضَٰهُــونَ قَوۡلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾[(1)].

[(1)] ڕای جمهوی قاریئەکان لەسەر ئەوەیە کە وشەی (يُضَٰهُونَ)، بەبێ هەمزە بخوێندرێتەوە، واتا پیتی(ه) تەنها ضـەممەی لەسەر بێت، بنچینەی ئەم وشە(ضـاهی)یە، بەڵام پیتی ئەلیف گواستراوتەوە بۆ پیتی(ی)و دواتر لابردراوە له پێناو پیتی(و) واپێدەچێت کە ئەوەش خوێندنەوەیەك بێت له وشەی (ضـاهی) ئەم وشەیە وەرنەگیراوە له وتەی عەرەبیدا کە دەڵێن(امرأة ضـهیاء) چونکە پیتی(ی) بنچینەی خۆیەتی و پیتی هەمزەکەش زیادەیە، وناکرێت پیتی(ی) زیادەبێت، چونکە له ڕستەکەدا وشەی (فعیل)ی فەتحەداری فائی تێدا نیە.
(عەبدوڵلای عەکبەری –املاء ما مَنَّ به الرحمن من وجوه الاعراب والقراءات- (بەیروت، دار الكتب العلمية، ب2،1389هـ)لا14.

ج- وەڕش وشەی: ﴿زَكَرِيَّا﴾ لە هەر شوێنێك بێت دەخوێنێتەوە بە هەمزە لە دوای ئەلیف و درێژكردنەوەی لكاوی جوولەداركردنی بەپێی شوێنی ئیعڕابەكەی بەم شێوەیە: ﴿زَكَرِيَّآء﴾.

ح- وەڕش پیتی(و) هەمزەداردەكات لە وشەی ﴿ هُزُوًا ﴾ لە هەر شوێنێك بێت بەم شێوەیە: ﴿ هُزُؤًا ﴾.

خ- وەڕش پیتی(و) هەمزەداردەكات لە وشەی: ﴿كُفُوًا﴾،[ئیخلاص:4] بەم شێوەیە: ﴿كُفُؤًا﴾.

د- وەڕش پیتی(ی) لادەبات لە دوای هەمزە لە وشەی﴿ ٱلَّٰٓـِٔي ﴾،[ئەحزاب:4-5] وە[موجادەلە:2] وە[طەلاق:4]، دەبێتە﴿ٱلَّٰٓـِٔ﴾ لە ڕەنوسدا هاوشێوە دەبێت لەگەڵ{ٱلَّآءِ}، بۆی هەیە لەباری نەوەستاندا لە هەمزە ئاسان خوێندنەوەو درێژكردنەوەی شەش یان چوار جوولە بەم شێوەیە: ﴿ ٱلَّٰٓـىْ ؛ ٱلَّٰـىْ ﴾، بەلاَم لە باری وەستاندا دوو خوێندنەوەی بۆ هەیە:-

➢ **یەكەم:**

ئاسان خوێندنەوەی هەمزە لە نێوان(ئەوەیان پێش دەكەوێت) وەبۆی هەیە لەو پیتە ئەلیفەی دەكەوێتە پێش خۆی دوو خوێندنەوە:


- درێژكردنەوەی شەش جوولە ئەوەیان پێش دەكەوێت، ﴿ ٱلَّٰٓـىْ ﴾.
- درێژكردنەوەی دوو جوولە، ﴿ ٱلَّٰـىْ ﴾.

➢ **دووەم:**

گۆڕینی هەمزە بە پیتی(ی)ی زەنەدارو درێژكردنەوەی شەش جوولە لەو ئەلیفەی دەكەوێتە پێش خۆی بە هۆی گەیشتنە دوو زەنەدار، ﴿ٱلَّٰٓـى﴾

كه‌واته:

له‌ باری نه‌وه‌ستاندا ته‌نها ئاسان خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه‌، به‌ڵام له‌ باری وه‌ستاندا هه‌مزه‌ ئاسان خوێندنه‌وه‌ی بۆ ده‌كرێت به‌ ڕوم و درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش یان دوو جووله‌ یان ده‌گۆڕێت به‌ پیتی(ی)ی زه‌ننه‌دارو درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جووله‌، له‌گه‌ڵ بونی تێبینی له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ هه‌مزه‌ی ئاسان كراو لێره‌دا ده‌كه‌وێته‌ نێوان هه‌مزه‌و یاء.



وه‌ك: ﴿ وَٱلَّٰٓـِٔي يَئِسۡنَ مِنَ ٱلۡمَحِيضِ مِن نِّسَآئِكُمۡ ﴾،[**طه‌لاق**:4]. ﴿ وَمَا جَعَلَ أَزۡوَٰجَكُمُ ٱلَّٰٓـِٔي تَظَّهَّرُونَ مِنۡهُنَّ أُمَّهَٰتِكُمۡۚ ﴾.(1)[**ئه‌حزاب**:4].

(1) وه‌رش وشه‌ی(تظَاهرون)ی به‌ فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ت)و شه‌دده‌داركردنی پیتی(ط،ه)و فه‌تحه‌داركردنیان له‌گه‌ڵ لابردنی ئه‌لیف.

وه‌ڕش وشه‌ی:﴿ هَآأَنتُمْ ﴾[1]. ده‌خوێنێته‌وه له هه‌رشوێنێك له قورئانی پیرۆز بێت ئه‌وه‌ش له دوو شوێن هاتووه له[ئالی عیمران:66-119] وه[نیساء:109] وه[موحه‌ممه‌د: 38]، به لابردنی ئه‌و ئه‌لیفه‌ی ده‌كه‌وێته دوای پیتی(هـ).

ده‌رباره‌ی هه‌مزه دوو شێوه خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه :-

- **یه‌كه‌م:** گۆڕینی هه‌مزه به ئه‌لیف و درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جووله به‌هۆی زه‌ننه‌داركردنی پیتی(ن) له دوای ئه‌لیف ده‌بێته: ﴿ هَـآنتُمْ﴾.

- **دووه‌م:** ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه له نێوان هه‌مزه‌و ه‌لیف ده‌بێته: ﴿هَـٰأنتُمْ﴾.

[1] [ها]لای وه‌ڕش بۆ ئاگاداركردنه‌وه نیه وه‌ك حه‌فص، به‌ڵكو به‌كارهاتوه له‌بری هه‌مزه‌ی پرسیاری، بنچینه‌كه‌شی(ءأنتم).

بابه‌تی دوو هه‌مزه له یه‌ك وشه‌دا

ئه‌گه‌ر دوو هه‌مزه له یه‌ك وشه‌دا كۆبێته‌وه هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ده‌بێته هه‌مزه‌ی پرسیاری وپێویسته به‌رده‌وام فه‌تحه‌داربێت، ئه‌م جۆره هه‌مزه ده‌خوێندرێته‌وه لای گشت قورائه‌كان و هه‌مزه‌ی دووه‌م یان ضـه‌ممه‌دار ده‌بێت یان فه‌تحه‌دار یان كه‌سره‌دار.

❖ **یه‌كه‌م: ئه‌گه‌ر هه‌ردوو هه‌مزه‌كان فه تحه‌داربوون:**

ئه‌گه‌ر هه‌مزه‌ی دووه‌م فه‌تحه‌دار بوو –واته: هه‌ردوو پیته هه‌مزه‌كه فه‌تحه‌یان له‌سه‌ر بوو– وه‌ك: [ءَأَنذَرْتَهُمْ ءَأَلِدُ ءَأَمِنتُم] ئه‌وه له‌م كاته‌دا وه‌ڕش دوو خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه:
خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌م: ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی دووه‌م له نێوان.
خوێندنه‌وه‌ی دووه‌م: گۆڕینی هه‌مزه‌ی دووه‌م به ئه‌لیف.

ده‌رباره‌ی هه‌مزه‌ی گۆڕدراو به ئه‌لیف، یان پیتێكی زه‌ننه‌داری له‌دوا دێت، یان به پیتێكی جووله‌داری به‌دواداد‌یێت، هه‌ر یه‌ك له‌م دوانه‌ش یاسای تایبه‌تیان بۆ هه‌یه:–

✓ ئه‌گه‌ر ئه‌و پیته‌ی ده‌كه‌وێته دوای هه‌مزه‌ی گۆڕدراو به ئه‌لیف زه‌ننه‌دار بوو، ئه‌وه درێژكردنه‌وه‌یه‌كی پێویست بۆ ئه‌لیف ده‌كرێت به ئه‌ندازه‌ی شه‌ش جووله وه‌ك: [ءَاْنذَرْتَهُمْ ءَاْلِدُ ءَاْمِنتُم].

✓ ئه‌گه‌ر ئه‌و پیته‌ی ده‌كه‌وێته دوای ئه‌لیف جووله‌دار بوو، ئه‌وه ئه‌لیفه‌كه درێژ ده‌كرێته‌وه به ئه‌ندازه‌ی دوو جووله وه‌ك: ﴿ ءَأَلِدُ ﴾،[هود:72] وه‌﴿ ءَأَمِنتُم ﴾، [مولك:16]. سێهه‌میان نیه له قورئانی پیرۆز، به‌م شێوه‌ش ده‌خوێندرێته‌وه: ﴿ ءَالِدُ ءَامِنتُم ﴾ گۆڕینیش به دوو جووله ناچێته بابه‌تی به‌ده‌ل ئه‌وه‌ش به‌هۆی ده‌رخستنی پیتی درێژكراو به به‌ده‌ل.

ئاگاداركردنه‌وه‌:-

گۆڕین قه‌ده‌غه‌یه لای وه‌ڕش له وشه‌كانی ﴿ ءَأَنتَ ﴾﴿ أَرَءَيْتَ ﴾﴿ أَفَرَءَيْتَ ﴾ **له‌باری وه‌ستاندا، وه‌هیچ شێوه‌یه‌كی تری بۆ نیه ته‌نها ئاسان خوێندنه‌وه نه‌بێ[(1)]. ئه‌مه‌ش بۆ دوركه‌وتنه‌وه‌یه له كۆبونه‌وه‌ی سێ زه‌ننه به‌یه‌كه‌وه له یه‌ك وشه‌دا، به‌لاَم له‌باری نه‌وه‌ستاندا ته‌نها دوو خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه ئاسان خوێندنه‌وه‌و گۆڕین.**

ده‌رباره‌ی لكاو به ڕاناو وه‌ك: ﴿أَرَءَيْتَكُمْ - أَرَءَيْتُمْ - أَرَءَيْتَكَ - أَفَرَءَيْتُم﴾ **دروسته ئاسان خوێندنه‌وه‌و گۆڕین له‌باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا بۆی بكرێت، ئه‌وه‌ش به هۆی نه‌مانی كۆبونه‌وه‌ی سێ زه‌ننه‌دار به‌یه‌كه‌وه.**

تێبینی:

وه‌ڕش هه‌مزه ده‌خوێنێته‌وه وه‌ك حه‌فص له وشه‌ی﴿ رَأَيْتَ ﴾ **له هه‌ر یه‌ك له سوره‌ته‌كانی: نیساء:**61**و ئه‌نعام:** 68**و یوسف:**6**و موحه‌ممه‌د:**20**و ئینسان:**20**و ئه‌عراف:**123 **و نه‌صر:**2.

له ئایه‌تی: ﴿ قَالَ فِرْعَوْنُ ءَامَنتُم بِهِۦ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ ﴾، **[ئه‌عراف:**123**]، وه‌ك:** ﴿ قَالَ ءَامَنتُمْ لَهُۥ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ ﴾[طه:71]، **وه‌ك :** ﴿ قَالَ ءَامَنتُمْ لَهُۥ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ ﴾ **[شوعه‌را:**49**]، وه‌ڕش هه‌مزه‌ی پرسیاری زیاد ده‌كات له‌سه‌ر وشه‌ی**(ءَامَنتُمْ) **ئه‌وه‌ش له‌سه‌ر بنچینه‌ی خۆیدا، چونكه بنچینه‌ی ئه‌م وشه بریتیه له**(أأأمنتم) **واته: كۆبونه‌وه‌ی سێ هه‌مزه به‌دوای یه‌كتر، هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م و دووه‌م فه‌تحه‌دارن هه‌مزه‌ی سێیه‌م زه‌ننه‌داره گۆڕدراوه به ئه‌لیف خۆی پیتی(ف)ی وشه‌یه.**

(1)هه‌ندێك به دروستیان داناوه له وشه‌ی(ءَأَنتَ) **له‌باری وه‌ستاندا به هه‌مان شێوه، به‌لاَم ئه‌مه شتێكی لاوه‌كیه كه‌م خوێندنه‌وه‌ی بۆ ده‌كرێت.**

مەزهـەبی وەڕش خوێندنـەوەی هـەمزەی یەکـەم و ئاسـان خوێندنـەوەی دووەم و گـۆڕینی سـێیەمە لەگـەڵ درێژکردنـەوەی چـوار و دوان و شـەش جوولـە [بـەدەل] بـەم شێوەیە:(ءَآامَنتُمْ).

وەڕش هـەمزەی دووەم بـە ئاسـان دەخوێنێتـەوە لەگـەڵ درێژکردنـەوەی دوو چـوار شەش
جوولە بەدەل لە وشەی﴿ ءَأَٰلِهَتُنَا ﴾ **لە قورئانی پیرۆزدا** ﴿ وَقَالُوٓاْ ءَآلِهَتُنَا خَيۡرٌ أَمۡ هُوَۚ ﴾، [زوخروف:58]. **وەگۆڕینی هەمزەی دووەم قەدەغەیە، تاوەکو تێکەڵاوی دروست نەبێ لە پرسـیارەوە بـۆ خەبـەر دان، لـەم وشـەدا سـێ هـەمزە کۆدەبێتـەوە یەکـەمیان هـەمزەی پرسـیاری دووەمیـان هەمزەیـەکی فەتحـەدار سـێیەمیان هـەمزەی زەننـەدار گـۆڕدراو بـە ئەلیف کە دەبێتە پیتی**(ف)**ی وشە، ئەمەش وەکو وشەی ڕابردوە لە ڕووی حوکمەوە.**



❖ دووهم: دوو ههمزهی جیاواز:-

ئهگهر ههردوو ههمزه لهیهكتر جیابوون، واته: ههمزهی دووهم كهسرهدار یان ضهممهدار بوو وهك: ﴿ أَؤُنَبِّئُكُم أَءُنزِلَ أَءُلْقِيَ أَئِنَّا أَئِفْكًا ﴾، وهڕش تهنها ئاسان خوێندنهوهی بۆ ههیه بهم شێوهیه: ﴿أَؤُنَبِّئُكُم أَءنزِلَ أَءلْقِيَ أَئنَّا أَئفْكًا﴾.

تێبینی:-

وهڕش ههمزهی دووهم به ئاسان دهخوێنێتهوه له وشهی﴿أَئِمَّةَ﴾[1]. له ههر شوێنێك بێت له قورئانی پیرۆز، ئهوهش له پێنج شوێندا هاتووه بهم شێوهیه: [تهوبه:12] [ئهنبیاء:73][قهصهص:5و41] وه﴿ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا ﴾ [سهجده:24].

بڕوانه نمونهی ژماره(4) له كۆتایی بهشی بنچینهكان

---

[1] وهڕش تهنها ئاسان خوێندنهوه دهكات له(أَئِمَّةَ)، بهڵام خوێندنهوهی لهبری له ڕێگهی دهرچوون نیه، صهفاقسی لهپهرتووكی(غيث النفع) دهفهرموێت: دهربارهی گۆڕینی به پیتی(ی)ی تهواو ههرچهنده ڕاست و دروستهو به تهواتور هاتووه بهڵام خوێندنهوهی بۆ نهكراوه له ڕێگهی شاطبی، چونكه پاڵ ی داوه به نهحویهكان، واتا زۆربهیان خوێندنهوهی بۆ نهكراوه له ڕێگهی ئهو بهسهر شێخهكهی، له وهڵامدانهوهی جارالله زمهخشهری له پهرتووكی (كشاف) دهفهرموێت: دهربارهی بهكارهێنانی پیتی(ی) به خوێندنهوه دادهندرێت، وهدروستیش نیه دابندرێت، ئهوهی به خوێندنهوهش ئهژمار بكات ئهوه ئاوازدانهرێكی لهڕێگه دهرچووه، ئیبن جهزهری له بهرپهرچدانهوهیدا دهفهرموێت: ئهوه زێدهڕۆیه لهلایهن ئهوهوه گوتراوه ڕاستیهكهی دروسته ههر سێ شێوه خوێندنهوهی بۆ بكرێت مهبهستمان پێی خوێندنهوه له نێوان و پیتی(ی)ی تهواو لهلای عهرهبهكاندا گێڕانهوهكهش به ڕاست و دروست دادهندرێت ههر وهك باسمان كرد له ڕابردودا بۆ ههر شێوه خوێندنهوهیهك له زمانی عهرهبیدا وهردهگیرێت، خوا له ههموومان زاناتره. بڕوانه: موحهممهدی كوڕی موحهممهدی كوڕی جهزهری، له بلاوكراوهكانی قیرائاتی عهشره، لێكۆلینهوهی/ عهلی كوڕی موحهممهدی ضباع(له ولاتی قاهیره، چاپهمهنی تجاریهی گهوره ب1، ساڵی چ1427ك لا380.

بابەتی پرسیاری دووبارە

پرسیاری دووبارە لە قورئانی پیرۆز لە یازدە شوێندا هاتووە، لە نۆ سورەتدا بەم شێوەی خوارەوەیە:

1- ﴿وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٞ قَوۡلُهُمۡ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ﴾،[**ڕەعد**:5]. **وەڕش بەم شێوەیە دەیخوێنێتەوە:** { وَإِن تَعۡجَب فَّعَجَبٞ قَوۡلُهُمۡ أَ۬ءذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَ۬ءنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ }.

2- ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا﴾،[ئیسراء:49].

3- ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدًا﴾،[ئیسراء:98].

4- ﴿ قَالُوٓاْ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ ﴾،[مؤمنون:82].

5- ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبٗا وَءَابَآؤُنَآ أَئِنَّا لَمُخۡرَجُونَ﴾،[**نەمل**:67].
وەڕش بەم شێوە دەیخوێنێتەوە: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِذَا كُنَّا تُرَٰبٗا وَءَابَآؤُنَآ أَ۬ءنَّا لَمُخۡرَجُونَ﴾.

6- **سورەتی ئایەتی:** ﴿ وَلُوطًا إِذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٨ أَئِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ ﴾، [**عەنکەبوت**:28 **و** 29].
وەڕش بەم شێوە دەیخوێنێتەوە: ﴿ وَلُوطًاۨ ٱذۡ قَالَ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّكُمۡ لَتَاتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنَ ٱحَدٖ مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٨ أَ۬ءنَّكُمۡ لَتَاتُونَ ٱلرِّجَالَ ﴾.

7- ﴿ وَقَالُوٓاْ أَءِذَا ضَلَلۡنَا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدِۢ ﴾،[**سەجدە**:10].

8- ﴿ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ﴾،[**صافات**:16].

9- ﴿ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ ﴾،[**صافات**:53].

10- ﴿ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ ﴾،[**واقيعه**:47].

11- ﴿ يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرْدُودُونَ فِي ٱلْحَافِرَةِ ۝١٠ أَءِذَا كُنَّا عِظَامًا نَّخِرَةً ﴾،[**نازيعات**:10و11].

مه‌زهه‌بی وه‌ڕش ده‌رباره‌ی پرسیاری دووباره

وه‌ڕش هه‌مزه‌ی پرسیاری ده‌خوێنێته‌وه له وشه‌ی یه‌كه‌م و له خه‌به‌ری وشه‌ی دووه‌م له گشت ئه‌و شوێنانه‌ی ڕابردو كه باس كران ته‌نها دوو شوێن نه‌بێت ئه‌وانیش هه‌ر یه‌ك له سوره‌ته‌كانی نه‌مل و عه‌نكه‌بوت نه‌بێ وه‌ڕش به خه‌به‌ری ده‌یخوێنێته‌وه له وشه‌ی یه‌كه‌م و به پرسیاری ده‌یخوێنێته‌وه له وشه‌ی دووه‌م، ئه‌وه‌ش ده‌رده‌كه‌وێت كه بنچینه‌ی وشه‌كه ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی دووه‌مه.

بابه‌تی دوو هه‌مزه له یه‌ك وشدا

پێناسه: مه‌به‌ست له دوو هه‌مزه، واته: دوو هه‌مزه‌ی پچڕاوی لێك نزیك له‌باری نه‌وه‌ستاندا ئه‌وه‌ش له دوو وشه ڕوده‌دات، به‌شێوه‌یه‌ك هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ده‌كه‌وێته كۆتایی وشه‌ی یه‌كه‌م و هه‌مزه‌ی دووه‌م ده‌كه‌وێته سه‌ره‌تای وشه‌ی دووه‌م.

گوتمان له‌باری نه‌وه‌ستاندا: چونكه له‌باری وه‌ستاندا نابێته دوو هه‌مزه‌ی لێك نزیك، چونكه وه‌ستان له سه‌ر هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م مه‌رجی پێك گه‌یشتنیانی لابردووه، ئه‌وه‌ش دوو جۆری هه‌یه:

- ✓ **یه‌كه‌م:** دوو هه‌مزه‌ی هاووێنه له جووله.
- ✓ **دووه‌م:** دوو هه‌مزه‌ی لێك جیا له جووله.

❖ یه‌كه‌م: دوو هه‌مزه‌ی یه‌كسان له جووله

دوو هه‌مزه‌ی یه‌كسان له جووله یان فه‌تحه‌دارن وه‌ك: ﴿ جَآءَ أَمْرُنَا، جَآءَ أَحَدُ ، جَآءَ أَجَلُهُمْ، تِلْقَآءَ أَصْحَٰبِ ﴾، **یان كه‌سره‌دارن وه‌ك:** ﴿ فِي ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهٌ ، هَٰٓؤُلَآءِ إِن، ٱلنِّسَآءِ إِلَّا، وَرَآءِ إِسۡحَٰقَ ﴾، **یان ضه‌مه‌دارن وه‌ك:** ﴿ أَوۡلِيَآءُ أُوْلَٰٓئِكَ ﴾،[**ئه‌حقاف**:32] **شوێنی چواره‌می نیه له قورئانی پیرۆز.**

وه‌ڕش هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م ده‌خوێنێته‌وه له هه‌ردوو هه‌مزه‌ی یه‌كسان له جووله، جیاوازیشی نیه ئایه فه‌تحه‌دارن یان كه‌سره یان ضـه‌ممه‌دار.

وه‌ڕش دوو ڕێگای پوختی هه‌یه ده‌رباره‌ی گه‌یشتنه دوو هه‌مزه له دوو وشه‌و هاوشێوه له جووله:

1- ئاسان خوێندنه‌وه به‌م شێوه‌یه:

﴿ جَآءَ أَمۡرُنَا – جَآءَ أَحَدُ – جَآءَ أَجَلُهُمۡ – تِلۡقَآءَ أَصۡحَٰبِ -فِي ٱلسَّمَآءِ إِلَٰهُ - هَٰٓؤُلَآءِ إِن - ٱلنِّسَآءِ إِلَّا - وَرَآءِ إِسۡحَٰقَ - أَوۡلِيَآءُ أُوْلَٰٓئِكَ ﴾.

له فه‌تحه‌دا ده‌خوێندرێته‌وه له نێوان هه‌مزه‌و ئه‌لیف

له كه‌سره‌دا ده‌خوێندرێته‌وه له نێوان هه‌مزه‌و پیتی(ی).

له ضـه‌ممه‌دا ده‌خوێندرێته‌وه له نێوان هه‌مزه‌و پیتی(و).

2- گۆڕین:

وه‌ڕش هه‌مزه‌ی دووه‌م ده‌گۆڕێت به پیتی درێژكراو له هاوڕه‌گه‌زی جووله‌ی هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م، یان ده‌یگۆڕێت نه‌ك به درێژكردنه‌وه به‌لكو به‌خودی هاوڕه‌گه‌زی جووله‌كه.

هه‌مزه‌ی فه‌تحه‌دار ده‌گۆڕدرێت به ئه‌لیف.

هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار ده‌گۆڕدرێت به پیتی(ی) زه‌ننه‌دار.

هه‌مزه‌ی ضـه‌ممه‌دار ده‌گۆڕدرێت به پیتی(و)ی زه‌ننه‌دار.

وه‌ك: ﴿ جَآءَ آمۡرُنَا – جَآءَ احَدُ – جَآءَ اجَلُهُمۡ – تِلۡقَآءَ آصۡحَٰبِ - فِي ٱلسَّمَآءِ يلَٰهُ - هَٰٓؤُلَآءِ يِن - ٱلنِّسَآءِ يِلَّا - وَرَآءِ يِسۡحَٰقَ - أَوۡلِيَآءُ وُلَٰٓئِكَ ﴾.

پیتی دوای هه‌مزه

ئه‌و پیته‌ی ده‌كه‌وێته‌ دوای هه‌مزه‌ی گۆڕدراو چوار حاڵه‌تی هه‌یه‌:

أ- ده‌بێ ئه‌و پیته‌ی ده‌كه‌وێته‌ دوای هه‌مزه‌ی گۆڕدراو جووڵه‌دار بێت به‌ جووڵه‌ی بنچینه‌ی خۆی، وه‌ك: ﴿ جَآءَ احَدُ ﴾﴿ فِي ٱلسَّمَآءِ يلَهُۥ ﴾ ﴿ أَوۡلِيَآءُ ووْلَـٰٓئِكَ ﴾، وه‌ڕش هه‌مزه‌ی دووه‌م ده‌گۆڕێت به‌ پیتی درێژكراو به‌ ئه‌ندازه‌ی ته‌نها دوو جووڵه‌، ئه‌م پیته‌ درێژكراوه‌ش به‌ درێژكراوی گۆڕدراو دانانرێت، چونكه‌ پیتی گۆڕدراو په‌یداكراوه‌ به‌هۆی گۆڕینی له‌ هه‌مزه‌.

ب- ده‌بێ ئه‌و پیته‌ی ده‌كه‌وێته‌ دوای هه‌مزه‌ی گۆڕدراو زه‌نه‌داربێت به‌ زه‌نه‌یه‌كی بنچینه‌یی(جگه‌ له‌ ئه‌لیف) وه‌ك: ﴿ شَآءَ آنشَرَهُۥ ﴾،[عه‌به‌سه‌:32]. ﴿ وَرَآءِ يَسۡحَٰقَ ﴾، [هود:71]. ﴿ تِلۡقَآءَ آصۡحَٰبِ ﴾،[ئه‌عراف:47]. ﴿ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ يِن كُنتَ ﴾، [شوعه‌را:187] وه‌ڕش هه‌مزه‌ی دووه‌م ده‌گۆڕێت به‌ پیتی درێژكراو به‌ ئه‌ندازه‌ی شه‌ش جووڵه‌، ئه‌وه‌ش ده‌بێته‌ درێژكراوی پێویست.

بڕوانه‌ نموونه‌ی ژماره‌(5) له‌ كۆتایی به‌شی بنچینه‌كان

ت- ده‌بێ ئه‌و پیته‌ی ده‌كه‌وێته‌ دوای هه‌مزه‌ی گۆڕدراو جووڵه‌دار بێ به‌ جووڵه‌یه‌كی په‌یداكراو –واته‌: به‌هۆی گه‌یشتنی دوو زه‌نه‌دار به‌یه‌كه‌وه‌ یان به‌ هۆی گواستنه‌وه‌– ئه‌وه‌ش له‌ سێ شوێندا هاتووه‌ له‌ قورئانی پیرۆزو، شوێنی چواره‌می نیه‌ به‌م شێوه‌یه‌:

﴿ عَلَى ٱلۡبِغَآءِ ٱنَ ٱرَدۡنَ تَحَصُّنًا ﴾،[نور:33]. ﴿ كَأَحَدٍ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ ٱنِ ٱتَّقَيۡتُنَّۚ ﴾،[ئه‌حزاب:32]. ﴿ لِلنَّبِيِّ ٱنَ ٱرَادَ ٱلنَّبِيُّ ﴾،[ئه‌حزاب:50]. دروسته‌ لای وه‌ڕش دانه‌پاڵ به‌مه‌به‌ستی ئاسان خوێندنه‌وه‌ له‌م سێ شوێنه‌ی ڕابردو به‌ دوو شێوه‌:–

- درێژكردنه‌وه‌ به‌ ئه‌ندازه‌ی شه‌ش جووڵه‌ به‌پێی بنچینه‌ی خۆی.
- درێژكردنه‌وه‌ به‌ ئه‌ندازه‌ی دوو جووڵه‌ به‌پێی جووڵه‌ی په‌یداكراو.

سود:

لـه‌م سـێ شـوێنه‌ی ڕابـردو ده‌بـێ درێژكردنـه‌وه بـه شـه‌ش یـان دوو جووڵـه بێـت لـه‌باری نه‌وه‌ستاندا، بـه‌ڵام لـه‌باری وه‌ستاندا له‌سـه‌ر ئـه‌و وشـه‌ی هـه‌مزه‌ی دووه‌مـی تێدایـه تـه‌نها بۆمـان هه‌یـه درێژكردنـه‌وه‌ی شـه‌ش جووڵـه ئـه‌وه‌ش له‌سـه‌ر شـێوه‌ی گـۆڕین. وه‌هـه‌روها له‌باری نه‌وه‌ستاندا بۆمان هه‌یه سێ خوێندنه‌وه بۆ هه‌ر یه‌ك له‌م ئایه‌تانه:

﴿ كَأَحَدٍ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ إِنِ ٱتَّقَيْتُنَّ ﴾و﴿ لِلنَّبِيِّٓءِ إِنْ أَرَادَ ٱلنَّبِيُّٓءُ ﴾ **به‌م شێوه‌یه:**

1) **ئاسان خوێندنه‌وه‌ی له نێوان به‌م شێوه‌یه:** ﴿ ٱلنِّسَآءِ ٱِنِ ٱتَّقَيْتُنَّ ﴾و﴿ لِلنَّبِيِّٓءِ ٱِنْ أَرَادَ ﴾.

2) **گـۆڕین و درێژكردنـه‌وه لەسـه‌ر بنچـینه‌ی خـۆی، ئـه‌وه‌ش زه‌ننـه‌داركردنی ئـه‌و پیتــه‌ی ده‌كه‌وێتــه دوای هــه‌مزه‌ی گــۆڕدراو بــه‌م شــێوه‌یه:** ﴿ ٱلنِّسَآءِ يَّنِ ٱتَّقَيْتُنَّ ﴾و﴿ لِلنَّبِيِّٓءِ يَّنْ أَرَادَ ﴾.

3) **گـۆڕین و درێژكردنـه‌وه‌ی دوو جووڵـه، ئـه‌وه‌ش لـه جووڵـه‌ی په‌یـداكراوه كـه بریتیـه لـه جووڵـه‌ی گواسـتنه‌وه لـه‌(إن أراد) و كه‌سـره‌ی په‌یـداكراو بـه‌هۆی گه‌یشتنه دوو زه‌ننه‌دار له‌(إن اتقيتن) به‌م شێوه‌یه:** ﴿ ٱلنِّسَآءِ يَنِ ٱتَّقَيْتُنَّ ﴾ و ﴿ لِلنَّبِيِّٓءِ يَنْ أَرَادَ ﴾.

تێبینیه‌كی گرنگ:-

لای وه‌ڕش هه‌مزه‌ی دووه‌م ده‌گۆڕدرێت به پیتی(ی)ی كه‌سه‌ردار له ئایه‌تی:

﴿ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمْ ﴾،[**به‌قره**:31] **وه**﴿ عَلَى ٱلْبِغَآءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا ﴾،[**نور**:33].

كه‌واته: لای وه‌ڕش ئه‌م ئایه‌ته ﴿ ٱلْبِغَآءِ إِنْ ﴾ چوار خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه، سێیان وه‌ك خوێندنه‌وه‌ی پێشوو، وه‌خوێندنه‌وه‌ی گۆڕینی پیتی(ی)ی كه‌سره‌داری بۆ زیاد ده‌كرێت خوێندنه‌وه‌كانیش ئه‌مانه‌ن:

1. ئاسان خوێندنهوهی ههمزهی دووهم له نێوان(بين بين)﴿ ٱلۡبِغَآءِ أۨنَ ﴾.

2. گۆڕینی ههمزه به پیتی(ی)و درێژکردنهوهی شهش جووله لهسهر بنچینهی خۆی كه بریتیه له زهنندارکردنی ئهو پیتهی دهکهوێته دوای ههمزهی گۆڕدراو﴿ ٱلۡبِغَآءِ آنَ ﴾.

3. گۆڕینی ههمزه به پیتی(ی)و درێژکردنهوهی دوو جووله بۆ جوولهی پهیداكراو ئهویش جوولهی گواستنهوهکهیه﴿ ٱلۡبِغَآءِ آنَ ﴾.

4. گۆڕینی ههمزه به پیتی(ی)ی کهسرهدار﴿ ٱلۡبِغَآءِ أَنَ ﴾.

وهرش له﴿ هَـٰٓؤُلَآءِ إِن ﴾ سیّ خوێندنهوهی ههیه:

- ئاسان خوێندنهوهی ههمزهی دووهم، ﴿ هَـٰٓؤُلَآءِ أۨن ﴾.
- گۆڕینی ههمزه به پیتی درێژکراو به ئهندازهی شهش جووله بههۆی بوونی زهنهی بنچینهی خۆی له دوای ههمزهی گۆڕدراو﴿ هَـٰٓؤُلَآءِ آن ﴾.
- گۆڕینی به پیتی(ی)ی کهسرهدار﴿ هَـٰٓؤُلَآءِ أَن ﴾.

تێبینی:-

جیاوازی له نێوان خوێندنهوهی دووهم و سێیهم بریتیه له:

ئێمه له یهکهمدا ههمزهمان ئاسان دهکرد له نێوان ههمزهو پیتی(ی) ئهوهش دهرچوونێکی لاوهکیه.

دهربارهی خوێندنهوهی سێیهم ئێمه پیتمان له دهرچهی پیتی(ی) دهکرد ئهوهش دهرچهی بنچینهی خۆیهتی.

ئەگەر گۆڕدراوێك کەوتە پێش ئایەتی﴿ هَـٰٓـؤُلَآءِ أن ﴾ وەلەدواشی هات وشەیەکی وەستاو بە(زەنەی پەیداکراو) ئەوە لای وەرش27 خوێندنەوە دروست دەبێت، بەلاّم تەنها18 خوێندنەوەی دروستە.

بڕوانە نمونەی ژمارە(6) لە کۆتایی بەشی بنچینەکان.

ث- دەبیّ ئەو پیتەی دەکەوێتە دوای هەمزەی گۆڕدراو –ئەلیف– بێت وەك: ﴿ فَلَمَّا جَآءَ ءَالَ لُوطٍ ٱلْمُرْسَلُونَ ﴾،[حیجر: 61]و ﴿ وَلَقَدْ جَآءَ ءَالَ فِرْعَوْنَ ٱلنُّذُرُ ﴾،[قەمەر: 41].

ئەگەر وەرش بە شێوەی گۆڕین بخوێنێتەوە ئەوە دوو ئەلیف بەیەکەوە کۆدەبێتەوە، ئەلیف ی یەکەم گۆڕدراوە بەدەل هەمزە، ئەلیف ی دووەم کە دەکەوێتە دوای هەمزە لە وشەی ﴿ءَالَ﴾ دوو زەننە بەیەکەوە کۆدەبێتەوە لەسەر ئەوەش دوو خوێندنەوە دروست دەبێت:

- لابردنی یەك لە ئەلیفەکان بۆ ڕزگاربوون لە گەیشتنە دوو زەننەدارو درێژکردنەوەی دوو جوولەش پێویست دەبێت لە ئەلیفەکە، چونکە جوولەدارێکی بەدوادێت﴿ جَآءَ ءَالَ ﴾.
- چەسپاندنی دوو ئەلیف و پچران لە نێوانیان بە ئەلیفی سێیەم، کاری ئەم ئەلیفە جیاکردنەوەی هەردوو زەننەدارەو دەیان گۆڕێت لەکاتی بەیەك گەیشتنیان، وەهەروەها درێژکردنەوەی تەواو بە ئەندازەی شەش جوولە دەچەسپێت. ﴿ جَآءَ آلَ ﴾.

لای وەرش پێنج خوێندنەوە هەیە بۆ ئایەتی﴿ فَلَمَّا جَآءَ ءَالَ لُوطٍ ﴾و ﴿ وَلَقَدْ جَـآءَ ءَالَ فِرْعَوْنَ ﴾:

1. ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی دووەم و درێژکردنەوەی دوو جوولە لە ئەلیف، چونکە لە بابەتی درێژکردنەوەی بەدەل گۆڕدراو بە ئاسان خوێندنەوەیە.

2. ئاسـان خوێندنـەوەی هـەمزەی دووەم و درێژكردنـەوەی چوار جوولـە لـە ئـەلیف، چـونكە لـە بابـەتی درێژكردنـەوەی بـەدەل گـۆڕدراو بـە ئاسـان خوێندنەوەیە.

3. ئاسـان خوێندنـەوەی هـەمزەی دووەم و درێژكردنـەوەی شـەش جوولـە لـە ئـەلیف، چـونكە لـە بابـەتی درێژكردنـەوەی بـەدەل گـۆڕدراو بـە ئاسـان خوێندنەوەیە.

4. گۆڕینی هەمزەی دووەم بە ئەلیف و درێژكردنەوەی دوو جوولە.

5. گۆڕینی هەمزەی دووەم بە ئەلیف و درێژكردنەوەی شەش جوولە.

وەهــەروها ئەگــەر بڕوانینــە گــۆڕینی پــێش خــۆی كــە لــەم ئایەتــەدا هــاتووە: ﴿ إِلَّآ ءَالَ لُوطٍ﴾ هەر وەك لە قورئانی پیرۆزدا هەیە: ﴿ إِلَّآ ءَالَ لُوطٍ إِنَّا لَمُنَجُّوهُمۡ أَجۡمَعِينَ ۝٥٩ إِلَّا ٱمۡرَأَتَهُۥ قَدَّرۡنَآ إِنَّهَا لَمِنَ ٱلۡغَٰبِرِينَ ۝٦٠ فَلَمَّا جَآءَ ءَالَ لُوطٍ ٱلۡمُرۡسَلُونَ ﴾، ئەوە نۆ خوێندنەوەی بۆ دروست دەبێت م شێوەیە:

1) درێژكردنەوەی دوو جوولە بەدەل لە: ﴿ إِلَّآ ءَالَ لُوطٍ ﴾ لەسەر ئەوەش لە: ﴿ جَآءَ ءَالَ لُوطٍ ﴾، ئاسان خوێندنـەوەی هـەمزەی دووەم و درێژكردنـەوەی دوو جوولە.

2) درێژكردنەوەی دوو جوولە بەدەل لە: ﴿ إِلَّآ ءَالَ لُوطٍ ﴾ لەسەر ئەوەش لە: ﴿ جَآءَ الَ لُوطٍ ﴾، گۆڕینی هـەمزەی دووەم بە ئـەلیف و درێژكردنـەوەی دوو جوولە.

3) درێژكردنەوەی دوو جوولە بەدەل لە: ﴿ إِلَّآ ءَالَ لُوطٍ ﴾ لەسەر ئەوەش لە: ﴿ جَآءَ آلَ لُوطٍ ﴾، گۆڕینی هـەمزەی دووەم بـە ئـەلیف و درێژكردنـەوەی شەش جوولە.

4) درێژکردنەوەی چوار جووله بەدەل ی یەکەم لەسەر ئەوەش لە:
﴿ جَآءَ ءالَ لُوطٍ ﴾، ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی دووەم و درێژکردنەوەی چوار جووله.

5) درێژکردنەوەی چوار جووله بەدەل یەکەم لەسەر ئەوەش لە:
﴿ جَـآءَ الَ لُـوطٍ ﴾، گۆڕینی هەمزەی دووەم بە ئەلیف و درێژکردنەوەی دوو جووله.

6) درێژکردنەوەی چوار جووله بەدەل ی یەکەم لەسەر ئەوەش لە:
﴿ جَآءَ آلَ لُـوطٍ ﴾، گۆڕینی هەمزەی دووەم بە ئەلیف و درێژکردنەوەی شەش جووله.

7) درێژکردنەوەی شەش جووله بەدەل ی یەکەم لەسەر ئەوەش لە:
﴿ جَآءَ ءالَ لُوطٍ ﴾، ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی دووەم و درێژکردنەوەی شەش جووله.

8) درێژکردنەوەی چوار جووله بەدەل ی یەکەم لەسەر ئەوەش لە:
﴿ جَآءَ الَ لُـوطٍ ﴾، گۆڕینی هەمزەی دووەم بە ئەلیف و درێژکردنەوەی دوو جووله.

9) درێژکردنەوەی شەش جووله بەدەل ی یەکەم لەسەر ئەوەش لە:
﴿ جَـآءَ آلَ لُـوطٍ ﴾ گۆڕینی هەمزەی دووەم بە ئەلیف و درێژکردنەوەی شەش جووله.

وەهەروها ئەگەر بڕوانینە گۆڕینی پێش خۆی کە لەم ئایەتەدا هاتووە:
﴿ وَلَقَدۡ جَآءَ ءالَ فِرۡعَوۡنَ ٱلنُّذُرُ ۝٤١ كَذَّبُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا كُلِّهَا ﴾ نۆ خوێندنەوەی بۆ هەیە بەم شێوەیە:

درێژكردنــه‌وه‌ی دوو یــان چــوار یــان شــه‌ش جوولــه لــه یه‌كــه‌م و دووه‌م، له‌گــه‌ڵ هــه‌مو ئه‌مانه‌ش ئاسان خوێندنه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی دووه‌م له‌: ﴿ جَآءَ ءالَ ﴾ پاشان گۆڕینی یه‌كه‌م و درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله، له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش بۆ دووه‌مه‌كه‌ی درێژكردنه‌وه‌ی دوو یان چوار یان شه‌ش جووله‌ی بۆ هه‌یه.

تێبینی1:

به كۆبونه‌وه‌ی﴿ جَآءَ ءالَ لُوطٍ ﴾ له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌ی به‌دەل كه له پێش هاتبێت یان له دوای ده‌بێته دروست بوونی (15) كه بریتین له:

[3 گۆڕین×5 شێوه خوێندنه‌وه‌ی(3 ئاسان خوێندنه‌وه+2 بۆ گۆڕین)] به‌ڵام گشت ئه‌م خوێندنه‌وانه ته‌نها 9 شێوه‌یان دروسته، ئه‌وه‌ی كه له ڕابردوو باس كران، ده‌رباره‌ی خوێندنه‌وه قه‌ده‌غه‌كراوه‌كان ژماره‌یان6 خوێندنه‌وه‌یه.

بڕوانه نمونه‌ی ژماره(7) له كۆتایی به‌شی بنچینه‌كان .

تێبینی2:-

له‌سه‌ر ئاسان خوێندنه‌وه‌ی گشت درێژكراوه‌كان له ﴿ جَـآءَ ءالَ ﴾ له‌باری نه‌وه‌ستاندا، ده‌بێته درێژكردنه‌وه‌ی به‌دەل.

به‌ڵام له‌باری وه‌ستاندا له‌سه‌ر ﴿ءَالَ﴾ ئه‌وه ده‌بێته درێژكردنه‌وه‌ی دوو یان چوار یان شه‌ش جووله چونكه ده‌بێته درێژكردنه‌وه‌ی زه‌ننه‌ی دروست بوو.

❖ دووه‌م: دوو هه‌مزه‌ی جیاواز له جووله.

له كاتی كۆبوونه‌وه‌ی دوو هه‌مزه له دوو وشه‌دا، هه‌مزه‌ی یه‌كه‌م فه‌تحه‌داره یان كه‌سره‌داره یان ضه‌مه‌دار، وه‌هه‌مزه‌ی دووه‌م یش به‌هه‌مان شێوه فه‌تحه یان كه‌سره یان ضه‌مه‌ی وه‌رگرتووه.

كۆی ئه‌م شێوانه‌ی باس كران ده‌بێته نۆ خوێندنه‌وه، سێیان له‌م نۆیه هه‌مزه‌ی هه‌ردووكیان یه‌كسانن له شێوه‌ی جووله‌دا، ته‌نها شه‌ش شێوه له نۆ وێنه‌كه ده‌مینێته‌وه سێیان له‌م نۆ شێوه له وانه‌كانی ڕابردو باس كران.

سەبارەت بەم شەش وێنەی کە ماوەتەوە، پێنجیان لە قورئانی پیرۆز باس کراون، بەڵام شەشەمیان لە قورئاندا نەهاتووە، ئەویش بریتیە لەوەی ئەگەر هەمزەی یەکەم کەسرەدار بوو وهەمزەی دووەم ضـەممەداربوو.

ئەوەی لە قورئانی پیرۆز باس کراوە بەم شێوەیە:

هەمزەی یەکەم فەتحەدارو هەمزەی دووەم ضـەممەدار یان کەسرەدارە.
هەمزەی یەکەم ضـەممەی لەسەرە یان کەسرەو هەمزەی دووەم فەتحەی وەرگرتووە.
شێوەی پێنجەم بریتیە لەوەی هەمزەی یەکەم ضـەممەدارە هەمزەی دووەم کەسەردار، سەبارەت بە شێوەی شەشەم بریتیە لەوەی هەمزەی یەکەم کەسەردارو هەمزەی دووەم ضـەممەدارە، بەڵام ئەم وێنەیان نەهاتووە لە قورئانی پیرۆز.
ئەم پینج شێوە باس کران دابەش دەبێت بۆ سێ کۆمەڵە:
کۆمەڵەی یەکەم دوو خوێندنەوەی تێدایە.
کۆمەڵەی دووەم بەهەمان شێوەی کۆمەڵەی یەکەم دوو خوێندنەوەی تێدایە.
کۆمەڵەی سێیەم تەنها یەك خوێندنەوە لە خۆ دەگرێت.

دەربارەی کۆمەڵەی یەکەم کە دوو خوێندنەوە لە خۆ دەگرێت بەم شێوەیە:

هەمزەی یەکەم فەتحەدارەو هەمزەی دووەمیش کەسرەدار یان ضـەممەدارە.

دەربارەی کۆمەڵەی دووەم ئەم دوو خوێندنەوە کە لەخۆ دەگرێت بەم شێوەیە:

هەمزەی یەکەم ضـەممەدار یان کەسرەدارەو هەمزەی دووەم فەتحەدارە.

دەربارەی کۆمەڵەی سێیەم کە تەنها یەك خوێندنەوە لە خۆ دەگرێت ئەویش بریتیە لەوەی کە هەمزەی یەکەم ضـەممەدارو هەمزەی دووەمیش کەسرەدار.

مەزهەبی وەرش
له دوو هەمزەی جیاواز له جووله له دوو وشەدا

1- ئەگەر كۆبوبويەوە دوو هەمزەی له يەكتر جيا له جوولەدا له دوو وشه، به شێوەيەك كه هەمزەی يەكەم فەتحەدارو هەمزەی دووەم كەسرەدار يان ضـﻪممەدار، ئەوە وەرش هەمزەی دووەم ئاسان دەكات(تسهيل).

نمونەی هەمزەی يەكەم فەتحەدارو هەمزەی دووەميش كەسرەدار بێت ئەم وشانەن:

[تَفِيٓءَ إِلَىٰٓ نَبَأَ إِبۡرَٰهِيمَ].

نمونەی هەمزەی يەكەم فەتحەدارو هەمزەی دووەميش ضـﻪممەدار بێت تەنها له:

[جَآءَ أُمَّةٗ]،[مؤمنون:44].

نمونەی دووەم نەهاتووە له قورئانی پيرۆز بەم شێوەيه:

﴿تَفِيٓءَ ٕالَىٰٓ نَبَأَ ٕبۡرَٰهِيمَ جَآءَ ٕمَّةٗ﴾.

2- ئەگەر كۆبوبويەوە دوو هەمزەی له يەكتر جيا له جوولەدا له دوو وشه، هەمزەی يەكەم ضـﻪممەدار يان كەسرەدارو هەمزەی دووەم فەتحەدار بوو، وەرش هەمزەی دووەم دەگۆڕێت به پيتێكی له ڕەگەزی جوولەی هەمزەی يەكەم وەك: [سُوٓءُ أَعۡمَٰلِهِمۡۗ] [ٱلۡمَلَؤُاْ أَفۡتُونِي][ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا][هَٰٓؤُلَآءِ أَهۡدَىٰ][مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا].

بەم شێوە دەخوێندرێتەوە: [سُوٓءُ وَعۡمَٰلِهِمۡۗ - ٱلۡمَلَأُ وَفۡتُونِي - وَٱلۡبَغۡضَآءُ وَبَدًا - هَٰٓؤُلَآءِ يَهۡدَىٰ - مِنَ ٱلۡمَآءِ يَوۡ مِمَّا].

3- ئەگەر هەمزەی يەكەم ضـﻪممەدار بوو هەمزەی دووەم كەسرەدار بوو، وەرش بۆ هەمزەی دووەم دوو شێوە خوێندنەوەی هەيه:

أ- ئاسان خوێندنەوەی هەمزەی دووەم ئەوەی كه دەكەوێتە نێوان هەمزەی يەكەم و پيتی(ی).

ب- گۆڕينی هەمزەی دووەم به پيتی(و)ی تەواوی كەسرەدار.

نمونه‌كان:

﴿ أَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِ وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ إِنۡ أَنَا۠ يَشَآءُ إِلَىٰ ﴾، **به‌م شێوه‌یه ده‌خوێندرێته‌وه:**
[ٱلۡفُقَرَآءُ ٱلَى]**یان**[ٱلۡفُقَرَآءُ اُلَى]**یان**[ٱلسُّوٓءُ ٱنۡ]**یان**[ٱلسُّوٓءُ اُنۡ]**یان**[يَشَآءُ ٱلَىٰ]**یان**[يَشَآءُ اُلَىٰ].

لێره‌دا ئه‌یمن سوید پارچه هونراوه‌یه‌كى هه‌یه له‌سه‌ر مه‌زهه‌بى وه‌ڕش ده‌رباره‌ى بوونى دوو هه‌مزه به جووله‌ى جیاواز له دوو وشه به كورتى ده‌فه‌رموێت:

فتحُ الأُولى سَهلِ	فتحُ الأُخرى أبدلِ
غيرَ فتحِ ســـهلِ	وكذاكَ أبـــــدلِ

بڕوانه نمونه‌ى ژماره(8) له كۆتایى به‌شى بنچینه‌كان

بابه‌تی(هائی) كینایه

هۆی ناونانی به‌هائی كینایه، چونكه‌ نازناوێكی وه‌رگرتووه‌ ئه‌ویش به‌كارهاتنیه‌تی بۆ كه‌سی سێ یه‌می تاكی نێر(له‌ زمانی عه‌ره‌بی)، وپێشی ده‌گوترێت هائی(الضمیر).
ڕاناو له‌ زاراوه‌ی قوڕائه‌كان ناسراوه‌ به‌هائی زیاده‌ی به‌كارهاتو بۆ كه‌سی سێ یه‌می تاكی نێر.

كه‌ ده‌ڵێین هائی زائیده‌، مه‌به‌ستمان هائی بنچینه‌ نیه‌، واته‌: هائی ئه‌صڵی ناگرێته‌وه‌، وه‌ك: ﴿لَئِن لَّمۡ تَنتَهِ يَٰنُوحُ﴾،[شوعه‌را:116].

كه‌ گوتمان واته‌: ی كه‌سی سێ یه‌می تاكی نێر ده‌دات، ئه‌وه‌ ناگرێته‌وه‌ هائێك بۆ تاكی مێ هاتبێت، وه‌ك: ﴿ إِلَيۡهَا ﴾ ئه‌وه‌ش ناگرێته‌وه‌ كه‌ بۆ دووانه‌(مثنى)، وه‌ك: ﴿ عَلَيۡهِمَا ﴾ یان ئه‌وه‌ی بۆ كۆ به‌كارهاتووه‌، وه‌ك: [إِلَيۡهِمُ إِلَيۡهِنَّ].

هائی كینایه‌ به‌ناو(اسم) ده‌لكێت، وه‌ك: ﴿ أَجَلِهِۦٓ ﴾ به‌ كاریش(فعل) ده‌لكێت، وه‌ك: ﴿ يُعَلِّمُهُ ﴾ به‌ پیتیش ده‌لكێت، وه‌ك: ﴿ إِلَيۡهِ ﴾.

- هائی كینایه‌ له‌ بنچینه‌دا ضـه‌ممه‌داره‌، وه‌ك:(لَهُۥ).
- هائی كینایه‌ كه‌سره‌دار ده‌بێت ئه‌گه‌ر كه‌سره‌ی له‌ پێشدا هاتبوو.
- هائی كینایه‌ كه‌سره‌دار ده‌بێت ئه‌گه‌ر پیتی(ی)ی له‌ پێشدا هاتبوو.

جگه‌ له‌م دوو شوێنه‌ هائی كینایه‌ ضـه‌ممه‌دار ده‌بێت، له‌به‌ر كاركردن به‌ بنچینه‌ی خۆی وه‌ك له‌ ڕیوایه‌تی حه‌فصدا هاتووه‌ له‌: ﴿ وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ ﴾، [كه‌هف:63]و ﴿ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ ٱللَّهَ ﴾، [فه‌تح:10].

هه‌روه‌ك پێشه‌وا حه‌مزه‌ به‌م شێوه‌ ده‌خوێنێته‌وه‌: ﴿ لِأَهۡلِهُ ٱمۡكُثُوٓاْ ﴾،[طه‌:10]و [قه‌صه‌ص:29].

حالهتهكانی هائی كینایه

هائی كینایه له قورئانی پیرۆز چوار باری ههیه، ئهوانیش بریتین له:

1- بكهوێته نێوان دوو زهنندار، واته: پێش و پاشی ساكین بێت، وهك:
{ فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ - وَءَاتَيْنَـٰهُ ٱلْإِنجِيلَ - ءَاتَـٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ }.

2- پێشی جوولهو پاشی زهننه بێت، وهك:
{قَوْلُهُ ٱلْحَقُّ - لَهُ ٱلْمُلْكُ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ - رَبِّهِ ٱلْأَعْلَىٰ}.

قاریئهكان یهك دهنگن لهسهر ئهوهی كه نابێت لهو دوو بارهدا هائی كینایه به صیله بخوێندرێتهوه، تا دوو زهننه بهیهكهوه كۆ نهبنهوه[1].

3- پێش هائهكه زهننهدار بێت و پاشی جووله، وهك:
{ وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ }.

كۆ دهنگی زانایان وهلهناویشیانا پێشهوا وهرش لهسهر ئهوهیه كه لهم شوێنانهدا هائی كینایه به صیله ناخوێندرێتهوه.

4- بكهوێته نێوان دوو جووله، وهك: ﴿ فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾.

لهم بارهدا ههموو قارِیئهكان پیتی(ه) یان لكاندووه به پیتی(و)ی گوتراو(لفظي) ئهگهر ضهممهدار بوو، ولكاندویانه به پیتی(ی) ئهگهر كهسرهدار بوو، تهنها له ههندێ باری تایبهت نهبێت.

---

[1] تهنها شوێنێك نهبێت، بهزری خوێندویهتیهوه له ئیبن كثیر كه هائی كینایهی به پیتی(و)ی لكاندووهو پیتی(ت)ی دوای هائهكهشی شهدهدار كردووه، وهك: (تَلَهَّى)، له﴿فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّىٰ﴾،[عهبهسه:10].

حوكمی هائی كینایه لای وەڕش

أ- جیاوازیەكان كورت كراوتەوە لە نێوان وەڕش و حەفص دا لە بابەتی هائی كینایە بەم شێوەی خوارەوە:

وەڕش هائی كینایە كەسرەدار دەكات لەگەڵ صیلە بە پیتی(ی)ی گوتراو لە حەوت شوێندا كە بریتین لە:

1- ئایەتی: ﴿أَرۡجِهۡ وَأَخَاهُ﴾[ئەعراف:11]و [شوعەرا:36]. بەم شێوەیە: ﴿ أَرۡجِهِۦ وَأَخَاهُ ﴾.

2- ئایەتی: ﴿ وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ ﴾ لە[نور:52]. لەگەڵ تێبینی ئەوەی وەڕش بە كەسرەداركردنی پیتی(ق) دەخوێنێتەوە لەم بابەتە بەهەمان شێوە، وەك: ﴿ وَيَتَّقِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ ﴾.

3- ئایەتی: ﴿ فَأَلۡقِهۡ إِلَيۡهِمۡ ﴾،[نەمل:28]. بەم شێوەیە: ﴿ فَأَلۡقِهِۦٓ إِلَيۡهِمۡ ﴾[1].

4- ئایەتی: ﴿وَإِن لَّمۡ تَفۡعَلۡ فَمَا بَلَّغۡتَ رِسَالَتَهُۥ﴾،[مائدە:67]. بەم شێوەیە: ﴿رِسَالَٰتِهِۦ﴾[2].

---

[1] درێژكردنەوەی صیلەی گەورە دەردەكەوێت لەباری نەوەستاندا.

[2] وەرش ئەم بابەتە بە كۆ دەخوێنێتەوە، واتا بە كەسرەداركردنی پیتی(ت)و پیتی(ه) لەگەڵ زیادكردنی ئەلیف لە دوای پیتی(ل)، لەسەر ئەم شێوە دروست دەبێت كەسرەی هائی كینایە ئەوەش بە هۆی كەسرەی پیتی(ت).

5- ئایەتی: ﴿ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥ ﴾،[**ئەنعام**:124] **بەم شێوەیە:** ﴿رِسَالَٰتِهِۦ﴾[1].

6- ئایەتی: ﴿أَدۡنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيۡلِ وَنِصۡفَهُۥ﴾،[**موزەمیل**:20]. **بەم شێوەیە:** ﴿ وَنِصۡفِهِۦ ﴾[2].

7- ﴿ أَدۡنَىٰ مِن ثُلُثَيِ ٱلَّيۡلِ وَنِصۡفَهُۥ وَثُلُثَهُۥ﴾،[**موزەمیل**:20] **بەم شێوەیە:** ﴿ وَنِصۡفِهِۦ وَثُلُثِهِۦ ﴾[3].

ب- وەڕش هائی کینایە دەخوێنێتەوە بە کەسرە بێ صیلە لە سێ شوێندا بەم شێوەیە:

1- ئایەتی: ﴿ وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ ﴾،[**کەهف**:63]. **بەم شێوەیە:** ﴿ وَمَآ أَنسَىٰنِيهِ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ ﴾. **کەمکردنەوە(تقلیل) دەردەکەوێت لە:** ﴿أَنسَىٰنِيهِ﴾.

2- ئایەتی: ﴿ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ ٱللَّهَ ﴾،[**فەتح**:10]. **بەم شێوەیە:** ﴿ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهِ ٱللَّهَ ﴾، **لاوازکردنی پیتی(ل) دەردەکەوێت لە وشەی الله، چونکە کەسرەی لەپێشدا هاتووە.**

3- ئایەتی: ﴿ وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا ﴾،[**فورقان**:69]. **بەم شێوەیە:** ﴿ وَيَخۡلُدۡ فِيهِ مُهَانًا ﴾.

---

[1] **وەرش ئەم بابەتە بە کۆ دەخوێنێتەوە، واتا بە کەسرەدارکردنی پیتی(ت)و پیتی(ه) لەگەڵ زیادکردنی ئەلیف لە دوای پیتی(ل)، لەسەر ئەم شێوە دروست دەبێت کەسرەی هائی کینایە ئەوەش بە هۆی کەسرەی پیتی(ت).**

[2] **وەرش ئەم بابەتە بە کەسرەی پیتی(ف)و پیتی(ه) دەخوێنێتەوە، لەسەر ئەم شێوە دروست دەبێت کەسرەی هائی کینایە ئەوەش بە هۆی کەسرەی پیتی(ف).**

[3] **وەرش ئەم بابەتە بە کەسرەی پیتی(ث)ی دووەم و پیتی(ه) دەخوێنێتەوە، لەسەر ئەم شێوە دروست دەبێت کەسرەی هائی کینایە ئەوەش بە هۆی کەسرەی پیتی(ث).**

ت- وه‌رش هائی كینایه به ضـه‌مه ده‌خوێنێته‌وه له‌گه‌ڵ لكاندنی به پیتی(و)ی گوتراو له سێ شوێندا به‌م شێوه‌یه:

1- ئایه‌تی: ﴿ وَقِيلِهِۦ يَٰرَبِّ ﴾،**[زوخڕوف:**88]. **به‌م شێوه‌یه:** [وَقِيلَهُۥ][1].

2- ئایه‌تی: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦ ﴾، [**طه‌لاق:** 3] **به‌م شێوه‌یه:** ﴿ بَٰلِغٌۢ أَمۡرَهُۥ ﴾[2].

3- ئایه‌تی: ﴿ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴾، [**صه‌ف:**8]. **به‌م شێوه‌یه:** ﴿مُتِمٌّ نُّورَهُۥ ﴾[3].

ث- وه‌رش هائی كینایه ده‌گۆڕێت به پیتی(ت)ی به‌كارهاتوو بۆ مێ به نه‌صب له:
﴿ كُلُّ ذَٰلِكَ كَانَ سَيِّئُهُۥ عِندَ رَبِّكَ مَكۡرُوهٗا ﴾،[**ئیسڕاء:**38]. **به‌م شێوه‌یه:** ﴿سَيِّئَةً﴾[4].

تێبینی:

وه‌رش وشه‌ی: ﴿يَرۡضَهُ﴾ **له ئایه‌تی** ﴿ وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡۗ ﴾،**[زومه‌ڕ:**88]. **به ضـه‌مه ده‌خوێنێته‌وه، واته: ضـه‌مه‌ی پیتی(هـ) بێ صیله وه‌ك حه‌فص.**

---

[1] فه‌رش به فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ل) ده‌خوێنێته‌وه، دروست ده‌بێت له‌سه‌ر ئه‌مه ضـه‌مه‌داركردنی هائی كینایه به‌هۆی فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ل).

[2] فه‌رش ئه‌م شوێنه‌ی خوێندۆته‌وه به ته‌نوینی پیتی(غ)و فه‌تحه‌دار كردنی پیتی(ر) لێره‌دا پێویسته پیتی(هـ)ی كینایه ضـه‌مه‌داربكرێت، به‌هۆی فه‌تحه‌دار كردنی پیتی(ر).

[3] فه‌رش ئه‌م شوێنه به ته‌نوینی ضـه‌مه‌ی پیتی(م)و فه‌تحه‌ی پیتی(ر) ده‌خوێنێته‌وه، دروست ده‌بێت له‌سه‌ر ئه‌وه ضـه‌مه‌داركردنی هائی كینایه به‌هۆی فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ر)و قه‌ڵه‌و كردنی پیتی(ر)و تێكهه‌ڵكێشانیش ده‌رده‌كه‌وێت.

[4] هه‌مزه فه‌تحه‌دار ده‌بێت.

بابەتی تێکهەلکێشان

ئیدغام لە زمانی عەرەبیدا: بەکاردێت بۆ تێکهەڵکێش کردنی شتێك لە شتێکی تر.

ئیدغام لە زاراوەدا: واتە: تێکهەڵکێش کردنی پیتێك لە پیتێکی تر بە شێوەیەك هەردوو پیت بە پیتێکی توندی شەدەدار دەخوێندرێتەوە لە ڕەگەزی پیتی دووەم، ئەوەش دەکرێت بە دوو بەش: بچوك و گەورە.

مەبەست لە خوێندنی ئەم بابەتە، شارەزابوونە لەوەی تێکهەلکێش دەکرێت و ئەوەی تێکهەڵکێش ناکرێت، گەیشتنە دوو پیت بەیەك و کۆبونەوەیان دەکرێت بە سێ بەش:

- ✓ **یەکەم:** پێك گەیشتنیان لە وشەو نوسیندا، بە شێوەیەك پچڕان نەکەوێتە نێوانیان وەك پێك گەیشتنی دوو پیتی(د) لە ﴿ وَقَد دَّخَلُواْ ﴾.

- ✓ **دووەم:** پێك گەیشتنیان تەنها لە نوسیندا، وەك: ﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ﴾، لێرەدا پچڕان لە نێوانیاندا ڕویداوە.

- ✓ **سێیەم:** پێك گەیشتنیان تەنها لە گوتن و خوێندنەوەدا، وەك: ﴿ أَنَا۠ نَذِيرٌ ﴾ ﴿ طسٓمٓ ﴾.

یاسایه‌كی گشتی گرنگ

هه‌ر كاتێك دوو پیت به‌یه‌كتر بگه‌ن، ئه‌و دوو پیته یان شوێنی ده‌رچوونیان یه‌كسانه یان جیاوازه[1].

❖ ئه‌گه‌ر شوێنی ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر جیاوازبوو (ده‌رچه‌یان یه‌كسان نه‌بوو) ئه‌وكات به له‌یه‌كتر دوور ئه‌ژمارده‌كرێن، ته‌نها پیتی(غ) و (خ) نه‌بێت كاتێك ده‌گه‌ن به پیتی(ق) و (ك)

هه‌ركاتێك پیتی(غ) وهه‌ركاتێك پیتی(خ) به یه‌ك گه‌یشتن له‌گه‌ڵ پیتی(ق) یان (ك) ئه‌و دوو پیتانه ده‌بنه له‌یه‌كتر نزیك و پێیان ناگوترێت پیته لێك دووره‌كان، چونكه هه‌رچه‌نده شوێنی ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر جیایه به‌ڵام ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر نزیكه.

پیتی(غ) و (خ) ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته نزیكترین شوێنی قوڕگ، ئه‌و شوێنه‌ی كه له دوای ئه‌و زمان ده‌ست پیَ ده‌كات.

هه‌روها پیتی(ق) و (ك) شوێنی ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته دوورترین شوێنی زمان كه له دوای ئه‌و نزیكترین شوێنی قوڕگ دێت.

كه‌واته: شوێنی ده‌رچوونی هه‌موو ئه‌و پیتانه‌ی باس كران له‌یه‌كتر نزیكن، له‌به‌ر ئه‌م هۆكارانه ده‌ركه‌وت كه پیتی(غ) له‌گه‌ڵ(ق) یان (ك) له‌یه‌كتر نزیكن، وبه‌هه‌مان شێوه پیتی(خ) له‌گه‌ڵ(ق) یان (ك) له‌یه‌كتر نزیكن.

---

[1] مه‌حمود خه‌لیل حوصه‌ری، په‌رتووكی ئه‌حكامی قورئانی پیرۆز، (مه‌ككه ی پیرۆز، نوسینگه‌ی مه‌ككیه – دار به‌شائری ئیسلامی، چاپی4، ساڵی1999ی زاینی، به‌ده‌ست كارییه‌وه.

❖ ئهگهر پیتهكان لهیهك ئهندام بوون، لهو كاتهدا دهبن به دوو بهش:
یان شوێنى دهرچوونیان له یهكتر نزیكه.
یان شوێنى دهرچوونیان لهیهكتر دووره.
ئهگهر شوێنى دهرچوونیان لهیهكتر نزیك بوو، وهیچ دابڕان و پچڕان ڕوونهدات له نێوان ههردوو پیتهكه له یهكتر نزیكن، ئهم دوو پیته به له یهكتر نزیك سهیر دهكرێن.

لهم قسانهى ڕابردوو وا دهردهكهوێت ئهگهر دوو پیت شوێنى دهرچوونیان لهیهكتر جیابوو، به شێوهیهك ههر یهكێكیان له شوێنێك دهردهچوو، (پچڕان و دابڕان له نێوانیاندا ههبوو) به دوو پیتى له یهكتر دوور سهیردهكرێن.

بۆمان ڕوون بویهوه كه نێوان پیتهكانى قوڕگ (حروف الحلق) كه ژمارهیان شهش پیته لهگهڵ ههژده پیتهكهى زمان، دوریهك ههیه (شهش پیتهكانى قوڕگ دوورن له ههژده پیتهكانى زمان) چونكه پیتهكانى قوڕگ له شوێنێك دهردهچێت و پیتهكانى زمانیش له شوێنێكى تر.

تهنها پیتهكانى(غ) لهگهڵ(ق) و (ك) وپیتى(خ) لهگهڵ پیتى(ك) نهبێت، ئهوانه جیادهكرێنهوه لهم حوكمهى كه لهسهر پیتهكانى قوڕگ و پیتهكانى زمان دا ههبوو.

❖ له نێوان پیتهكانى قوڕگ و پیتهكانى لێو دورییهك ههیه، چونكه ههر یهك لهوان شوێنى دهرچوونیان له یهكتر جیاوازه، وله كاتى دهربریندا جیاكاریهك دهكهوێته نێوانهكانیان.

❖ له نێوان پیتهكانى زمان و پیتهكانى لێو دوورى ههیه، چونكه شوێنى دهرچوونیان له یهكتر جیایه، تهنها پیتى(م) لهگهڵ(ن) نهبێت لێكچوونێكیان ههیه له نزیك بونهوه.

پیتى(ن) لهگهڵ(و) نزیكبوونهوهیهكیان ههیه له یهكتر له شێوهى دهربڕیندا.
پیتى(ى)ى لیین لهگهڵ(و) نزیك بونهوهیهك ههیه له نێوانیاندا له دهربڕیندا.

❖ له نێوان پیتەكانی قوڕگ پیتێك لەگەڵ پیتێكی تر نزیك بوون و دورکەوتنەوە هەیە.

ئەم دوو پیتەی كه شوێنی دەرچوونیان دەكەوێتە سەرەوەی بەشی قوڕگ كه ئەوانیش پیتی(ء) و (هـ) لەگەڵ ئەو پیتانەی شوێنی دەرچوونیان دەكەوێتە ناوەڕاستی قوڕگ ئەوانیش پیتی(ع)(ح) لێك نزیك بوونەوەیەك هەیه له نێوانیاندا، ئەم دوو پیتەش لەگەڵ ئەو پیتانەی كه دەرچوونیان دەكەویتە خوارەوەی قوڕگو وەك: پیتی(غ) و (خ) دوریەك هەیە.

پیتەكانی ناوەڕاست وەك پیتی(ع) و (ح) نێوان ئەو دوو پیتەو پیتەكانی دەكەوێتە سەرەوەی قوڕگ وپیتی نزیكترن شوێنی قوڕگو نزیكایەتیەك هەیە.

❖ له نێوان پیتەكانی زمان هەندێكیان لەگەڵ هەندێكی تر نزیك و دووری هەیە.

ئەو دوو پیتەی دەكەونە پشكە مەلاشوو(أقصی اللسان) شوێنی زمان، وەك پیتەكانی(ق) و (ك) له نێوان ئەودوو پیتەو پیتەكانی ناوەڕاستی زمان وەك پیتی(ج) و (ش) و (ی) و پیتی پێشەوەی زمان وەك پیتی(ض) و (ل) نزیكایەتیەك هەیە، ئەو پیتانە لەگەڵ پیتەكانی لێواری زمان كه بریتین له: (ن، ر، ط، د، ت، ص، س، ز، ظ، ذ، ث) دوریەك هەیە.

ئەم پیتانەی باس كران پیتەكانی پێشەوەی زمان (الذلقية) پیتەكانی سەرەوەی زمان (النطعية) وپیتەكانی سەرەتای پێشەوەی زمان (الأسلية) وپیتەكانی لێو (الشفوية) و (پیتەكانی نزیك له پودو)

❖ له نێوان پیتەكانی ناوەڕاست و پێشەوەی زمان و لێواری زمان، نزیكایەتیەك هەیە.

له نێوان پیتەكانی پێشەوەی زمان و لێواری نزیكایەتیەك هەیە، ولەنێوان پیتی(ف) لەگەڵ پیتەكانی لێو وەك: (ی) و (م) نزیكایەتیەك هەیە، وله نێوان پیتەكانی لێو هەندێكیان لەگەڵ هەندێكی تریان نزیك بوونەوەیەك له شوێنی دەرچونیان هەیە.

ڕوونكردنەوە

- ڕوون و ئاشکرایە کە هەر یەك لە پیتەکانی(ء) و (هـ) دەرچوونیان دەکەوێتە سەرەوەی قوڕگ(أقصى الحلق)، ئەم دووانە بە یەك ڕەگەز دەخوێندرێنەوە (شوێنی دەرچوونیان یەکەو لە شکل و شێوەدا لە یەکتر جیان)

پیتەکانی(ع) و (ح) لە ناوەڕاستی قوڕگ دەردەچن، ئەم دوو پیتەش یەك ڕەگەزن.

وپیتی(غ) و (خ) لە نزیکترین شوێنی قوڕگ دەردەچن ئەوانەش بەهەمان شێوەی ئەو پیتانەی باس کران یەك ڕەگەزن.

- پیتەکانی دوور هەر یەك لە پیتی(ء) و (هـ) بەرامبەر پیتەکانی ناوەڕاست (ع) و (ح) لە یەکتر نزیکن، وبەرامبەر پیتەکانی نزیکترینی قوڕگ (غ) و (خ) لە یەکتر دوورن، چونکە پیتە ناوەڕاستەکان لە یەکتریان جیادەکاتەوە (کە واتە: پیتەکانی ناوەڕاست دەکەوێتە نێوان نزیکترین و دوورترین پیتەکانی قوڕگو، بەهۆی ئەمە پیتی نزیکترین و دوورترین نزمەکان لە یەکتر دوور دەخاتەوە).

- پیتەکانی ناوەڕاستی قوڕگ (ع،ح) لەگەڵ پیتەکانی سەرەوەو خوارەوەی قوڕگ دوورترین و نزیکترین نزیکایەتیەکیان هەیە.

- پیتی(غ) لەگەڵ پیتی(ق) و (ك) لە یەکتر نزیکن.

پیتی(خ) لەگەڵ(ق) و (ك) بەهەمان شێوە لە یەکتر نزیکن، چونکە پیتی(غ) و (خ) هەر چەندە لە نزیکترین شوێنی قوڕگ دەردەچن، بەڵام کاتێك نزیکییێکی بەهێز هەیە لە نێوان ئەوان و پیتەکانی(ق) و (ك) کە دەرچوونیان دەکەوێتە سەرەوەی زمان، ئەمە وای کردووە کە ئەم پیتانە بە نزیك لە یەکتر بخوێندرێنەوەو سەیر بکرێن، هەرچەندە لە یەکتر جیان هەروەك لە ڕابردوو باس کران.

- پیتەکانی(ق) و (ك) لەیەکتر نزیکن، بە هۆی بوونی جیاکاریەك لە شوێنی دەرچوونیان وگوتراوە پیتی(ق) و (ك)یەك ڕەگەزن بە هۆی شوێنی دەرچوونیان کە بەشی سەرەوەی زمانە.

- **پیتی(ق) و هاوشێوه‌ی ئه‌و پیتی(ك) له‌گه‌ڵ پیتێك له پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی زمان** (ج، ش، ی) **یان له‌گه‌ڵ پیتێك له پیته‌كانی لێواری زمان وه‌ك:** (ض) و (ل) **له یه‌كتر نزیكن، وله‌گه‌ڵ هه‌ر پیتێك له‌و پیتانه‌ی به پێشه‌وه‌ی زمان(**طرف **اللسان) ده‌رده‌بردرێن له‌یه‌كتر دوورن.**

- **پیته‌كانی(ج) و (ش) و (ی) كه درێژناكرێنه‌وه (مه‌دیان تێدا نیه) له ناوه‌ڕاستی زمان ده‌رده‌چن، هه‌ر یه‌ك له‌م سێ پیتانه له‌گه‌ڵ یه‌كتر یه‌ك ڕه‌گه‌زن، ئه‌م پیتانه له‌گه‌ڵ پیته‌كانی(ق) و (ك) و** (ض) و (ل) و (ن) و (ر) و (ط) و (د) و (ت) و (س) و (ص) و (ز) و (ظ) و (ذ) و (ث) **هه‌موویان له یه‌كتر نزیكن، وهه‌ر یه‌ك له‌م پیتانه له‌گه‌ڵ پیتی لێوه‌كان به دوور ئه‌ژمار ده‌كرێن.**

پیتی(ض**) له‌یه‌ك له دوو لێواری زمان (لای چه‌پ یان ڕاست) له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی له‌دوای دێت له ددانه‌كان هاڕه‌ڕی سه‌ره‌وه(**اضراس**) ده‌رده‌چێت له ناوه‌ڕاستی لاییێكی زمان ئه‌وه‌ی له‌دوای ئه‌ودێت.**

پیتی(ض**) له‌گه‌ڵ پیتی(ق) و (ك) و هه‌ر پیتێكی تری ده‌رچوو له ناوه‌ڕاستی زمان یان پێشه‌وه‌ی زمان یان پیتی(**ل**) ئه‌وه به نزیك له یه‌كتر ئه‌ژمار ده‌كرێن.**

- **پیتی(ل) ده‌رده‌بڕدرێت به لایه‌كی زمان تا كۆتایه‌كه‌ی.**

پیتی(ل) له‌گه‌ڵ پیتی(ق) و پیتی(ك) و هه‌ر پیتێكی تر له‌و پیتانه‌ی كه له ناوه‌ڕاستی زمان یان لاییێكی زمان و پیتی(ض**) ئه‌مانه هه‌مووی به نزیك ئه‌ژمار ده‌كرێن له‌گه‌ڵ پیتی(ل).**

پیتی(ل) له‌گه‌ڵ پیته‌كانی لێو به پیتی لێك دوور ئه‌ژمار ده‌كرێن.

پیتی(ل) له‌گه‌ڵ پیتی(م) به نزیك ئه‌ژمار ده‌كرێت له سیفه‌ت.

هه‌رچه‌نده پیتی(م)یه‌كێكه له پیته‌كانی لێو، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا (ل) و (م) نزیكایه‌تییێك هه‌یه له نێوانیاندا له شێوه‌ی وتن و ده‌رچووندا.

- **پیتی(ن) له به‌شێكی پێشه‌وه‌ی زمان ده‌رده‌چێت، شوێنی ده‌رچوونی پیتی(ن) كه‌مێك ده‌كه‌وێته ژێر شوێنی ده‌رچوونی پیتی(ل)(ده‌رچوونی(ن) هه‌ندێك نزیكه له ده‌رچوونی**

(ل) پیتی(ن) لەگەڵ پیتی(ق) و پیتی(ك) بە لەیەكتر دوور سەیر دەكرێن، (جیاوازی هەیە لە نێوان شێوەو دەربڕینی (ن) لەگەڵ(ق) و (ك) دا.

پیتی(ن) لەگەڵ ئەو پیتانەی كە شوێنی دەرچوونیان دەكەوێتە ناوەڕاستی زمان و پیتی(ض) و (ل) لەگەڵ ئەو پیتانەی كە لە پێشەوەی زمان دەردەچن، بە نزیك ئەژمار دەكرێت.

- پیتی(ر) لە پێشەوەی زمان (طرف اللسان) دەردەچێت، شوێنی دەرچوونی پیتی(ر) نزیكە لە شوێنی دەرچوونی پیتی(ن)، لەگەڵ كەمێك بۆ سەر پشتی زمان.

پیتی(ر) لەگەڵ پیتی(ق) و پیتی(ك) لە یەكتر دوورن، بەڵام بەرامبەر بە پیتەكانی دەرچوو لە ناوەڕاستی زمان وهەروها پیتی(ض) و (ل) و (ن) و پیتەكانی تری دەرچوو لە پێشەوەی زمان (طرف اللسان) بە نزیك ئەژماردەكرێت، پیتی(ر) نزیكە لە پیتەكانی ناوەڕاستی زمان و پیتی(ض) و (ل) و (ن).

- هەر یەك لەپیتەكانی(ط) و (د) و (ت) دەرچوونیان دەكەوێتە پێشەوەی زمان (طرف اللسان) لەگەڵ ڕەگی دوو ددانی سەرەوەی لای پێشەوە ددانەكان نزیك دەبێتەوە.

هەر یەك لەم سێ پیتە (ط) و (د) و (ت) لەگەڵ یەكتر یەك ڕەگەزن.

پیتەكانی(ط) و (د) و (ت) لەگەڵ(ق) و (ك) لەیەكتر دوورن.

پیتی(ط) و (د) و (ت) لەگەڵ پیتەكانی ناوەڕاستی زمان و ئەم پیتانەی بە لێواری زمان دەردەبڕدرێن پیتی(ض) و (ل) و (ن) و (ر) و پیتەكانی دەرچووی پێشەوەی زمان بە نزیك لە یەكتر ئەژمار دەكرێن.

- پیتەكانی(ص، ز، س) دەرچوونیان دەكەوێتە پێشەوەی زمان (طرف اللسان) و سەرەوەی ددانەكانی خواروو.

هەر یەك لە پیتی(ص) و (ز) و (س) لەگەڵ یەكتردا یەك ڕەگەزن.

ئەم سێ پیتە (ص، ز، س) دورن لەگەڵ پیتەكانی(ق) و (ك) دا.

ئەم سێ پیتە (ص، ز، س) نزیكیان هەیە لەگەڵ پیتەكانی ناوەڕاستی زمان و پیتی(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت) و ئەو پیتانەی تری دەكەوێتە لای پێشەوەی زمان.

- **پیتەكانی**(ظ، ذ، ث) **دەرچوونیان بە پێشەوەی زمانە** (طرف **اللسان) لەگەڵ تیغی دووانەی سەرەوەی.**
ئەم سێ پیتە (ظ) و (ذ) و (ث) **لێك چوون و لێك نزیكیان هەیە لەگەڵ یەكتر.**
هەر یەك لەم پیتانە (ظ) و (ذ) و (ث) **لەگەڵ پیتی**(ق) و (ك) **دورن.**
ئەم سێ پیتە (ظ، ذ، ث) **لەگەڵ پیتەكانی ناوەڕاستی زمان و پیتی**(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت، ص، ز، س) **نزیكی هەیە.**

- **پیتی(ف) لە نێوان بەشی ناوەوەی لێوی خوارەوەو بڕبڕەكانی سەرەوە دەردەچێت،**
پیتی(ف) لەگەڵ هەر پیتێك لە پیتەكانی قوڕگ یان هەر پیتێك لە پیتەكانی زمان لە یەكتر دوورن، جگە لە پیتی(ن) نەبێت لێك نزیكن لەگەڵ پیتی(ف)، پیتی(ف) لەگەڵ(و، ب، م) لە یەكتر نزیكن.

- **پیتی(و، ب، م) بە لێوەكان دەردەبردرێت، هەر یەك لەم سێ پیتانە لەگەڵ یەكتر یەك ڕەگەزن.**
ئەم سێ پیتە (و) و (ب) و (م) بەرامبەر بە پیتەكانی قوڕگ (حلق) و پیتەكانی زمان لەیەكتر دوورن.
پیتی(و، ب، م) و پیتی(ف) بە نزیك لەیەكتر سەیر دەكرێن.
پیتی(م) لەگەڵ(ن) یەك ڕەگەزن لە سیفەتدا.
پیتی(و) لەگەڵ(ن)یش بەهەمان شێوە لەیەكتر نزیكن لە سیفەتدا.
پیتی(و) و (ی)یەك ڕەگەزن و لەیەك چوونیان هەیە لە دەربریندا.

زاناكان دەفەرموون:

ئەوانەی لە ڕابردوو باس كران بۆ ئەو پیتانە بوون كە شوێنی دەرچوونیان دیار بوو، وشێوەی دەربڕینان زاندراوبوو.

ئەو پیتانەی كە شوێنی دەرچوونیان بە تەخمین دیاری كراوە، بریتین لە سێ پیتی مەد (درێژكردنەوە) ئەم سێ پیتە مەدە شێوەی گەیشتنیان بە پیتەكان نادیارەو باس ناكرێت.

ئەگەر پیتی مەد گەیشتن بە پیتێك لە پیتەكانی زمانی عەرەبی نزیك بوونەوەیان بۆ نیە، یەك ڕەگزنین لەگەڵ یەكتر، لێك دوركەوتنەوەشیان بەیەكەوە نیە، چونكە پیتەكانی مەد شوێنی دەربڕین و دەرچونیان نیە وەك پیتەكانی تر، بەڵكو ئەم پیتە مەدانە تەنها بە هەوای دەم و قوڕگ دروست دەبێت.

بەڵێ پیتە مەدەكان باس دەكرێن لەگەڵ هەندێك لە پیتە عەرەبیەكان كە ڕەگەزایەتییێك و هاوشێوەییێك هەیە لە سیفەتدا، بەڵام نەك لە شوێنی دەرچوون.

ئەو پیتانەی هاوشێوەییان هەیە لەگەڵ پیتە مەدەكان، وەك: پیتی(و) ی جوولەدار، لەگەڵ پیتی(ئەلیف) هەروەك لە ووشەی (والٍ)

پیتی(و) لەگەڵ پیتی(ئەلیف)یەك ڕەگەزن لە سیفەتدا.

پیتی(ی)ی جوولەدار لەگەڵ پیتی(ئەلیف) وەك: (الصِّيَامُ) هەردو پیتی(ی، ا)یەك ڕەگەزن لە سیفەت دا.

پیتی(و)ی جوولەدار لەگەڵ(و)ی زەننەدار بە هاوشێوە دادەندرێن، وەك: (وُورِيَ) هەردوو پیتی(و) لە یەك ڕەگەزدان چوونكە هاوسیفەتی یەكترن.

پیتی(ی)ی جوولەدار لەگەڵ پیتی(و)ی زەننەدار، وەك: (يُوقِنُونَ) هەردوو پیتی(ی) و (و)یەك ڕەگەزن لە سیفەتدا.

تێبینی:

پیته‌كانی(ت) و (ك)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

پیته‌كانی(ح) و (ث) و (ه)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا. (حثه)

پیته‌كانی(ج) و (د)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

پیته‌كانی(م) و (ن)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

پیته‌كانی(و) و (ی)ی جووله‌دار له‌گه‌ڵ هه‌رسێ پیتی درێژكراوه‌كان (پیته مه‌ده‌كان)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

پیته نه‌رمه‌كان (اللين) وه‌ك (و) و (ی)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

به‌پێی قسه‌كانی ڕابردو ده‌توانین بڵێین ئه‌و پیتانه‌ی یه‌كسانن له هه‌موو سیفه‌تێكدا یه‌ك ڕه‌گه‌زیشن.

بڕوانه پاشكۆی ژماره (1) له كۆتایی به‌شی بنچینه‌كان



تێکەهەڵکێشانی بچووك لەلای وەرش

1- تێکهەڵکێشانی پیتی(د) لە وشەی(قد) لەگەڵ پیتی(ض) و (ظ) وەك:
﴿قَد ضَّلُّواْ، فَقَد ظَّلَمَ﴾.

2- تێکهەڵکێشانی (تائی زەنندەدار بۆ مێینە) لە پیتی(ظ) تەنها لە سێ شوێن، بریتین لە: ﴿ حُرِّمَت ظُّهُورُهَا، حَمَلَت ظُّهُورُهُمَآ ﴾،[**الانعام**:138-146] ﴿ كَانَت ظَّالِمَةً﴾، [**الانبياء**:11].

3- تێکهەڵکێشانی پیتی(ذ) لە پیتی(ت) لە دوو فیعل: ﴿ ٱتَّخَذْتُ ﴾، ﴿ أَخَذْتُ ﴾ بەهەرشێوەیەك هات، وەك: ﴿ لَئِنِ ٱتَّخَذتَّ، ثُمَّ أَخَذتُّهَا ﴾.

4- تێکهەڵکێشانی پیتی(ن) لە پیتی(و) لە ئایەتی: ﴿ يسٓ ۝١ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ ﴾، پێشتر لە بابەتی ئەحکامی نونی زەنندەدارو تەنوین باسمان کردووە.

5- وەرش ئایەتی: ﴿ نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ ﴾، بە دوو شێوە دەخوێنێتەوە : ئاشکراکردن و تێکهەڵکێشان پێشتر لە بابەتی ئەحکامی نونی زەنندەدارو تەنوین باسمان کردووە.

6- وەرش پیتی(ث) بە ئاشکراکردن دەخوێنێتەوەو تێکهەڵکێشان ناکات کە دەگات بە پیتی(ذ) لە ئایەتی: ﴿ يَلۡهَثۚ ذَّٰلِكَ ﴾،[**الاعراف**:176].

7- وەرش پیتی(ب) بە ئاشکراکردن دەخوێنێتەوە کە دەگات بە پیتی(م) لە ئایەتی:
﴿ ٱرۡكَب مَّعَنَا ﴾،[**هود**:42].

تێبینی:

پێشتر ئاگاداریمدا لە بابەتی سەکت کە پێشەوا وەرش سەکتە واجیبەکانی لای حەفص هێناوە، واتە: ئەم شوێنان بە سەکت ناخوێندرێتەوە، وبە تێکهەڵکێشان ئەم شوێنان دەخوێنێتەوە کە دەکرێت تێکهەڵکێشانیان بۆ بکرێت لە ئایەتەکانی ﴿بَل رَّانَ ﴾،[المطففين:14]. **وەئایەتی:** ﴿ مَن رَّاقِ ﴾،[قيامه:27]. **چونکە مەرجەکانی تێکهەڵکێشان تێیدایە.**

حوکمی بەیەك گەیشتنی دوو پیتی زەنندار

ئەگەر دوو پیتی زەنندار بەیەك گەیشتن لە دوو وشەدا، وەرش زەننەی وشەی یەکەم دەگۆڕێت بە ضـەممە، ئەگەر وشەی دووەم دەست پێ کردنی بە هەمزەی لکاوی ضـەممەدار بوو، هۆکاری ئەمەش گواستنەوەیە لە کەسرەوە بۆ ضـەممە، وەهەروها بە جوولە خستنی زەننەی یەکەم بە ضـەممە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جوولەی هەمزەی وەصل لە کاتی دەستپێکردن بە وشەی دووەم ضـەممە بووە، وەك: ﴿ وَلَقَدُ ٱسۡتُهۡزِئَ ﴾، ﴿ خَبِيثَةٍ ٱجۡتُثَّتۡ ﴾،﴿ أَنُ ٱقۡتُلُوٓاْ ﴾،﴿ بِرَحۡمَةٍۚ ٱدۡخُلُواْ ﴾،﴿ أَوُ ٱنقُصۡ ﴾.

خوێنەر ئاگاداردەکرێتەوە لە سەر ئەوەی کە ئەگەر وشەی دووەم بە هەمزەی لکاو دەست پێ بکات ضـەممەدار نابێت لەکاتی دەستپێکردن بەو، وەك: ﴿بِغُلَٰمٍ ٱسۡمُهُۥ، قُلِ ٱلرُّوحُ، أَنِ ٱمۡشُواْ ﴾، **چونکە خۆی کەسرەدار دەکرێت** (ٱسۡمُهُ،ٱمۡشُواْ)، **لەباری دەست پێکردن پێی.**

حوكمی وشه‌ی(نه‌بی)

وه‌ڕش وشه‌ی(نه‌بی)و وه‌رگێراوه‌كانی به لابردنی شه‌دده‌ی پیتی(ی)و زه‌ننه‌داركردنی ده‌خوێنێته‌وه، له‌گه‌ڵ زیادكردنی هه‌مزه‌ی جووله دار له دوای ئه‌و كه ده‌بێته:(النبیء)، واته: هه‌مزه‌ی گوتراو.

جیاوازی نیه ئایه وشه‌كه به‌كار هاتبێت بۆ تاك وه‌ك: ﴿ نَبِيِّ، ٱلنَّبِيُّ ﴾. یان به‌كارهاتبێت بۆ كۆی به‌كار هاتوو بۆ نێر(جمع مذكر سالم) وه‌ك: ﴿ ٱلنَّبِيُّونَ، ٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴾. یان بۆ جه‌معی ته‌كسیر وه‌ك: ﴿ ٱلۡأَنۢبِيَآءَ ﴾. وه‌هه‌روها وشه‌ی: ﴿ ٱلنُّبُوَّةَ ﴾. به‌م شێوه‌یه:
﴿ نَبِيٓءٍ، ٱلنَّبِيٓءُ، ٱلنَّبِيٓـُٔونَ، ٱلنَّبِيٓـِٔينَ، ٱلۡأَنۢبِئَآءَ، ٱلنُّبُوٓءَةَ ﴾.

درێژكردنه‌وه له‌م وشه‌دا ده‌بێته درێژكردنه‌وه‌یه‌كی لكاو به ئه‌ندازه‌ی شه‌ش جووله.

تێبینی:

ده‌رباره‌ی وشه‌ی: ﴿ ٱلۡأَنۢبِئَآءَ ﴾، ئه‌م درێژكردنه‌وه‌یه ده‌بێته درێژكردنه‌وه‌یه‌كی لكاوو درێژكردنه‌وه‌یه‌كی به‌ده‌ل(مد البدل)، به‌ڵام درێژكردنه‌وه‌ی لكاو پێش ده‌كه‌وێت، چونكه به‌هێزتره.

ده‌رباره‌ی هه‌ردوو وشه‌ی: ﴿ ٱلنَّبِيٓـُٔونَ، ٱلنَّبِيٓـِٔينَ ﴾، ئه‌وه دوو درێژكردنه‌وه‌یان تێدایه ئه‌وانیش: درێژكردنه‌وه‌ی لكاو(المد المتصل) له پیتی(ی)ی پێش هه‌مزه.

ده‌رباره‌ی هه‌ردوو پیته‌كانی(و)و(ی) كه له دوای هه‌مزه دێن هه‌ردووكیان له باری نه‌وه‌ستاندا درێژكردنه‌وه‌یه‌كی به‌ده‌ل بۆ ده‌كرێت(مد البدل)، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئاگاداری هه‌ر سێ درێژكردنه‌وه‌ی به‌ده‌ل ده‌بێت لای وه‌ڕش، وه‌هه‌روها درێژكردنه‌وه‌كه ده‌بێته په‌یدا كراوێكی زه‌ننه‌دار له باری وه‌ستاندا.

باسی حه‌وت ئه‌لیفه‌كان

➢ **یه‌كه‌م: وه‌ڕش ئه‌لیف ی جێگیر كردووه له باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا له سێ وشه‌دا، به‌م شێوه‌ی خواره‌وه:**

1- وشه‌ی﴿ الظُّنُونَا ﴾، **له** ﴿ وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا ۝١٠ هُنَالِكَ ٱبْتُلِيَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴾، [**ئه‌حزاب**:10].

2- وشه‌ی﴿الرَّسُولَا﴾، **له** ﴿ وَأَطَعْنَا ٱلرَّسُولَا ۝٦٦ وَقَالُواْ رَبَّنَآ ﴾،[**ئه‌حزاب**:66].

3- وشه‌ی﴿ السَّبِيلَا ﴾، **له** ﴿ فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا ۝٦٧ رَبَّنَآ ءَاتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ ٱلْعَذَابِ ﴾، [**ئه‌حزاب**:67].

➢ **دووه‌م: وه‌ڕش ئه‌لیف به ته‌نوینی فه‌تحه ده‌خوێنێته‌وه له‌م ووشانه‌ی خواره‌وه:**

1- وشه‌ی:﴿ سَلَٰسِلَا ﴾، **له** ﴿ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَلَاسِلَ وَأَغْلَالًا وَسَعِيرًا ﴾، [**ئینسان**:4]. **وه‌ڕش به ته‌نوین ده‌خوێنێته‌وه له باری نه‌وه‌ستان**﴿ سَلَٰسِلَا ﴾ **له‌گه‌ڵ گۆڕینی به ئه‌لیف له باری وه‌ستاندا.**

2- وشه‌ی:﴿ قَوَارِيرَا ﴾، **شوێنی یه‌كه‌م له** ﴿ وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَاْ ﴾،[**ئینسان**:15]. **وشه‌ی دووه‌م** ﴿ قَوَارِيرَا ﴾، **له** ﴿ قَوَارِيرَا مِن فِضَّةٍ ﴾،[**ئینسان**:16]. **وه‌ڕش به ته‌نوین ده‌خوێنێته‌وه له باری نه‌وه‌ستان له‌گه‌ڵ گۆڕینی به ئه‌لیف له باری وه‌ستاندا.**

3- وشه‌ی:﴿ ثَمُودَاْ ﴾. **وه‌ڕش ده‌خوێنێته‌وه به ته‌نوینی پیتی(د)** ﴿ ثَمُودَاْ ﴾. **له باری وه‌ستاندا ده‌یكات به ئه‌لیف له چوار شوێندا:**

أ- ﴿ أَلَآ إِنَّ ثَمُودَا۟ كَفَرُوا۟ رَبَّهُمْ ﴾،[**هود**:68].

ب-﴿ وَعَادًا وَثَمُودَا۟ وَأَصْحَـٰبَ ٱلرَّسِّ ﴾،[**فورقان**:38].

ت-﴿ وَعَادًا وَثَمُودَا۟ وَقَد تَّبَيَّنَ لَكُم ﴾،[**عەنكەبوت**:38].

ث-﴿ وَثَمُودَا۟ فَمَآ أَبْقَىٰ ﴾،[**نەجم**:51].

➢ **سێیەم: وشەی:(أَنَا) لەهەر شوێنێك هاتبێت بەم شێوەیە باس کراوە:**
وەڕش بە جێگیر کردنی ئەلیف لە باری نەوەستانداو درێژکردنەوەی شەش جوولە دەخوێنێتەوە لە وشەی:﴿ أَنَا ﴾ ئەگەر لە دوای ئەم وشە هەمزەی پچڕاو هات فەتحەدار بوو یان ضەممەدار، وەك: ﴿ أَنَآ أَخُوكَ ؛ أَنَآ أُحۡيِۦ ﴾.
هەمزەی پچڕاو بە فەتحەداری دێت لە دوای وشەی:﴿ أَنَا ﴾. لە دە شوێن لە قورئانی پیرۆز، وەك: ﴿ وَأَنَآ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴾.

هەمزەی پچڕاو بە ضەممە دێت لە دوای وشەی:(أنا) لە دوو شوێن کە ئەمانەن:
﴿ قَالَ أَنَآ أُحۡيِۦ وَأُمِيتُ ﴾،[**بەقەرە**:258]،و ﴿ أَنَآ أُنَبِّئُكُم بِتَأۡوِيلِهِۦ ﴾ [**یوسف**:45].
بەڵام ئەگەر لە دوای ئەم وشە هەمزەی پچڕاوی کەسرەدارهات یان هەر پیتێکی تری جگە لە هەمزە هات لە دوای وشەی:﴿ أَنَا ﴾ ئەوە وەڕش ئەلیف لادەبات لەباری نەوەستاندا وەك حەفص.

هەمزەی پچڕاوی کەسرەدار لە سێ شوێن لە قورئانی پیرۆز هاتووە بەم شێوەیە:
﴿ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٌ ﴾،[**ئەعراف**:188]،و [**شوعەرا**:115]،و [**ئەحقاف**:9].
گشت قوڕائەکان یەك دەنگن لەسەر جێگیرکردنی ئەلیف لە باری وەستاندا لە وشەی:(أنا).

بابه‌تی فه‌تح و ئیماله

مه‌به‌ست له لاركردنه‌وه(ئیماله) خوێندنه‌وه له نێوان دوو جووله یان خوێندنه‌وه له نێوان دوو پیت دا، بۆ نمونه خوێندنه‌وه‌ی فه‌تحه به‌لای كه‌سره یان خوێندنه‌وه‌ی ئه‌لیف به‌لای پیتی(ی) به شێوه‌یه‌ك له بنچینه‌دا فه‌تحه‌داره، به‌ڵام به لایه‌نی كه‌سره‌دا ده‌خوێندرێته‌وه.

به‌شێكی زۆر له هۆزه‌كانی عه‌ره‌ب، لاركردنه‌وه‌یان هه‌یه له خوێندنه‌وه‌دا، وه‌ك خوێندنه‌وه‌یان له نێوان فه‌تحه‌دار كردن و كه‌سره‌دار كردن، ئه‌م جۆره خوێندنه‌وه شتێكی به‌ربلاوه له‌لای خه‌ڵكی نه‌جد، وه‌ك: هۆزه‌كانی(به‌نی ته‌میم، به‌نی ئه‌سه‌د، قه‌یس و ئه‌وانی تر).

هه‌ندێك له هۆزه‌كانی عه‌ره‌ب ئاخاوتنیان ده‌كه‌وێته سه‌ر فه‌تحه‌داركردنی وشه، وه‌ك: خه‌ڵكی حیجاز، له قوره‌یشیه‌كان و هه‌وازن و ثه‌قیف و كینانه.

مه‌به‌ست له وشه‌ی كردنه‌وه(فه‌تح) ئه‌وه‌یه كه خوێنه‌ر ده‌می خۆی بكاته‌وه له‌كاتی ده‌ربڕینی پیته‌كه.

لاركردنه‌وه له زمانی عه‌ره‌بی: واته لاركردن و خواركردنه‌وه، یان لادان له شتێك و ڕووكردنه شتێكی تر.

لاركردنه‌وه لای زانایان: بریتیه له لادان له فه‌تحه‌وه به‌ره‌و كه‌سره، وله ئه‌لیفه‌وه بۆ پیتی(ی).

لاركردنه‌وه: ده‌كرێت به دوو به‌ش[(1)]:

[(1)]هۆكاری ئیماله هه‌شتن:

1/ بوونی كه‌سره له پێش وشه یان له دوای وشه، وه‌ك هه‌ر یه‌ك له وشه‌كانی: (الناس، النار، الربا، كلاهما، مشكاة)

2/ كه‌سره‌یه‌كی په‌یداكراو له هه‌ندێك كات دا وه‌ك: (طاب، جاء، شاء، زاد) چونكه له‌م وشانه‌دا پیتی(ف) كه‌سره‌دار ده‌كرێت له كاتی لكاندن به راناوی ره‌فعه‌دار(مه‌رفوع).

3/ بوونی پیتی(ی) له وشه‌دا، وه‌ك: (لا ضير) سوك خوێندنه‌وه له‌م وشه‌دا به ئیماله داده‌ندریت(لاركردنه‌وه).

❖ **لاركردنەوەی گەورە**(إمالة كبرى) **بریتیە لە خوێندنەوەی ئەلیف لە نێوان دوو پیتەكانی ئەلیف و یاء دا، وپێشی دەگوترێت: (-ئیضجاع- زێدە ڕەوی لە لاركردنەوە بە خوێندنەوەیەك نیوە بەنیوە) هەر ئەوەش مەبەستە ئەگەر تەنها وشەی:(ئیمالە) بە كار هات.**

لە كاتی بە كار هێنانی زاراوەی ئیمالە بە تەنها، ئیمالەی گەورە دەگرێتەوە.

❖ **لاركردنەوەی بچووك**(إمالة صغرى) **بریتیە لە دەربڕینی پیت لە نێوان كردنەوە(فتح)و ئیمالە. واتە لە نێوان كردنەوەو ئیمالە دایە، هەروها لاركردنەوەی فەتحەدار بەرەو كەسرە، ودەتوانین بلێین دەرچوونە لە فەتحەداری بەرەو كەسەرە، لەگەڵ هێشتنەوەی دەم لە شێوە ئاساییەكی خۆی، واتە: بێ لادانێكی تەواو لە فەتحەوە بۆ كەسرە، وەپێشی دەگوترێت: كەمكردنەوە(التقليل)، یان لە لاركردنەوەی(بچوك)، واتە: خوێندنەوە لە نێوان ئەلیف و ئیمالەی گەورە، واتە: خوێندنەوەی تەواو لە نێوان دوو پیت دا.**

زمان بەرزدەبێتەوە بە كردنەوەی دەم لاردەبێت بە(ئیمالە)[(1)]. خوێندنەوە بە لاركردنەوە سووك ترە لەسەر زمان لە بەرزكردنەوە، هەر بۆیە لاركردنەوە دەكەن، ئەوەی كردنەوە دەكات بۆچوونی وایە كە كردنەوە پەسندەو ئەو بنچینەیە.

4/ یان وەرگێڕان و قەلب كردن، وەك: (رمى).

5/ یان لێكچوون بە وەرگەڕان، وەك: ئەو پیتە ئەلیفەی بۆ مێ بە كاردێت.

6/ یان پێچونێك بە پێچواندنی گۆڕینی پیتی(ی) بێت، وەك: موسى، عيسى.

7/ یان ئەوەی دەبێتە نزیك لە ئیمالە(لاركردنەوە) ناودەبردرێت(ئیمالە) لە پێناو(ئیمالە)، وەك وشەی: (تراءى) مەبەست پێی پیتی ئەلیفی یەكەمە، وبەهەمان شێوە پیتی(ن) لە وشەكانی: (نأى، وراء، رأى)


8/ یان پیتی ئەلیف لەسەر شێوەی(ی) نوسرابێت، هەرچەندە لە بنچینەدا پیتی(و)وە، وەك: (ضحى).

ئەوانەی باس كران هەموویان دەگەڕێنەوە سەر دوو شت: (كەسەر)و (ی) بڕوانە: عەلی كوڕی موحەممەد ضەباع، الاضاءة في بيان أصول القراءة، (قاهیرە، نوسینگەی ئەزهەریە بۆ كەلتور، ساڵی1420ی كۆچی، لاپەرە29.

(1)لەكاتی ئیمالە كردن بە ئەلیفی(طغى)، زمان بەرز دەبێتەوە، بەڵام كەمێك لاردەبێت كە بە فەتح بخوێندرێتەوە لە لای حەفص و هاوڕاكانی.

ئهو فهرموودهی[1]. پێشهوا ئیبن جهزهری(رهزای خوای لهسهر بێت) باسی دهكات له پهرتووكهكهی خۆی بهناوی(النشر)، سهنهدهكهی دهگهڕێتهوه بۆ عهبدوڵڵهی كوڕی مهسعود(ﷺ) كاتێك پیاوێك سوڕهتی(طـه)ی لهلا دهخوێندو كهسرهداری نهكرد(واته: لاركردنهوهی نهكرد) بۆ پیته پچراوهكانی سهرهتای سوڕهتهكه، ئیبن مهسعود(ﷺ) خوێندیهوه﴿طِـهِ﴾، واته: لاركردنهوهی ئهنجام دا سێ كهڕهت، پاشان سوێندی خواردو فهرمووی بهم شێوهیه پێغهمبهری خوا(ﷺ) ئێمهی فێر كردووه.

زانایانی زمانهوانی ڕاوبۆچونی جیاوازیان ههیه لهسهر(فتح) كردنهوهو(ئیماله) لاركردنهوه، ئایه كامهیان بنچینهیه؟ بۆچوونی به هێز ئهوهیه كه(فتح) كردنهوه ڕاستره له(ئیماله) چونكه ئیماله پێویستی به هۆكارێكه به پێچهوانهی كردنهوه پێویستی به هۆكار نیه،(ئیماله) لاركردنهوه لقێكه له كردنهوه، ئیبن القاصح له شهرحهكهی لهسهر كتێبی(حرز الامانی) دهفهرموێت: ئهوهی لاركردنهوهی بۆ دهكرێت، كردنهوهشی بۆ دهكرێت، بهڵام ئهوهی كردنهوهی بۆ دهكرێت مهرج نیه لاركردنهوهی بۆ بكرێت.



[1] فهرموودهیهكی غهریبه.

مه‌به‌ست له‌ لاركردنه‌وه‌ یان كه‌م كردنه‌وه‌: ڕاگه‌یاندنه‌ تا بزاندرێت بنچینه‌ی ئه‌لیف پیتی یائه‌، یان ئاگاداركردنه‌وه‌یه‌ له‌سه‌ر وه‌رگه‌ڕانی بۆ پیتی(ی) له‌ شوێنێكی دیاریكراودا، یان دیاری كردنی هاوشێوه‌یه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌و كه‌سره‌ی كه‌ نزیكیه‌تی.

مه‌زهه‌بی وه‌ڕش كه‌مكردنه‌وه‌(تقليل) ئه‌نجام ده‌دات له‌ هه‌موو ئه‌لیفێكی كه‌ بنچینه‌یی گۆڕدراو بێت له‌ پیتی(ی)، ئه‌وه‌ش ڕونادات ته‌نها له‌ ئیسم و فیعلدا نه‌بێت، یان له‌سه‌ر شێوه‌ی پیتی(ی) بێت.

كه‌ گوتمان ئه‌لیفی بنچینه‌یی ئه‌لیفی زیاده‌ ده‌رده‌چێت وه‌ك: ﴿ قَآئِمٌ ﴾، **وه‌كه‌ ده‌ڵێین ئه‌لیفی كۆتایی، ئه‌لیفی ناوه‌ڕاست ده‌رده‌چێت وه‌ك:** ﴿ وَنَمَارِقُ ﴾، **كه‌ ده‌ڵێین ئه‌لیفی گۆڕدراو له‌ پیتی(ی) تا ئه‌لیفی گۆڕدراو له‌ پیتی(و) ده‌ربچێت وه‌ك:** ﴿نَجَا﴾، **ئه‌لیفی گۆڕدراو به‌ ته‌نوینیش به‌ هه‌مان شێوه‌ ده‌رده‌چێت وه‌ك:** ﴿ عِوَجًا ﴾**و ئه‌لیفی به‌كارهاتوو بۆ دووان ده‌رده‌چێت وه‌ك:** ﴿ يَخَافَآ ﴾.

به‌لاَم پرسیار لێره‌دا ئه‌وه‌یه‌ چۆن بزانین بنچینه‌ی پیتی یائه‌ له‌ ناوه‌كان؟(الاسماء). **ولاَمه‌كه‌ش ئه‌وه‌یه‌ ناوێكی به‌ كار هاتوو بۆ دووان بۆ نمونه‌:** ﴿ ٱلْهُدَىٰ ﴾، **ده‌بێته‌(الهديان)، ئه‌لیف گۆڕدراوه‌ به‌(ی) له‌ كاتی به‌كارهاتنی بۆ دووان**(التثنية).

ده‌رباره‌ی فیعل یش، گونجاوترین فیعل لای من وشه‌ی(أنا) -كه‌ ڕاناوی ئاخاوتنه‌- بۆ نمونه‌ له‌ فیعلی﴿ ٱشْتَرَىٰ ﴾، **ده‌ڵێم(اشتريتُ)، كه‌واته‌ ئه‌لیف له‌ فیعلی(اشترى) گۆڕدراوه‌ له‌ كاتی پاڵنانی بۆ لای ڕاناوی ئاخاوتن بۆ پیتی(ی).**

تێبینی:

گشت قورِائەکان لە سێزدە وشەدا لە قورئانی پیرۆز ئیمالەو کەمکردنەوە ناکەن، ئەوانیش ئەو شوێنانەن کە بنچینەی ئەلیف تێیدا پیتی واوە، پێشەوا موتەولی کۆیکردۆتەوە لەم وتەی خۆی(1).

عصا شـفا إن الصفا أبا أحد	سنا ما زكى منكم خلا وعلا ورد
عفا ونجا قل مع بدا ودنا دعا	جـمـيــــعاً بواوٍ لا تمالُ لدى أحد

مەبەست لە دێری یەکەم لە یەکەم هونراوە لە وشەی(أبا) ئەوە لە وشەی(الأبوة) وەرگیراوە، وەك: ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ ﴾، **لارکردن و کەمکردنی تێدا نیە، بەڵام(أبى) لە(أبيتُ) هاتووە لارکردنەوەی تێدا دروستە لای ئەو کەسانەی کە دان بە ئیمالە دەنێن وەك:** ﴿ إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰٓ أَن يَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ ﴾.

دەربارەی ئەو وێنەی کێشراوە لەسەر شێوەی پیتی(ى) وەك: ﴿بَلَىٰ﴾ **ئەوە وەرش بە کەمکردنەوە(تقليل) دەیخوێنێتەوە.**

---

(1) **ئەگەر یاسامان جێبەجێ کرد لەسەر پێنج ناوی یەکەم، لە هونراوەی یەکەم دەڵێین:** [عصا] **دەبێتە**[عصوان]،[شفا] **وەك لە قورئاندا هاتووە:** {شفا جرف هار} **دەبێتە**[شفوان]،[صفا] **دەبێتە**[صفوان]،[أبا] **دەبێتە**[أبوان]،[سنا] **وەك لە قورئاندا هاتووە:** {سنا برقه} **دەبێتە**[سنوان].

دەربارەی هەشت وشەکەی ماوە لە فیعلەکان بەم شێوەی لێ دێت: [زكى] **دەبێتە**[زكوت]،[خلا] **وەك لە قورئاندا هاتووە:** {خلا بعضهم} **دەبێتە**[خلوت]،[علا] **وەك لە قورئاندا هاتووە:** {ولعلا بعضهم، علا في الأرض} **دەبێتە**[علوت]،[عفا] **دەبێتە**[عفوت]،[نجا] **وەك لە قورئاندا هاتووە:** {نجا منهم} **دەبێتە**[نجوت]،[بدا] **وەك لە قورئاندا هاتووە:** {بدا لهم} **دەبێتە**[بدوت]،[دنا] **دەبێتە**[دنوت]،[دعا] **وەك لە قورئاندا هاتووە:** {دعا ربه} **دەبێتە**[دعوت].

مەزهەبی وەرش
لەسەر ئیمالەی بچووك(كەم كراو)

لای پێشەوا وەرش وشەكانی ئەم بابەتە دەبێتە سیٚ بەش:

- ✓ **بەشی یەكەم:** تایبەتە بەو وشانەی تەنها بە كردنەوە دەخوێندرێتەوە.
- ✓ **بەشی دووەم:** تایبەتە بەو وشانەی تەنها بە كەمكردنەوە دەخوێندرێتەوەو پێی دەگوترێت: [تەنها بە كەمكردنەوە].
- ✓ **بەشی سێیەم:** تایبەتە بەو وشانەی بەكردنەوەو كەمكردنەوەی دەخوێندرێتەوە پێی دەگوترێت: [كەمكردنەوە بە یەك لە خوێندنەوەكان]، ئەمانەش بەم شێوەی خوارەوە درێژە پیٚ دەدرێت:

1- وەرش بۆ هەموو ئەلیفێكی گۆڕدراو بە پیتی(ی) یان لەسەر شێوەی ئەو بێت، لەسەر هەر كێشێك بێت كێشەی نیە، دوو خوێندنەوەی بۆ هەیە:

كردنەوەو كەمكردنەوە، وەك: ﴿ٱلۡهُدَىٰ، ٱسۡتَوَىٰٓ، ٱلدُّنۡيَا، بَلَىٰ، أَنَّىٰ، مَتَىٰ، يَٰحَسۡرَتَىٰ، يَٰٓأَسَفَىٰ، ضِيزَىٰٓ، مَّرۡضَىٰٓ، يَحۡيَىٰ، مُّزۡجَىٰةٖ، طُوبَىٰ، مَثۡوَى، ٱلۡمَوۡتَىٰ، أَدۡنَىٰ، تَزَكَّىٰ﴾.

تێبینی:

ئه‌و ئه‌لیفانه‌ی گۆڕدراوه‌ له‌ پیتی(ی) به‌ڵام به‌ شێوه‌ی عوسمانی به‌ ئه‌لیفی درێژكراو نوسراوه‌، به‌ یه‌ك ده‌نگی زانایانی ڕه‌نووسی عوسمانی(الرسم العثماني) **ئه‌وه‌ پێچه‌وانه‌ی شێوه‌ی ڕه‌نوسی ناسراوه**[1]**. ژماره‌یان دوازده‌ وشه‌یه**[2]**:**

-1 ﴿ عَصَانِي ﴾،[**ئیبراهیم**:36].

-2 ﴿ ٱلْأَقْصَا ﴾،[**ئیسراو**:1].

-3 ﴿ وَنَـَٔا ﴾،[**ئیسراو**:83]**و** [**فوصیله‌ت**:51].

-4 ﴿ كِلْتَا ﴾،[**كه‌هف**:33].

-5 ﴿ تَوَلَّاهُ ﴾،[**حه‌ج**:4].

-6 ﴿ تَتْرَا ﴾،[**مؤمنون**:44].

-7 ﴿ تَرَآءَا ﴾،[**شوعه‌را**:61].

-8 ﴿ أَقْصَا ﴾، **ئه‌مه‌ له‌ دوو شوێندا هاتووه‌: یه‌كه‌میان:** [**قه‌صه‌ص**:20]، **دووه‌میان** [**یاسین**:20].

-9 ﴿ سِيمَاهُمْ ﴾،[**فه‌تح**:29].

-10 ﴿ طَغَا ﴾،[**حاقه‌**:11].

-11 ﴿ رَءَا ﴾ **ئه‌مه‌ له‌ چه‌ند شوێنێكی جیاواز هاتووه**[3]**.**

-12 ﴿ مَرْضَاتِ ﴾ **له‌ پێنج شوێندا هاتووه‌.**

---

(1) **بۆ زانینی به‌شه‌كانی تر بڕوانه‌ پاشكۆی ژماره‌**(5) **له‌ كۆتایی په‌رتوكی ئوصولٚ.**

(2) **به‌مه‌ ده‌رده‌چێت وشه‌ی**(العليا) **له‌ ئایه‌تی**{وكلمة الله هي العليا}،[**ته‌وبه‌**:40] **چونكه‌ مه‌رجه‌كه‌مان بریتیه‌ له‌وه‌ی كه‌ پێچه‌وانه‌ی شێوه‌ی عوسمانی بێت.**

(3) **له‌مه‌ جیاده‌كرێته‌وه‌ هه‌ردو شوێن له‌ سوره‌تی نه‌جم، ئایه‌ته‌كانی**11**و**18 **وێنه‌ی كێشراوه‌ به‌ شێوه‌ی ڕه‌نوسی، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئه‌م وشه‌ كه‌ به‌م مه‌رجانه‌ی باس كران دواتر باس ده‌كرێن.**

هەر دوازدە وشەی لە پێشودا باس کران کەمکردنەوەیان بۆ دەکرێت لای پێشەوا وەڕش[1]. تەنها وشەی: ﴿مَرۡضَاتِ﴾ نەبێت کردنەوەی بۆ دەکرێت.

وەهەروها وشەی: ﴿تَرَٰٓءَا﴾ کەمکردنەوە(تقليل) بۆ ئەليفی يەکەم ناکرێت.

دەربارەی هەمزەو ئەليف ی کۆتايی لەهەردوکياندا، کەمکردنەوەيان تێدايە بە يەك لە خوێندنەوەکان لە داهاتودا باس دەکرێن.

ئاگاداری دەدرێت لەسەر ئەم دوازدە وشەيە تا خوێنەر بزانێت، چونکە جياوازە لە شێوەی ئەو نوسينەی ئێمەی بەکارمان هێناوە، چونکە نوسينەکەی لەسەر شێوەی پيتی(ی) دا هاتوە.

دەربارەی وشەی: ﴿ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ ﴾، ئاگادارکردنەوە نەکراوە کە لەگەڵ ئەم دوازدە وشەيەی ڕابردو بێت، چونکە بەهەمان شێوەی عوسمانی نوسراوە بەوەش دەگەڕێينەوە سەر ياسا دەبينين ئەوە گۆڕدراوە لە پيتی:(ی) هەر بۆيە دەبێتە کەمکردنەوە لە باری وەستاندا بە يەك لە خوێندنەوەکانی وەڕش.

تێبينی:

لێرەدا يازدە سورەت هەيە وەڕش کەمکردنەوە بۆ وشەکانی کۆتايی ئايەتەکان دەکات بەيەك وتە، لەگەڵ ئەوەشدا ناگونجێن بۆ کەمکردنەوە[2]. بەلاَم وەڕش کەمکردنەوە دەکات بیَ جياوازی لەنێوان وشەکە واوی بێت يان يائی.

ئەوە جياکراوتەوە ئەگەر فيعلەکە بە ڕاناوی(ها) لکابو وەك: ﴿وَضُحَىٰهَا، تَلَىٰهَا ﴾، ئەوە وشەکانی لکاو بە ڕاناوی(ها) دوو خوێندنەوەی بۆ هەيە، ئەوانيش: کردنەوەو کەمکردنەوە، تەنها ئەوە نەبیَ ئەگەر پێش ئەليف پيتی(ر) بێت، ئەوەش تەنها لە: ﴿ذِكۡرَىٰهَآ﴾،[نازيعات:43]، هاتووە، کە تەنها کەمکردنەوەی تێدايە لەسەر بنچينەی خۆی.

---

[1] وشەکانی﴿ وَنَـَٔا ؛ كِلۡتَا ﴾ لە کەمکردنەوە (تقليل) دا بە درێژی باس دەکرێن لە داهاتودا.

[2] وەك ئەليفەکانی گۆڕدراو لە تەنوين ئەوە ئيمالە ناکرێت.

ئەو یازدە سوڕەتەش ئەمانەن:-

1: طه. 2: نەجم. 3: مەعارج. 4: قیامە. 5: نازیعات. 6: عەبەسە. 7: ئەعلى.
8: شەمس. 9: لەیل. 10: ضوحا. 11: عەلەق.

ئاگاداركردنەوە:-

پێویستە لەسەر قاریئەکان بزانن کامەی کۆتایی ئایەتەو کامەی کۆتایی ئایەت نیە، تا کەمکردنەوە ئەنجام بدەن بۆ کۆتایی ئایەت و کردنەوەش بکەن بۆ ئەوانی تر، وەتاوەکو بزاندرێت جیاوازی نیە لە نێوان زانایان ژمێریاری ئایەتەکانی قورئان نیە لەسەر کۆتایی ئایەتەکان کە ئیمالە دەخوێندرێتەوە لەم یازدە سوڕەتە تەنها لە نۆ ئایەت نەبێت، بەڵام بەرهەمی ئەم جیاوازیە دەرناکەوێت لە خوێندنەوەی وەڕش تەنها لەم وشانەی خوارەوە نەبێت[1]:

أ- **وشەی** ﴿هُدَى﴾ **لە** ﴿ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى ﴿١٢٠﴾ فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ ﴿١٢١﴾﴾،[طه:123]**، ئەوە بەشێکە لە ئایەتی ژمارە**123 **لە سوڕەتی** طه **بەپێی ژماردنی کوفی، وەدەبێتە کۆتایی ئایەتی**20 **بە پێی ژماردنی مەدەنی، کەواتە: ئەوەیان بە کۆتایی ئایەت ئەژمار دەکرێت بە ئەژماردنی مەدەنی کۆتایی و ئەوەیان پشتی پیٚ دەبەسترێت لە گێڕانەوەی وەڕش.**

وەهەروها بەسەری ئایەت ئەژمار ناکرێت لای ئەژمارەی کوفیەکان، ئەوەی پشتی پێی دەبەسترێت لە گێڕانەوەی حەفص، لەسەر ئەمەش کەمکردنەوە پێویستە لای وەڕش بیٚ جیاوازی، ئەوەش لە باری وەستاندا بەڵام لە باری نەوەستاندا کەمکردنەوەی بۆ ناکرێت.

---

[1] هەندێك لە قورئانی پیرۆز کە ئێستا بلاۆ بۆتەوە ئەوەی لەسەر خوێندنەوەی وەرش نوسراوە وێنەی کێشراوە بە شێوەی ئەژماردنی مەدەنی یەکەم، یان بەپێی ئەژماری کوفی یان لەسەر شێوەی نوسینی خەڵکی مەدەنی دووەم، ئەوەی ناسراوە کە وەرش شوێن کەوتەی ئەژماری خەڵکی مەدینەی دووەمە، واتە:(ئەژماری کۆتایی)

ب- وشه‌ی: ﴿ٱلدُّنۡيَا﴾ له ﴿ وَلَا تَمُدَّنَّ عَيۡنَيۡكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعۡنَا بِهِۦٓ أَزۡوَٰجٗا مِّنۡهُمۡ زَهۡرَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا ١٢٩ لِنَفۡتِنَهُمۡ فِيهِۚ﴾،[طه:131]، ئه‌وه به‌شێكه له ئایه‌تی ژماره131 له سوره‌تی طه به‌پێی ژماردنی كوفی، وه‌ده‌بێته كۆتایی ئایه‌تی129 به پێی ژماردنی مه‌ده‌نی، كه واته: ئه‌وه‌یان به كۆتایی ئایه‌ت ئه‌ژمار ده‌كرێت به ئه‌ژماردنی مه‌ده‌نی كۆتایی، ئه‌وه‌یان پشتی پێ ده‌به‌سترێت له گێڕانه‌وه‌ی وه‌ڕش.

وه‌هه‌روها به‌سه‌ری ئایه‌ت ئه‌ژمار ناكرێت لای ئه‌ژماره‌ی كوفیه‌كان ئه‌وه‌ی پشتی پێی ده‌به‌سترێت له گێڕانه‌وه‌ی حه‌فص، له‌سه‌ر ئه‌مه‌ش كه‌مكردنه‌وه پێویسته لای وه‌ڕش بێ جیاوازی.

ج- وشه‌ی ﴿طَغَىٰ﴾ له ﴿ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ وَءَاثَرَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا ٣٧﴾،[نازیعات:37]، ئه‌وه كۆتایی ئایه‌ت داده‌ندرێت له ژماردنی كوفی، به‌لأم به كۆتایی ئایه‌ت ئه‌ژمارناكرێت له ئه‌ژماری مه‌ده‌نی كۆتایی، له‌سه‌ر ئه‌مه لای وه‌ڕش كه‌مكردنه‌وه هه‌یه به یه‌ك له خوێندنه‌وه‌كانی وه‌كو ئه‌وانی تر له خاوه‌ن پیته یائه‌كان بێ سه‌ره ئایه‌ت.

د- وشه‌ی ﴿مُوسَىٰ﴾ له ﴿ فَقَالُواْ هَٰذَآ إِلَٰهُكُمۡ وَإِلَٰهُ مُوسَىٰ فَنَسِيَ ﴾،[طه:88]، ئه‌وه كۆتایی ئایه‌ت داده‌ندرێت له(ژماردنی مه‌ده‌نی یه‌كه‌م) به‌لأم به كۆتایی ئایه‌ت ئه‌ژمارناكرێت له ئه‌ژماری مه‌ده‌نی كۆتایی، ئه‌گه‌ر به ئه‌ژماری مه‌ده‌نی یه‌كه‌م دابندرێت ئه‌وه كه‌مكردنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه به‌یه‌ك ده‌نگ، به‌لأم ئه‌گه‌ر به ئه‌ژماری مه‌دینه‌ی كۆتایی دابندرێت كه -ئه‌وه‌ش كاری پێ ده‌كرێت- ئه‌وه لای وه‌ڕش كه‌مكردنه‌وه هه‌یه به یه‌ك له خوێندنه‌وه‌كانی وه‌كو ئه‌وانی تر له خاوه‌ن پیته یائه‌كان به‌بێ كۆتایی ئایه‌ت.

2- وەڕش کەمکردنەوە ئەنجام دەدات بە یەك دەنگ لە هەمو ئەلیفێك کە خاوەن پیتی یائەکان بێت و بکەوێتە دوای پیتی(ر)

وەك: ﴿ أُخۡرَىٰ، ٱلنَّصَـٰرَىٰ، ٱشۡتَرَىٰ، تَرَىٰٓ، ٱلۡقُرَىٰ، مُجۡرٜىٰهَا، سُكَـٰرَىٰ، أَسۡرَىٰ ﴾، **ناودەندرێت بە پیتی(ر) تەنها ئایەتی:** ﴿وَلَوۡ أَرَىٰكَهُمۡ كَثِيرٗا ﴾، [ئەنفال:43] **نەبێت کردنەوەو کەمکردنەوە(تقلیل)ی بۆ هەیە.**

دەبێت خوێنەر ئاگادار بێ لە وشەی: ﴿فَأَرَىٰهُ﴾ **لە ئایەتی سوڕەتی نازیعات**﴿ فَأَرَىٰهُ ٱلۡأٓيَةَ ٱلۡكُبۡرَىٰ ٢٠﴾، **ئەوەیان کەمکردنەوەی بۆ دەکرێت بە یەك دەنگ، چونکە لە پیتە یائەکانەو کەوتۆتە دوای پیتی(ر).**

3- وەڕش بەیەك دەنگ کەمکردنەوە(تقلیل) ئەنجام دەدات لە هەمو ئەلیفێك بکەوێتە پێش پیتی(ر)ی لە ڕێ لادراوی کەسرەدار بێت بە کەسرەی بنچینەی خۆی

وەك: ﴿ ٱلنَّارِ، ٱلدَّارِ، دِيَٰرِهِمۡ، ٱلۡأَبۡرَارِ، ٱلۡقَرَارِ ﴾.

ئەوە دەردەچێت لە وتەی ئێمە کە دەڵێین:(پیتی(ر)ی لە ڕێ دەرچوو)، ئەلیفێك بکەوێتە پێش پیتی(ر)ی کەسرەدار لە ناوەڕاست دا وەك: ﴿وَنَمَارِقُ، فَلَا تُمَارِ فِيهِمۡ، ٱلۡجَوَارِ ٱلۡمُنشَـَٔاتُ، ٱلۡحَوَارِيِّـۧنَ﴾.

بنچینەی وشەی: ﴿تُمَارِ﴾ **بریتیە لە(تماری) بەڵام پیتی(ی) لابردراوە بەهۆی زەننەوە بە لای ناهیە.**

بنچینەی﴿ٱلۡجَوَارِ﴾ **بریتیە لە(الجواری) ئەوەش ناوێکی مەنصوصە لەسەر کێشی(فواعل) پیتی(ی)ی تێدا لابردراوە بە هۆی ئاسان خوێندنەوەی لە بابەتی سوڕەتی(شوری) و بەهۆی گەیشتنی دوو زەننە بەیەکەوە لە بابەتی سوڕەتی(ڕەحمان) و سوڕەتی(تەکویر).**

دەربارەی﴿ٱلۡحَوَارِيِّـۧنَ﴾ پیتی(ی)ی نیسبەت لە وشەی(حواریّ) ئەوە پیتی(ر) لابردراوە لە بەشێکیدا، هەر بۆیە سەرو ژێری(اعراب)ی گواستراوتەوە بۆ ئەو، بە وتەی ئێمە ئەوە دەردەچێت(کەسرەداربێت بە کەسرەیەکی بنچینەی خۆی) پیتی(ر) وەك:

﴿مَنۡ أَنصَارِيٓ﴾ لێرەدا پیتی(ر) کەسرەدارە لە شوێنی ڕەفع، وەهۆی کەسرەدارکردنی بەهۆی پیتی(ی) ئەوەیە، تەنها ئایەتی: ﴿وَٱلۡجَارِ﴾ ئەوەیان کردنەوەو کەمکردنەوەی بۆ هەیە، ئەوەش لە دوو شوێندا هاتووە لە [نیساء:36].

تێبینی:

پێویستە ئەم وشانە ناوبێت(اسم) نەك فیعل(فعل) چونکە فیعل جەڕە وەرناگرێت، وەجەرەش نیشانەیەکە لە نیشانەکانی ناو(اسم).



مەزهەبی وەرش
لە کەمكردنەوەی وشە تایبەتەكان


أ- وەرش كەمكردنەوە دەكات بە یەك دەنگ لە هەردوو وشەی: ﴿ٱلۡكَٰفِرِينَ، كَٰفِرِينَ﴾ **لە هەرشوێنێكی قورئان بێت، بەڵام وشەی** ﴿ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ **كەمكردنەوەی تێدا نیە.**

ب- وەرش كەمكردنەوە دەكات لە پیتی(ر) و هەمزە لە فیعل ی﴿ رَأَىٰ ﴾، **ئەگەر جوولەدارێكی پچڕاوی بە دوادا هات وەك:** ﴿ رَءَا كَوۡكَبٗاۖ، رَءَآ أَيۡدِيَهُمۡ، رَءَا بُرۡهَٰنَ، رَءَا قَمِيصَهُۥ ﴾، **یان ئەو فیعلە بە ڕاناوێك وەلكا، وەك:** ﴿أَن رَّءَاهُ ٱسۡتَغۡنَىٰٓ، رَءَاهُ مُسۡتَقِرًّا، رَءَاهُ بِٱلۡأُفُقِ، رَءَاهَا تَهۡتَزُّ، رَءَاكَ ٱلَّذِينَ، فَرَءَاهُ حَسَنٗاۖ ﴾.

بەڵام ئەگەر زەنندەاری بەدواداهات ئەوە دوو ئەگەری بۆ هەیە:

- **یەكەم: دەبێت زەنندەارەكە بەئەوەوە لكابێت وەك:** ﴿ رَأَتۡهُم، رَأَوۡكَ، رَأَوۡهُمۡ، رَأَتۡهُ ﴾ **وەرش فەتحەداری دەكات لە باری وەستان و نەوەستاندا.**

- **دووەم: دەبێت زەنندەارەكە بەئەوەوە نە لكابێت وەك:** ﴿ رَءَا ٱلشَّمۡسَ، رَءَا ٱلۡقَمَرَ، رَءَا ٱلَّذِينَ ﴾، **وەرش پیتی(ر) فەتحەدار دەكات و هەمزەش دەلكێنێت، وەلەباری وەستاندا كەمكردنەوەی بۆ دەكات، درێژكردنەوەی بەدەل ش دەردەكەوێت لەم فیعلە.**



ت- وه‌رش ته‌نها به‌ كه‌مكردنه‌وه‌ پیتی(ر) و ئه‌لیف له‌ وشه‌ی ﴿تَتۡرَاۖ﴾ له‌ ئایه‌تی﴿ ثُمَّ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا تَتۡرَاۖ كُلَّ مَا جَآءَ أُمَّةٗ رَّسُولُهَا كَذَّبُوهُۖ﴾،[مؤمینون:44]، ده‌خوێنێته‌وه‌، چونكه‌ ئه‌لیفه‌كه‌ی بۆ مێ به‌كار هاتووه‌، به‌ شێوه‌یه‌ك وه‌رش بێ ته‌نوین ده‌یخوێنێته‌وه‌ وه‌ك –حه‌فص–.

ث- وه‌رش ته‌نها به‌ كه‌مكردنه‌وه‌ وشه‌ی: ﴿ ٱلتَّوۡرَىٰةَ ﴾ ده‌خوێنێته‌وه‌، له‌ هه‌ر شوێنێكی قورئان هاتبێت.

ج- وه‌رش له‌ وشه‌ی: ﴿جَبَّارِينَ﴾، دوو خوێندنه‌وه‌ی هه‌یه‌:
كردنه‌وه‌و كه‌مكردنه‌وه‌، ئه‌وه‌ش له‌ دوو شوێن هاتووه‌ كه‌ ئه‌وانه‌ن: [مائیده‌:22] و [شوعه‌را:130].

ح- وەرش كەمكردنەوە دەكات بە یەك لە خوێندنەوەكان لە ئەلیف ی وشەی: ﴿ إِنَٰهُ ﴾، له ئایەتی﴿ إِلَىٰ طَعَامٍ غَيْرَ نَٰظِرِينَ إِنَٰهُ وَلَٰكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَٱدْخُلُواْ ﴾،[ئەحزاب:53].

خ- جیاوازی دروست بووە لای وەرش لەسەر وشەی: ﴿كِلْتَا﴾ لە باری وەستاندا لە ئایەتی ﴿ كِلْتَا ٱلْجَنَّتَيْنِ ءَاتَتْ﴾،[كەهف:33]، گوتراوە ئەمە بۆ میٚ یە لەسەر ئەوەش دوو خوێندنەوە هەیە: كردنەوەو كەمكردنەوە(الفتح والتقليل)، گوتراوە ئەمە بۆ دووانە(تثنية) تەنها كەمكردنەوەی بۆ هەیە، بەلاٚم بۆچوونی دروست خوێندراوتەوە بە كردنەوەو كەمكردنەوەیە لە باری وەستاندا.

د- وەرش دوو خوێندنەوەی هەیە بۆ وشەی: ﴿ تَرَٰٓءَا ﴾ لە ئایەتی﴿ فَلَمَّا تَرَٰٓءَا ٱلْجَمْعَانِ قَالَ أَصْحَٰبُ مُوسَىٰٓ إِنَّا لَمُدْرَكُونَ ﴾،[شوعەرا:61].(لە هەمزەو ئەلیف ی كۆتایی) كردنەوەو كەمكردنەوە، لە باری وەستاندا دەبێتە بەدەل و چوار خوێندنەوە دەردەكەوێت بەم شێوەیە: درێژكردنەوەی دوو جوولە بەدەل لەگەڵ كردنەوەو درێژكردنەوەی چوار جوولە لەگەڵ كەمكردنەوەو شەش جوولە لەگەڵ كردنەوەو كەمكردنەوە، لەربارەی نەوەستان كەمكردنەوەی تێدا نیە چونكە ئەلیف لابردراوە.

ذ- وەرش كەمكردنەوە دەكات لە سەرەتای دەسپێكی سورەتەكان، وەك: ﴿الٓر﴾.

ر- وەرش كەمكردنەوە دەكات لە پیتی(ح) لە وشەی ﴿حمٓ ﴾، لە هەر حەوت سورەتەكاندا.

ز- وەرش كەمكردنەوە دەكات لە پیتی(ه) و پیتی(ی) لە وشەی: ﴿كٓهيعٓصٓ﴾، لە سەرەتای سورەتی مەریەم.

س- وەرش كەمكردنەوە دەكات بە یەك لە خوێندنەوەكان –لە باری وەستاندا بۆ وشەیەك لە وشەكانی پیتی(و)– نەكەوتبێتە سەرتای ئایەت لە یازدە سورەتەكان

ئه‌ویش وشه‌ی: ﴿ ضُحَىٰ ﴾ **له‌ ئایه‌تی**﴿ أَوَ أَمِنَ أَهۡلُ ٱلۡقُرَىٰٓ أَن يَأۡتِيَهُم بَأۡسُنَا ضُحٗى وَهُمۡ يَلۡعَبُونَ ٩٨ ﴾ [**ئه‌عراف**:98].

ش- وه‌ڕش ئیماله‌ی گه‌وره‌ ده‌كات له‌ پیتی(هـ) له‌ وشه‌ی: ﴿طه﴾[1]. جگه‌ له‌وه‌ وه‌ڕش ئیماله‌ی گه‌وره‌ ئه‌نجام نادا له‌ قورئانی پیرۆز.



[1] **خاوه‌نی په‌رتووكی(البدور الزاهره) باسی كردوه‌ كه‌ وه‌رش ئیماله‌ی كردوه‌ له‌م بابه‌ته‌ به‌شێوه‌یه‌ك كه‌ پیتێكه‌ له‌ پیتی(ها) له‌(كهيعص) له‌ سه‌ره‌تای سوره‌تی مه‌ریه‌م، نه‌ك به‌و شێوه‌ كه‌ له‌ سوره‌تی**(طه)**یه‌ سه‌ره‌ ئایه‌ته‌، ئه‌و به‌م شێوه‌ سه‌یری ناكا چونكه‌ ته‌نها لای كوفیه‌كان ئه‌ژمار ده‌كرێت، به‌ڵام وه‌رش به‌ ئه‌ژماری مه‌دینه‌ی كۆتایی دایده‌نێت، به‌ڵگه‌ش له‌سه‌ر ئیماله‌ی له‌ سوره‌تی**(طه) **به‌شێوه‌یه‌ك كه‌ پیتێكه‌ نه‌ك سه‌ره‌تای ئایه‌ته‌ تا بیكاته‌ ئیماله‌ی گه‌وره‌ ئه‌گه‌ر ئیماله‌كه‌ی به‌شێوه‌ی سه‌ره‌ ئایه‌ت بێت ئه‌ه كه‌مكردنه‌وه‌ی بۆ ده‌كرێت، هه‌روه‌ك مه‌زهه‌بی خۆی وایه‌ له‌سه‌ر سه‌ره‌ ئایه‌تدا**[عبدالفتاح ی قاضی: **په‌رتووكی**:(البدور الزاهرة في القراءات العشر المتواترة) **له‌ رێگه‌ی** شاطبی **و الدوره**،(القاهرة، دار السلام للطباعة والنشر، ب1، 1429ك)، لا253].

ئه‌و وشانه‌ی
جیاكراوته‌وه له كه‌مكردنه‌وه لای وه‌ڕش

ئه‌م وشانه‌ی كو وه‌ڕش به كه‌مكردنه‌وه نایانخوێنێته‌وه:

1- وشه‌ی: ﴿ لَدَى ﴾ **له ئایه‌تی**﴿ إِذِ ٱلْقُلُوبُ لَدَى ٱلْحَنَاجِرِ كَٰظِمِينَ ﴾،[**غافير**:18]، **كه‌مكردنه‌وه‌ی تێدا نیه، وه‌هه‌روها وشه‌ی:** ﴿ لَدَا ﴾ **له ئایه‌تی**﴿ وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا لَدَا ٱلْبَابِ ﴾، [**يوسف**:25]، **ئه‌وه‌ش به‌هه‌مان شێوه كه‌مكردنه‌وه‌ی تێدا نیه، چونكه ئه‌لیف درێژكراوه‌ته‌وه له گشت قورئانی پیرۆزدا.**

2- وشه‌ی: ﴿ حَتَّىٰ ﴾.
3- وشه‌ی: ﴿ إِلَىٰ ﴾.
4- وشه‌ی: ﴿ عَلَىٰ ﴾ **ی جه‌ڕه**[1].

(2-4): **به‌هه‌ر شێوه‌یه‌ك هاتبێت له قورئانی پیرۆز.**

5- وشه‌ی: ﴿ زَكَىٰ ﴾ **له ئایه‌تی:**﴿ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ ﴾،[**نور**:21]. **ئه‌وه‌ش ناشاردرێته‌وه كه ئه‌م وشه واویه، به‌لاّم لێره‌دا ته‌نها بۆ ئاگاداركردنه‌وه باس كراوه.**

6- وشه‌ی: ﴿ كَمِشْكَوٰةٍ ﴾ **له ئایه‌تی**﴿كَمِشْكَوٰةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ ﴾،[**نور**:35].

7- وشه‌ی: ﴿ٱلرِّبَوٰاْ﴾ **له هه‌ر شوێنێك بێت له قورئانی پیرۆز، وه‌ك:** ﴿ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْ﴾،[**به‌قه‌ره**:275].

---

[1]تایبه‌ت كراوه پیتی(على) به جه‌ڕه تا ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر شێوه‌ی فیعل ی ڕابردو(ماضى) دێت ده‌ربچێت هه‌روه‌ك:(إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا) ئه‌وه فیعل ی واویه ئیماله‌ی تێدا نیه.

8- وشەی: ﴿ مَرْضَاتِ ﴾[1]. **لە هەر شوێنێك هات لە قورئانی پیرۆز، ئەویش لە پێنج شوێن هاتووە كە ئەمانەن: ئایەی207 + 265 لە سوڕەتی بەقەڕەو ئایەتی114 لە سوڕەتی نیساءو ئایەتی1 لە سوڕەتی مومتەحینە، وەك:**
﴿ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَۚ﴾،[**تەحریم**:1].

9- وشەی: ﴿ كِلَاهُمَا ﴾ **لە ئایەتی:** ﴿ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ﴾،[**ئیسڕاء**:23].

تێبینی:

ئاگاداركردنەوەمان كردووە لەسەر كردنەوەی ئەو چوار وشەی كۆتایی كە ئەمانەن: ﴿كَمِشْكَوٰةٍ، ٱلرِّبَوٰاْ، مَرْضَاتِ، كِلَاهُمَا﴾، **لەگەڵ ئەوەش كە خاوەن پیتە یائەكان نین، لە شێوەی قورئان دا بە پیپیتی یاء نەنوسراوە هۆكارەكەشی ئەوەیە چونكە بەناوبانگە لای زانا قاریئەكان كە ئەوەی حەمزەو كەسائی ئیمالەی دەكەن، ئەوە وەڕش بە یەك لە خوێندنەوەكانی كەمكردنەوەی بۆ دەكا ئەو یاسایەش دروستە بە جیاكردنەوەی ئەو چوار وشەی لە ڕابردو باسكران.**

---

[1] **بنچینەی خۆی واویە زیاد كراوە بە پیتی(م) بەلاّم یاسای زمانەوانی: فیعل ی زیادكراوی واوی بە پیتی(ی) دەنوسرێت ئەم وشێوەش بە پیتی(ی) ئەژماردەكرێت.**

ئاگاداركردنەوە
لەسەر ئیمالەی بچووك لای وەرش

أ- ئەگەر خوێنەری قورئان وەستا لەسەر ئەلیف ی کەمکراوەی لابراو، لە باری نەوەستاندا بە هۆی ڕزگار بوون لە گەیشتنە دوو زەننە، ئەوە لەو کاتە لەسەری دەوەستێت بە کەمکردنەوە دەخوێنێتەوە، وەك: ﴿هُدَى ٱللَّهِ﴾، ﴿مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ﴾، ﴿عِيسَى ٱبۡنَ﴾، ﴿ذِكۡرَى ٱلدَّارِ﴾.

وەهەروها وەك: ﴿ ٱلۡهُدَى ٱئۡتِنَاۗ ﴾ لە باری وەستاندا، بەڵام لەباری نەوەستاندا ئەلیف لە وشەی: ﴿ٱلۡهُدَى﴾، لادەبردرێت بەهۆی گەیشتنە دوو زەننەدار، وەهەمزەی پچڕاویش لە وشەی: ﴿ٱئۡتِنَاۗ﴾، دەگۆڕدرێت بە ئەلیف، ئەو ئەلیفەش کە دەردەبردرێت کەمکردنەوەی تێدا نیە لە باری نەوەستاندا.

ب- ئەگەر خوێنەر وەستا لەسەر ناوێکی کورتکراوە(اسم مقصور) -نوندار لە باری نەوەستاندا- ئەوە لەسەری دەوستێت بە کەمکردنەوە ئەگەر لەسەر شێوەی کەمکردنەوە دەیخوێندنەوە، وەك: ﴿هُدًى لِّلۡمُتَّقِينَ﴾،﴿قُرًى مُّحَصَّنَةٍ﴾، بەڵام لە باری نەوەستاندا کەمکردنەوەی تێدا نیە بە هۆی لابردنی ئەلیف بەهۆی گەیشتنە دوو زەننە.

ت- قەدەغەناکرێت ئەو زەننەیەی کە دەردەکەوێت لە باری وەستاندا لە کەمکردنەوەی ئەو ئەلیفەی کەمکردنەوەی بۆ دەکرێت لە باری نەوەستاندا بە هۆی کەسرە وەك: ﴿ٱلدَّارِ﴾.

ئەلیف لەم وشەو هاوشێوەکانی کەمکردنەوەی بۆ دەکرێت لە باری نەوەستاندا لە پێناو کەسرەی پیتی(ر)ی دوای ئەو ئەگەر کەسرەکە لاچو.

ث- لە کاتی وەستان لەسەری بە زەننە ئەوەش بە هەمان شێوە کەمکردنەوەی بۆ دەکرێت، چونکە ئەو زەننەیە قەدەغەی کەمکردنەوە ناکات چونکە خۆی پەیداکراوە،

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا سوككردنی پیتی(ر) ئه‌نجام ده‌درێت له‌ باری وه‌ستاندا به‌ هۆی كه‌مكردنه‌وه‌ی ئه‌لیف.

ج- كه‌مكردنه‌وه‌ی بۆ ناكرێت وه‌ك له‌ وشه‌ی: ﴿مُضَآرٍّ﴾، چونكه‌ پیتی(ر)ی زه‌ننه‌دار بۆته‌ مایه‌ی پچڕاندن له‌ نێوان پیتی(ر)ی كه‌سره‌دارو ئه‌لیف.

تێبینی1:

مه‌به‌ستمان له‌ به‌كارهێنانی وشه‌ی: [بِخُلْفٍ عنه] واته‌: خوێنه‌ر سه‌رپشكه‌ له‌ نێوان كردنه‌وه‌و كه‌مكردنه‌وه‌، به‌ڵام ئه‌م بابه‌ته‌ ده‌بێت به‌ ئه‌ندازه‌ی درێژكردنه‌وه‌ی به‌ده‌ل بێت، ئه‌گه‌ر به‌ده‌ل به‌ درێژكردنه‌وه‌ی دوو جووله‌ بخوێنێته‌وه‌ ئه‌وه‌ له‌سه‌ری پێویسته‌ به‌كردنه‌وه‌ وشه‌ یائیه‌كان بخوێنێته‌وه‌ وه‌ئه‌گه‌ر به‌ده‌لی خوێندنه‌وه‌ به‌ چوار جووله‌ بخوێنێته‌وه‌ ئه‌وه‌ پێویسته‌ به‌ كه‌مكردنه‌وه‌ی وشه‌ یائیه‌كان بخوێنێته‌وه‌ وه‌ئه‌گه‌ر به‌ده‌لی به‌ درێژكردنه‌وه‌ی شه‌ش جووله‌ خوێنده‌وه‌ ئه‌وه‌ سه‌رپشك ده‌بێت له‌ نێوان كردنه‌وه‌و كه‌مكردنه‌وه‌، به‌ڵام لێره‌دا كردنه‌وه‌ پێش ده‌كه‌وێت.

تێبینی2:

مه‌به‌ستمان له‌ به‌كارهێنانی وشه‌ی: [قولاً واحداً] واته‌: پێویسته‌ له‌سه‌ر خوێنه‌ر ته‌نها به‌ كه‌مكردنه‌وه‌ به‌ یه‌ك شێوه‌ له‌م وشه‌دا به‌ ئه‌ندازه‌ی به‌ده‌ل و كردنه‌وه‌شی بۆ نیه‌.

ڕاهێنانی گشتی لەسەر کۆبونەوەی پیتە یائەکان و هەندێ جێبەجێ کردنی تر

(تمارين عامة على اجتماع ذات الياء مع تطبيقات أخرى)

➢ یەکەم: کۆبونەوەی درێژکردنەوەی بەدەل لەگەڵ وشە ڕەگەز یائەکان:

وەرش سێ خوێندنەوەی هەیە لە بەدەل، ئەویش درێژکردنەوەی دوو چوار شەش جوولە، وەبۆ وشە یائیەکان بە کردنەوە یان کەمکردنەوە دەخوێندرێتەوە هەموویان دەبن بە شەش خوێندنەوەی عەقلی، لەم شەش خوێندنەوە بۆمان هەیە چوار خوێندنەوەی کرداری:

قەدەغەیە لای وەرش:

أ- درێژکردنەوەی بەدەل بە دوو جوولە لەگەڵ کەمکردنەوەی وشە ڕەگەز یائیەکان.

ب- درێژکردنەوەی بەدەل بە چوار جوولە لەگەڵ کردنەوەی وشە ڕەگەز یائیەکان.

پێش خستنی درێژکردنەوەی بەدەل لەسەر وشە یائیەکان لای وەرش

(تقدم مد البدل على ذات الياء لورش)

وەك: ﴿ وَءَاتَىٰكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُۚ ﴾،[**ئیبراهیم**:34].

خوێندنەوە دروستەکان	درێژکردنەوەی بەدەل	خاوەن یائەکان
	وَءَاتَىٰكُم	
1	دووجوولە	کردنەوە
2	چوارجوولە	کەمکردنەوە
3	شەش جوولە	کردنەوە
4	شەش جوولە	کەمکردنەوە

پێش خستنی خاوه‌ن یائه‌كان له‌سه‌ر درێژكردنه‌وه‌ی به‌ده‌ل لای وه‌رش
(تقدم ذات الياء على مد البدل لورش)

وه‌ك: ﴿ فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٖ فَتَابَ عَلَيۡهِۚ﴾،[به‌قه‌ره:37].

	فَتَلَقَّىٰٓ	ءَادَمُ
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	**وشه‌به‌ره‌گه‌زیائه‌كان**	**درێژكردنه‌وه به‌ده‌ل**
1	كردنه‌وه	دووجووله
2	كردنه‌وه	شه‌ش جووله
3	كه‌مكردنه‌وه	چوار جووله
4	كه‌مكردنه‌وه	شه‌ش جووله

ئیبن جه‌زه‌ری ئه‌وانه‌ی ڕابردوی كۆكردۆته‌وه له وته‌یه‌كدا:

اتى لورش افتح بمد وقصرِهِ   وقلل مع التوسيط والمدِّ مُكمِلا



كۆبونەوەی درێژكردنەوەی بەدەل لكاو لەگەڵ خاوەن پیتە یائەكان و درێژكردنەوەی بەدەل وەستاو لەسەری بە﴿ڕوم﴾
(اجتماع مد بدل موصول مع ذات ياء مع مد بدل موقوف عليه[بالروم])

وەك: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ طُوبَىٰ لَهُمۡ وَحُسۡنُ مَـَٔابٍ﴾،[**ڕەعد**:29].

لەسەر درێژكردنەوەی دوو جووڵە﴿ءَامَنُواْ﴾ كردنەوە﴿طُوبَىٰ﴾ وەسیٚ بەدەل لە ﴿مَـَٔابٍ﴾ بە زەننەیەكی تەواو، دواتر ڕوم لەسەر درێژكردنەوەی دوو جووڵە ئەوە دەبێتە چوار خوێندنەوە.

لەسەر درێژكردنەوەی چوار جووڵە﴿ءَامَنُواْ﴾، كەمكردنەوەی﴿طُوبَىٰ﴾و چوار جووڵەو درێژكردنەوە﴿مَـَٔابٍ﴾، بە زەننەیەكی تەواو دواتر ڕوم لەسەر چوار جووڵە ئەوە دەبێتە سیٚ خوێندنەوە.

لەسەر درێژكردنەوەی شەش جووڵە﴿ءَامَنُواْ﴾، كردنەوەو كەمكردنەوە﴿طُوبَىٰ﴾، لەگەڵ هەمویان درێژكردنەوە هەیە ﴿مَـَٔابٍ﴾ لەگەڵ زەننەیەكی تەواوو ڕوم، بەوەش دەبێتە چوار خوێندنەوە، بەگشت خوێندنەوەكانیش هەمویان دەبێتە یازدە شێوە خوێندنەوە.

	ءَامَنُواْ	طُوبَىٰ	مَـَٔابِ
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	به‌دەل	وشەبەرەگەزیائەكان	به‌دەل به‌وه‌ستان له‌سه‌ری
1	دوو جووله	كردنه‌وه	دوو جووله وزه‌ننه
2	دوو جووله	كردنه‌وه	چوار جووله وزه‌ننه
3	دوو جووله	كردنه‌وه	شه‌ش جووله و زه‌ننه
4	دووجووله	كردنه‌وه	دوو جووله وزه‌ننه
5	چوار جووله	كه‌مكردنه‌وه	چوار جووله وزه‌ننه
6	چوار جووله	كه‌مكردنه‌وه	شه‌ش جووله و زه‌ننه
7	چوار جووله	كه‌مكردنه‌وه	چوار جووله و ڕوم
8	شه‌ش جووله	كردنه‌وه شه‌ش	جووله و زه‌ننه
9	شه‌ش جووله	كردنه‌وه شه‌ش	جووله و ڕوم
10	شه‌ش جووله	كردنه‌وه شه‌ش	جووله و زه‌ننه
11	شه‌ش جووله	كردنه‌وه شه‌ش	جووله و ڕوم

كۆبونه‌وه‌ی خاوەن پیته یائه‌كان له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌ی به‌دەل وه‌ستاو له‌سه‌ری به﴿ڕوم﴾

(اجتماع ذات ياء مع مد بدل موقوف عليه [بالروم])

وه‌ك: ﴿ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلۡمَـَٔابِ ﴾،[**ئالی عیمران**:14].

له‌باری وه‌ستاندا له‌سه‌ر﴿ٱلۡمَـَٔابِ﴾، وه‌رش ده خوێندنه‌وه‌ی بۆ هه‌یه:

كردنه‌وه له﴿ٱلدُّنۡيَا﴾ وه﴿ٱلۡمَـَٔابِ﴾، پێنج خوێندنه‌وه هه‌یه:

درێژكردنه‌وه‌ی دووو شه‌ش وه‌هه‌ر یه‌ك له‌و درێژكردنه‌وانه له‌گه‌ڵ زه‌ننه‌و ڕوم ده‌بێته چوار خوێندنه‌وه، پێنجه‌میان درێژكردنه‌وه‌ی چوار جووله له‌گه‌ڵ ته‌نها زه‌ننه‌ی به‌شێوه‌ی

پهیداكراو، بهڵام لهگهڵیدا ڕوم قهدهغهیه چونكه چوار جووله تهنها وهستانی لهسهر دروسته.

كهمكردنهوهی ﴿ٱلدُّنۡيَا﴾، وشهی﴿ٱلۡمَـَٔابِ﴾، پێنج خوێندنهوهی ههیه:

درێژكردنهوهی چوار یان شهش جووله ههریهك لهو درێژكردنهوانه زهننهو ڕوم ی لهگهڵ دایه، دروسته درێژكردنهوهی دوو جوولهو زهننهی تهواو بهبینینی پهیداكردنهكهی بهههمان شێوهی ڕابردوو.

	ٱلۡمَـَٔابِ	مَـَٔابٍ
خوێندنهوه دروستهكان	وشهبهڕهگهزیانهكان	بهدهل بهووهستان لهسهری
1	كردنهوه	دوو جووله وزهننه
2	كردنهوه	چوار جووله وزهننه
3	كردنهوه	شهش جووله و زهننه
4	كردنهوه	دوو جووله و ڕوم
5	كردنهوه	شهش جووله و ڕوم
6	كهمكردنهوه	دوو جووله وزهننه
7	كهمكردنهوه	چوار جووله وزهننه
8	كهمكردنهوه	شهش جووله و زهننه
9	كهمكردنهوه	چوار جووله و ڕوم
10	كهمكردنهوه	شهش جووله و ڕوم

دووەم: كۆبونەوەی خاوەن پیتە یائەكان و لیین و هەمزەدار.

وەك: ﴿ وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ ﴾،[بەقەرە:216].

	وَعَسَىٰٓ	شَيۡـٔٗا
خوێندنەوە دروستەكان	وشەبەرەگەزیائەكان	لیین ی هەمزەدار
1	كردنەوە	چوار جوولە
2	كردنەوە	شەش جوولە
3	كەمكردنەوە	چوار جوولە
4	كەمكردنەوە	شەش جوولە

سێیەم: كۆبونەوەی درێژكردنەوەی لیین ی هەمزەدارو خاوەن پیتە یائەكان و وشەی(جارِ)

وەك لە ئایەتی: ﴿ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا وَبِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡجَارِ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡجَارِ ٱلۡجُنُبِ ﴾،[نیساء:36]. دا هاتووە، كۆبونەوەی درێژكردنەوەی لیین لەم وشەدا ﴿شَيۡـٔٗا﴾ وەخاوەن پیتی یاءو جیاوازیشی نیە لە وشەی ﴿ٱلۡقُرۡبَىٰ﴾ یان لە وشەی: ﴿وَٱلۡيَتَٰمَىٰ﴾ بێت.

وشەی: ﴿وَٱلۡجَارِ﴾، شارەزایان لە خوێندنەوەی وەرش (أهل الاداء) سیٚ رێگا دەبینن لە وەرش بۆ خوێندنەوەی ئەم ئایەتە(1).

---

(1) پێشەوا جەمزوری –رەحمەتی خوای لێبێت– كۆیكردۆتەوە لە پەرتوكی(التحريرات على الشاطبيه) بە وتەی خۆی بەم شێوەیە:

والجــارِ مع لـيــنٍ وذاتِ الـيــاءِ — سَوِّ أَوِ اضــربــهُــمــا بلا مِـرَاءِ
أو امْنـعَـن تقليل ذي الياء دون جَارِ — على توسـطٍ لـشــيءٍ لا تُـضار
ومع مَــــدِّهِ امْنَــعَـنْ فـيـهـمــا — تقلِـيلُه فـهـي ثـــلاثٌ فاعْلَمَا

✓ ڕێگای یەکەم:

یەکسانی لە نێوان خاوەن وشەی ڕەگەزی یائی وشەی: ﴿وَٱلۡجَارِ﴾، بە کردنەوەو کەمکردنەوە، لەمەش چوار خوێندنەوە دروست دەبێت:

لەسەر چوار جوولەی لیین، کردنەوەیان بەیەکەوە وەکەمکردنەوەیان بە یەکەوە وەهەروها لەسەر درێژکردنەوەی لیین یش کردنەوەیان و کەمکردنەوەیان.

خوێندنەوە دروستەکان	(لیین ی هەمزەدار) شَيۡـًٔا	(ڕەگەز یائیەکان) ٱلۡقُرۡبَىٰ	وَٱلۡجَارِ
1	دوو جوولە	کردنەوە	کردنەوە
2	دوو جوولە	کەمکردنەوە	کەمکردنەوە
3	چوار جوولە	کردنەوە	کردنەوە
4	چوار جوولە	کەمکردنەوە	کەمکردنەوە

✓ ڕێگەی دووەم: هەشت خوێندنەوەی بۆ هەیە:

لێکترازانێك هەیە لەنێوان ڕەگەزە یائیەکان و وشەی: ﴿وَٱلۡجَارِ﴾، لەسەر درێژکردنەوەی چوار جوولەی لیین، کە ئەوەش دەبێتە کردنەوە خوێندنەوەی ڕەگەزە یائیەکان، لەسەر ئەوەش دوو خوێندنەوە دروست دەبێت لە وشەی: ﴿وَٱلۡجَارِ﴾، کەمکردنەوەش لە ڕەگەزە یائیەکان بەهەمان شێوە دوو خوێندنەوەی هەیە، کە واتە: خوێندنەوەکان لەسەر درێژکردنەوەی چوار جوولەو هاووێنەی خۆی لەسەر درێژکردنەوە دەبێتە هەشت خوێندنەوە.

خوێندنەوە دروستەكان	(لیین ی هەمزەدار) شَيۡـًٔا	(خاوەن یائەكان) ٱلۡقُرۡبَىٰ	وَٱلۡجَارِ
1	چوار جوولە	كردنەوە	كردنەوە
2	چوار جوولە	كردنەوە	كەمكردنەوە
3	چوار جوولە	كەمكردنەوە	كردنەوە
4	چوار جوولە	كەمكردنەوە	كەمكردنەوە
5	شەش جوولە	كردنەوە	كردنەوە
6	شەش جوولە	كردنەوە	كەمكردنەوە
7	شەش جوولە	كەمكردنەوە	كردنەوە
8	شەش جوولە	كەمكردنەوە	كەمكردنەوە

✓ ڕێگای سێیەم(1).: شەش خوێندنەوەی بۆ هەیە:

درێژكردنەوەی چوار جوولەی لیین و كردنەوە خوێندنەوەی ڕەگەزە یائیەكان، لەسەر ئەو كردنەوەش دوو خوێندنەوە هەیە لە وشەی: ﴿وَٱلۡجَارِ﴾، كردنەوەو كەمكردنەوە، دواتر كەمكردنەوەی ڕەگەزە یائیەكان و وشەی: ﴿وَٱلۡجَارِ﴾، بەیەكەوە، ئەوەش دەبێتە سێ خوێندنەوە، لەسەر درێژكردنەوەی لیین دەبێتە كردنەوەی خاوەن یائەكان لەسەر ئەو كردنەوەش دوو خوێندنەوە دروست دەبێت لە وشەی: ﴿وَٱلۡجَارِ﴾، كردنەوەو كەمكردنەوە، دواتر كەمكردنەوەی خاوەن پیتە یائەكان لەسەر ئەوەش كەمكردنەوەی خاوەن یائەكان لەسەر ئەوەش كردنەوە لە وشەی: ﴿وَٱلۡجَارِ﴾، بەوەش دەبێتە سێ خوێندنەوە وەك ئەوانی پێشو، گشت كۆمەڵەكانیش دەبنە شەش خوێندنەوە.

(1) ڕێگەی سێیەم: ئەوەی مەنصوری باسی كردوەو میهی ڕێكی خستووە لەم شێوە:

تقليل ذي الياء دون جار منـعا   على توسـط لشـيء فاتبعا

كـمـنع تــقـلـيلـهما مع مده   فاطلب لميهي بـلوغ قصـده

خوێندنەوە دروستەکان	(لین ی هەمزەدار) شَيۡـَٔا	(خاوەن یائەکان) ٱلۡقُرۡبَىٰ	وَٱلۡجَارِ
1	چوار جووله	کەمکردنەوە	کردنەوە
2	چوار جووله	کردنەوە	کەمکردنەوە
3	چوار جووله	کەمکردنەوە	کەمکردنەوە
4	شەش جووله	کردنەوە	کردنەوە
5	شەش جووله	کردنەوە	کەمکردنەوە
6	شەش جووله	کەمکردنەوە	کردنەوە

➢ چوارەم: کۆبونەوەی ڕەگەزە یائیەکان و وشەی(جبارين):

شارەزایان لە خوێندنەوەی وەڕش دوو ڕێگا خوێندنەوەیان هەیە بۆ ئەم بابەتە لەوەڕەش:

✓ ڕێگەی یەکەم:

لای وەڕش دروستە کردنەوەو کەمکردنەوە لە﴿جَبَّارِينَ﴾، لەسەر ئەوەش دروستە کردنەوەو کەمکردنەوە لە وشە ڕەگەز یائیەکان ئەوەش دەبێتە چوار خوێندنەوە، بە کردنەوە خوێندنەوەی ڕەگەزە یائیەکان و لەسەر ئەوەش کردنەوەو کەمکردنەوە لە﴿جَبَّارِينَ﴾، دواتر کەمکردنەوەی ڕەگەز یائیەکان لەسەر ئەوەش دروستە کردنەوەو کەمکردنەوە لە ﴿جَبَّارِينَ﴾.

ڕێگەی دووەم: بریتیە لە کردنەوەو کەمکردنەوە بەیەکەوە، وەك: ﴿ قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ فِيهَا قَوۡمٗا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَن نَّدۡخُلَهَا حَتَّىٰ﴾،[**مائیدە**:22].

ڕێگای یەکەم:

خوێندنەوە دروستەکان	ڕەگەز یائیەکان ی مُوسَىٓ	جَبَّارِينَ
1	کردنەوە	کردنەوە
2	کردنەوە	کەمکردنەوە
3	کەمکردنەوە	کردنەوە
4	کەمکردنەوە	کەمکردنەوە

ڕێگای دووەم:

خوێندنەوە دروستەکان	ڕەگەز یائیەکان ی مُوسَىٓ	جَبَّارِينَ
1	کردنەوە	کردنەوە
2	کەمکردنەوە	کەمکردنەوە

➢ پێنجەم:کۆبونەوەی درێژکردنەوەی بەدەل لەگەڵ وشە ڕەگەز یائیەکان و لیین ی هەمزەدار:

لای وەرش قەدەغەیە:-

أ- درێژکردنەوەی دوو جوولەی بەدەل لەگەڵ کەمکردنەوەی ڕەگەز یائیەکان×[مەبەستمان هەردوو خوێندنەوەی لیین ی هەمزەدارە -ئەوانیش درێژکردنەوەی چوار و شەش جوولەیە-].

ب- درێژکردنەوەی چوار جوولەی بەدەل و کردنەوەی ڕەگەز یائیەکان×[مەبەستمان هەردوو خوێندنەوەی لیین ی هەمزەدار -ئەوانیش درێژکردنەوەی چوار جوولەو شەش جوولە -

ت- درێژکردنەوەی دوو جوولەی بەدەل و درێژکردنەوەی شەش جوولە لە لین ی هەمزەدار، [لەگەڵ ئەویش دەبێتە کردنەوەی ڕەگەز یائیەکان].

ث- درێژکردنەوەی چوار جوولەی بەدەل و درێژکردنەوەی شەش جوولە لە لین ی هەمزەدار، [لەگەڵ ئەویش دەبێتە کەمکردنەوەی ڕەگەز یائیەکان].

کەواتە:

لەکاتی کۆبونەوەی ڕەگەز یائیەکان و لین ی هەمزەدار لەگەڵ درێژکردنەوەی بەدەل لای ئێمە کۆدەبێتەوەو دەبێتە12 شێوە خوێندنەوە،(دەبێتە پەیداکراوی لێکدانی3 بەدەل×2 لین ی هەمزەدار×2 ڕەگەز یائیەکان) بەڵام لەوانەی باس کران تەنها6 خوێندنەوە بۆ ئێمە دروستە، وەئەوانەی ڕابردووش بە هەمان شێوە شەش خوێندنەوەی دروستە، دکتۆر ئەیمەن سوید ئەوانەی ڕابردوی کۆ کردۆتەوە لە چوار دێر بەم شێوەیە:

قصرُ البدلِ	فتحٌ وَسِط
وَسْطُ البدلِ	قلل وسِّط
طُولُ البدلِ	كلٌ جائز
كن مُتقِنَها	ولها حائز

بڕوانە نمونەی ژمارە(9) لە کۆتایی بەشی بنچینەکان .

كۆبونه‌وه‌ی درێژكردنه‌وه‌ی به‌ده‌ل و ڕه‌گه‌ز یائیه‌كان له‌گه‌ڵ لیین ی هه‌مزه‌دار
(اجتماعُ مد البدل مع ذات الياء مع اللين المهموز)

وەك: ﴿ وَءَاتَيۡتُمۡ إِحۡدَىٰهُنَّ قِنطَارٗا فَلَا تَأۡخُذُواْ مِنۡهُ شَيۡـًٔاۚ﴾،[نيساء:20].

	وَءَاتَيۡتُمۡ	إِحۡدَىٰهُنَّ	شَيۡـًٔا
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	درێژكردنه‌وه به‌ده‌ل	ڕه‌گه‌ز یائیه‌كان	لیین ی هه‌مزه‌دار
1	دوو جووله	كردنه‌وه	چوار جووله
2	چوار جووله	كه‌مكردنه‌وه	چوار جووله
3	شه‌ش جووله	كردنه‌وه	شه‌ش جووله
4	شه‌ش جووله	كردنه‌وه	شه‌ش جووله
5	شه‌ش جووله	كه‌مكردنه‌وه	چوار جووله
6	شه‌ش جووله	كه‌مكردنه‌وه	شه‌ش جووله



كۆبونه‌وه‌ی ڕه‌گه‌ز یائیه‌كان و لیین ی مه‌هموز له‌گه‌ڵ (درێژكردنه‌وه‌ی به‌ده‌ل لكاو) له‌گه‌ڵ درێژكردنه‌وه‌ی(به‌ده‌ل وه‌ستاو له‌سه‌ر)

(اجتماع ذات ياء مع اللين المهموز مع [مد بدل موصول] مع مد [بدل موقوف عليه])

وه‌ك: ﴿..... فَمَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُمۡ سَمۡعُهُمۡ وَلَآ أَبۡصَٰرُهُمۡ وَلَآ أَفۡـِٔدَتُهُم مِّن شَيۡءٍ إِذۡ كَانُواْ يَجۡحَدُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ﴾،[**ئه‌حقاف**:26].

	أَغۡنَىٰ	شَيۡءٍ	بِـَٔايَٰتِ	يَسۡتَهۡزِءُونَ
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	**ڕه‌گه‌ز یائی**	**لیین ی هه‌مزه‌دار**	**به‌ده‌ل**	**به‌ده‌ل له‌سه‌ر وه‌ستاو**
1	كردنه‌وه	چوار جووله	دوو جووله	دوو جووله
2	كردنه‌وه	چوار جووله	دوو جووله	چوار جووله
3	كردنه‌وه	چوار جووله	دوو جووله	شه‌ش جووله
4	كردنه‌وه	چوار جووله	شه‌ش جووله	شه‌ش جووله
5	كردنه‌وه	شه‌ش جووله	شه‌ش جووله	شه‌ش جووله
6	كه‌مكردنه‌وه	چوار جووله	چوار جووله	چوار جووله
7	كه‌مكردنه‌وه	چوار جووله	چوار جووله	شه‌ش جووله
8	كه‌مكردنه‌وه	چوار جووله	شه‌ش جووله	شه‌ش جووله
9	كه‌مكردنه‌وه	شه‌ش جووله	شه‌ش جووله	شه‌ش جووله

➢ شەشەم: كۆبونەوەی درێژكردنەوەی بەدەل و لیین لە وشەی(سووات)(ئەوە بۆی كۆ یان دووان بەكار دێت) لەگەڵ ڕەگەز یائیەكان:

به دڵنیایەوە كۆبونەوەی درێژكردنەوەی بەدەل و لیین لە وشەی سوءات(ئەوەی بۆ كۆو دووانە بەكاردێت) لەگەڵ ڕەگەز یائیەكان دەبێتە پێنج خوێندنەوەی دروست، لە قورئانی پیرۆز، وەك: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞۚ ذَٰلِكَ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ ﴾،[**ئەعراف**:26].

وەرش پێنج خوێندنەوەی دروستی هەیە بەم شێوەیە:

پێش خستنی بەدەل لەسەر لیین ﴿سَوۡءَٰتِ﴾ لەسەر ڕەگەز یائیەكان

(تقدم البدل على لين ﴿سَوۡءَٰتِ﴾ على ذات الياء)

	ءَادَمَ	سَوۡءَٰتِكُمۡ	ٱلتَّقۡوَىٰ
خوێندنەوە دروستەكان	بەدەل	لیین لە سووات(ئەوەی بۆ كۆ یان دووان بەكارهاتوە)	ڕەگەز یائیەكان
1	دوو جوولە	دووجوولە لە لیین	كردنەوە
2	چوار جوولە	دووجوولە لە لیین	كەمكردنەوە
3	چوار جوولە	چوار جوولە لە لیین	كەمكردنەوە
4	شەش جوولە	دووجوولە لە لیین	كردنەوە
5	شەش جوولە	دووجوولە لە لیین	كەمكردنەوە

تێبینی بكە ئەو ئایەتە پیرۆزەی ڕابوردوو سێ درێژكردنەوەی بەدەل تێدایە بەم شێوەیە: ﴿ءَادَمَ﴾و ﴿سَوۡءَٰتِكُمۡ﴾و ﴿ءَايَٰتِ﴾، –ئەوە یەكسانە لە درێژكردنەوە– وەدرێژكردنەوەی لیین لە﴿سَوۡءَٰتِكُمۡ﴾، وەڕەگەز یائیەكان لە﴿ٱلتَّقۡوَىٰ﴾.

پێش خستنی لیین لە وشەی ﴿سَوۡءَٰتِ﴾ لەسەر بەدەل لەسەر ڕەگەز یائیەکان

(تقدم لين ﴿سَوۡءَٰتِ﴾ على البدل على ذات الياء)

وەك: ﴿..... لِيُبۡدِيَ لَهُمَا مَا وُۥرِيَ عَنۡهُمَا مِن سَوۡءَٰتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنۡ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيۡنِ أَوۡ تَكُونَا مِنَ ٱلۡخَٰلِدِينَ﴾،[**ئەعراف**:20].

	سَوۡءَٰتِهِمَا	سَوۡءَٰتِهِمَا	نَهَىٰكُمَا
خوێندنەوە دروستەکان	**لیین لەسووات(بەکارهاتو بۆ کۆ یان دووان)**	**بەدەل**	**ڕەگەز یائیەکان**
1	**دووجوولە لە لیین**	**دووجوولە**	**کردنەوە**
2	**دووجوولە لە لیین**	**چوار جوولە**	**کەمکردنەوە**
3	**دووجوولە لە لیین**	**شەش جوولە**	**کردنەوە**
4	**دووجوولە لە لیین**	**شەش جوولە**	**کەمکردنەوە**
5	**چوار جوولە لە لیین**	**چوار جوولە**	**کەمکردنەوە**

پێش خستنی ڕەگەز یائیەکان لەسەر لیین لە وشەی ﴿سَوۡءَٰتِ﴾ لە سەر بەدەل

(تقدم ذات الياء على لين ﴿سَوۡءَٰتِ﴾ على البدل)

وەك: ﴿ فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٖۚ فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِۖ....﴾،[**ئەعراف**:22].

	سَوۡءَٰتُهُمَا	فَدَلَّىٰهُمَا	سَوۡءَٰتُهُمَا
خوێندنەوە دروستەکان	**ڕەگەز یائیەکان**	**لیین ی سووات(ئەوەی بەکارهاتووە بۆ کۆ یان دووان)**	**بەدەل**
1	**کردنەوە**	**دووجوولە لە لیین**	**چوار جوولە**
2	**کردنەوە**	**دووجوولە لە لیین**	**شەش جوولە**
3	**کەمکردنەوە**	**دووجوولە لە لیین**	**چوار جوولە**
4	**کەمکردنەوە**	**دووجوولە لە لیین**	**شەش جوولە**
5	**کەمکردنەوە**	**چوار جوولە لە لیین**	**چوار جوولە**

بابهتی پیتی ڕائهكان

مهزههبی وهڕش له پیتیڕائهكان

1- وهڕش ههمو پیته ڕائێكی فهتحهدار یان ضهممهدار لاواز دهكات، بهڵام دهبێت یائی زهننهدار یان كهسرهی ڕهسهنی له پێش هاتبێت و لهیهك وشه دا هاتبێت، وهك: ﴿بَشِيرًا، سِرَاجًا، نَّخِرَةً، سِيرُواْ، وَتُعَزِّرُوهُ، غَيْرَ، ٱلطَّيْرُ﴾ بهڵام ئهگهر كهسرهی پێش پیتی ڕائهكه ڕهسهن بوو، واته: له بنچینهی وشهكه نهبوو، یان پیتی یائهكه پچڕاو بوو یان جووڵهدار بوو ئهوه لاواز بونی تێدا نیه وهك: ﴿بِرَسُولٍ، فِي رَيْبٍ، ٱلْخِيَرَةُ﴾، بهڵكو لێرهدا بهم شێوه دهبێته پیتی ڕائی قهڵهو نهك لاواز.

2- ئهگهر زهننه بكهوێته نێوان پیتی(ر) و كهسره، وهك: ﴿إِخْرَاجًا، إِجْرَامِى، كِبْرَهُۥ﴾ ئهو زهننه نابێته هۆی نهمانی لاواز بونی پیته ڕائهكه، تهنها مهگهر زهننهكه یهكێك بێ له پیتهكانی(ص – ط – ق)[1]، وهك: ﴿إِصْرًا، قِطْرًا، وِقْرًا، مِصْرًا﴾، چونكه دهبێته ناوبڕێكی بتهو له نێوان كهسرهو پیتی(ر).

3- لاوازكراوه، پیتی(ر)ی یهكهم له ﴿بِشَرَرٍ﴾[2]،[مورسهلات:32]. ئهگهر بوهستی لهسهری ئهوه ڕائی دووهم لاواز دهبێت به هۆی لاوازی یهكهم.

4- پیتی(ر) لاواز دهبێت ئهگهر زهننهدار بو به زهننهیهكی پهیداكراو، وهپیتی پێش خۆی كهمكردنهوهی بۆ دهكرێت، وهك: ﴿ٱلنَّارِ﴾.

---

[1] تهنها ئهو سێ پیته(استعلاء) ئه هاتووه له قورئانی پیرۆز، زیاد لهسهر ئهوهش پیتی(خ)، هاتوه بهڵام جیاكراوتهوه چونكه نابێته هۆی پچڕان و به پیتی سهربهخۆ ئهژمار دهكرێت.

[2] یاسای گشتی دهڵێت هۆی لاوازكردنی پیتی ڕاو بونی كهسرهیه پێش پیتی ڕاو بهڵام ئهو وشهیه پێچهوانهی یاسایه چونكه هۆی لاوازبوون لێرهدا بوونی كهسرهیه له دوای پیتی ڕاو.

5- پیتی(ر) لاواز دەكرێت ئەگەر جوولەكەی كەمكردنەوەی بۆ كرابێت، وەك:
﴿رَءَا، ٱلَمۡرۚ﴾
.

6- وەرش پیتی(ر) قەڵەو دەكات ئەگەر دووبارە بێتەوە، ئەوەش لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە تەنها لە پێنج وشەدا نەبێت، ئەو وشانەش زیاتر لە شوێنێك دووبار بۆتەوە بەم شێوەیە: ﴿ضِرَارًا، مِّدۡرَارًا، إِسۡرَارًا، فِرَارًا، ٱلۡفِرَارُ ﴾، لێرەدا قسەمان لەسەر پیتی ڕائی یەكەمە -چونكە تۆ ئەگەر پیتی(ر)ی یەكەم لاواز بكەی ئەوە پێویست دەبێت پیتی(ر)ی دووەمیش لاواز بێت-.

7- پیتی(ر) قەڵەو دەكرێت ئەگەر پیتەكانی بەرزی(حروف الاستعلاء) بەدوای داهات بەمەرجێك ئەلیف بكەوێتە نێوانیان وەك: ﴿صِرَٰطَ، إِعۡرَاضًا، ٱلۡفِرَاقُ، وَٱلۡإِشۡرَاقِ ﴾.

8-وەرش پیتی(ر) قەڵەو دەكات لە﴿إِرَمَ﴾ لە ئایەتی: ﴿ إِرَمَ ذَاتِ ٱلۡعِمَادِ ﴾،[فەجر:7]، چونكە ناوێكی بێگانەیە یان بە ناوێكی بێگانە دەچێت.

9- پیتی(ر) قەڵەو دەكرێت ئەگەر زەننەیەكی كەسرەداری پەیداكراو بكەوێتە پێش پیتی(ر)ی فەتحەدار وەك: ﴿ٱمۡرَأَةٞ﴾ لەكاتی دەست پێكردن بەو، ئەمە كەسرەیەكی پەیداكراوە چونكە دروست نابێت تەنها لەكاتی دەست پێكردن بەو وشە نەبێت.

10- وەرش پیتی(ر)ی فەتحەدار قەڵەو دەكات ئەگەر زەننەدارێكی هاتبێت لە پێشی و پێشی ئەویش كەسر بێت، (واتە: مەرجەكانی لاوازكردن) لە ناوێكی كە عەرەبی نەبێت، ئەوەش ڕوی نەداوە لە قورئانی پیرۆز تەنها لەم وشانە نەبێت: ﴿إِبۡرَٰهِيمُ، إِسۡرَٰٓءِيلَ، عِمۡرَٰنَ ﴾ لەهیچ وشویەكی تر.

11- لە وەرش هاتووە لاوازكردن و قەڵەو كردن، بەڵام قەڵەو كردن لە پێش ترە ئەوەش لە حەوت وشەدا بەم شێوەیە: ﴿ذِكۡرًا، سِتۡرًا، حِجۡرًا، إِمۡرًا، وِزۡرًا، وَصِهۡرًا، حَيۡرَانَ﴾، شەش وشەی یەكەم لەسەر كێشی(فعلاً) پیتی(ر)یش بۆتە لام الفیعل.

ئاگاداركردنه‌وه:-

- وه‌رش پیتی(ر) لاواز ده‌كات له‌كاتی كه‌مكردنه‌وه‌ی ئه‌و ئه‌لیفه‌ی كه له دوای پیتی(ر) هاتووه وه‌ك: ﴿بُشْرَىٰ، سُكَٰرَىٰ﴾، ئه‌و لاوازكردنه‌ش به هۆی شوێن كه‌وتنی كه‌مكردنه‌وه‌ی ئه‌لیفه‌كه‌یه بیٚ جیاوازی ڕاو بۆچون.

- وه‌رش هاوڕایه له‌گه‌ڵ حه‌فص له‌سه‌ر ئه‌و وشانه‌ی پیتی(ر) یان تێدایه‌و به دوو شێوه ده‌خوێندرێنه‌وه لای پێشه‌وا حه‌فص، واته: وه‌رش قه‌ڵه‌وكردن و لاواز كردن ئه‌نجام ده‌دات به‌م شێوه‌یه:

1- ﴿ ٱلْقِطْرِ ﴾،[سه‌به‌ء:12]. جیاوازی هه‌یه له‌سه‌ر پیتی(ر) له باری وه‌ستاندا له نێوان قه‌ڵه‌و كردن و لاواز كردن، به‌ڵام لاوازكردن له‌پیشتره به‌پێی سه‌یركردنی بنچینه‌ی خۆی و به كاركردن به له‌باری نه‌وه‌ستاندا، به‌ڵام له‌باری نه‌وه‌ستاندا ئه‌وه ده‌بێته پیته ڕائێكی لاواز.

2- ﴿ مِّصْرَ ﴾،[یونس:87]و [یوسف:21+99]و [زوخروف:51]. له‌باری نه‌وه‌ستاندا ئه‌وه پیتی(ر) قه‌ڵه‌و ده‌كرێت، چونكه پیتی ئیستیعلاء كه‌وتۆته نێوان ئه‌وو كه‌سره[ئه‌مه جیاكراوته‌وه] به‌ڵام له‌باری وه‌ستاندا جیاوازی له‌سه‌ر دروست بووه له نێوان قه‌ڵه‌و كردن و لاواز كردن به‌ڵام قه‌ڵه‌و كردن پێش ده‌كه‌وێت.

3- ﴿ فِرْقٍ ﴾،[شوعه‌ڕا:51]. جیاوازی هه‌یه له‌سه‌ر پیتی(ر) له باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا له نێوان قه‌ڵه‌و كردن و لاواز كردندا.

- ﴿ فَأَسْرِ ﴾، [هود:81]و [حیجر:65]و [دوخان:23]. وه‌رش ئه‌م وشه‌ی به هه‌مزه‌ی لكاو خوێندۆته‌وه به‌ده‌ل هه‌مزه‌ی پچڕاو به‌م شێوه‌یه: ﴿فَٱسْرِ﴾، ئه‌وه لابردراوه له گوتندا، حوكمی ئه‌م وشه‌یه ئه‌وه‌یه كه دروسته قه‌ڵه‌و كردن و

لاوازكردن له باری وەستاندا، بەلاَم لاوازكردن پێش دەكەوێت بەپێی بنچینەی خۆی و بە كاركردن بە لەباری نەوەستاندا.

➢ له وشەی: ﴿أَسۡرِ﴾ كه بەرانبەر بێت بە﴿أَنۡ﴾ له دوو شوێندا هاتووه ئەوانیش،[طه:77]و ﴿ أَنۡ اَسۡرِ بِعِبَادِیٓ﴾،[شوعەڕا:52]. پێشەوا وەڕش پیتی(ر) لاواز دەكات له باری وەستان وەنەوەستاندا، بە هۆكاری ئەوەی كه ئەم وشەیه بە هەمزەی لكاو دەخوێنێتەوه بەدەل هەمزەی پچڕاو، دواتر ئەو پیتە نونەی دەكەوێتە پێشی كەسرەدار دەكات بەهۆی گەیشتنە دوو زەننە.

➢ كۆبونەوەی وشەی(ذكراً)و باس كردنی لەگەڵ درێژكردنەوەی بەدەل لای وەڕش:-

لای وەڕش قەدەغەیە: درێژكردنەوەی چوار جووله بەدەل و لاوازكردنی وشەی: ﴿ذِكۡرًا﴾ باس كردنی -مەبەست له باس كردنی واتە: ئەو شەش وشەی له بڕگەی یازدەهەم هاتبو له ڕابردودا- كه واتە: ئەم خوێندنەوه قەدەغەیە یەكێكە لەو شەش خوێندنەوانە كه دەبێتە[3 بەدەل × دووخوێندنەوه(قەڵەو كردن و لاواز كردن)].

دكتۆر ئەیمەن سوید كورتی كردۆتەوه لەم هونراوە:

وإن تُرقق نحو(ذكراً)يا فُلا وذا لورش لا توسّط بدلا

تێبینی:-

له وشەی: ﴿حَيۡرَانَ﴾ دروستە قەڵەو كردن و لاواز كردن، بەلاَم قەڵەو كردن پێش دەكەوێت ئەوەش بە شێوەیەك بەدەل بخوێنێتەوه.

کۆبونەوەی وشەی ﴿ذِكۡرًا﴾ و باس کردنی لەگەڵ درێژکردنەوەی بەدەل

(اجتماع ﴿ذِكۡرًا﴾ وبابه مع مد البدل)

وەك: ﴿ فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَذِكۡرِكُمۡ ءَابَآءَكُمۡ أَوۡ أَشَدَّ ذِكۡرٗاۗ﴾،[**بەقەرە**:200].

	ءَابَآءَكُمۡ	ذِكۡرًا
خوێندنەوە دروستەکان	**بەدەل**	**(ذِكۡرًا) و باس کردنی**
1	**دووجووله**	**قەڵەو**
2	**دووجووله**	**لاواز**
3	**چوارجووله**	**قەڵەو**
4	**شەش جووله**	**قەڵەو**
5	**شەش جووله**	**لاواز**

- **کۆبونەوەی ﴿ذِكۡرًا﴾ و باس کردنی لەگەڵ ڕەگەز یائیەکان و درێژکردنەوەی بەدەل لای وەڕش:-**

قەدەغەیە لای وەڕش پێنج خوێندنەوە بەم شێوەیە: درێژکردنەوەی دوو جوولەی بەدەل و کەمکردنەوەی ڕەگەز یائیەکان، پاشان قەدەغەیە لەگەڵ دوو خوێندنەوە لە وشەی(ذكراً)و باس کردنی، درێژکردنەوەی چوار جووله بەدەل لەگەڵ کردنەوەی ڕەگەز یائیەکان، دواتر قەدەغەیە لەگەڵ دوو خوێندنەوە لە وشەی(ذكراً)و باس کردنی، درێژکردنەوەی بەدەل و کەمکردنەوەی ڕەگەز یائیەکان و لاوازکردنی وشەی(ذكراً) و باس کردنی.

كۆبونه‌وه‌ی وشه‌ی ﴿ذِكۡرًا﴾ و باسكردنی له‌گه‌ڵ ڕه‌گه‌ز یائیه‌كان و درێژكردنه‌وه‌ی به‌دەل

(اجتماع ﴿ذِكۡرًا﴾ وبابه مع ذات الياء مع مد البدل)

وەك: ﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ٱلۡفُرۡقَانَ وَضِيَآءٗ وَذِكۡرٗا لِّلۡمُتَّقِينَ ﴾،[**ئەنبیاء**:48].

	ءَاتَيۡنَا	مُوسَىٰ	وذكراً
خوێندنه‌وه دروسته‌كان	**به‌دەل**	**ڕه‌گه‌ز یائیه‌كان**	**(ذكراً) وباسكردنی**
1	دووجووله	كردنه‌وه	قه‌ڵه‌و
2	دووجووله	كردنه‌وه	لاواز
3	چوار جووله	كردنه‌وه	قه‌ڵه‌و
4	شه‌ش جووله	كردنه‌وه	قه‌ڵه‌و
5	شه‌ش جووله	كردنه‌وه	لاواز
6	شه‌ش جووله	كه‌مكردنه‌وه	قه‌ڵه‌و
7	شه‌ش جووله	كه‌مكردنه‌وه	لاواز

باسی پیتی لامهكان

لای وەر ش پیتی(ل) سیٚ باری هەیە[1]:

✓ یەكەم: ئەستور كردنی پیتی(ل) ئەوەش بە دوو مەرج:

أ- دەبێت پیتی(ل) فەتحەداربێت.

ب- دەبێت پیتی(ل) بكەوێتە دوای یەك لەو سیٚ پیتانە: « ص » یان « ط » یان « ظ »(واتە: پیتەكان(الإطباق) جگە لە پیتی(ض) نەبێت، بەلاٚم بەمەرجێك دەبێت ئەو پیتانە فەتحەداربین یان زەننەدار.

✓ دووەم: هەردوو خوێندنەوە دروستە: ئەوەش لەم بارانەی خوارەوە:

أ- ئەگەر ئەلیف بكەوێتە نێوان پیتی(ل) و یەك لەو سیٚ پیتانەی باس كران لە ڕابردوو.

ب- پیتی(ل) ی كە لە كۆتایی وشەدا هاتووە ئەوەی مەرجەكانی قەڵەوكردنی تێدابێت، لە باری وەستاندا.

ت- ئەگەر لەدوای بێت ئەلیف ی وەرگیراو لە پیتی(ی)، بە مەرجێك نەبێتە سەرەتای ئایەت، وەتێیدا هەیە: -

- قەڵەوكردن و كردنەوە، ئەوەیان پێش دەكەوێت.
- لاوازكردن و كەمكردنەوە.

✓ سێیەم: لاوازكردن، ئەوەش جگە لەوانەی باس كران.

---

[1] بەجیاكردنەوەی پیتی(ل) لە وشەی: (الله)، چونكە وەرش هاوڕایە لەسەر ئەو پیتە لامە لەگەڵ پێشەوا حەفص.

مه‌زهه‌بی وه‌ڕش ده‌رباره‌ی پیته لامه‌كان

1- وه‌ڕش هه‌مو پیته لامێكی فه‌تحه‌دار قه‌ڵه‌و ده‌كات، ئه‌گه‌ر بكه‌وێته دوای پیته‌كانی(ص) یان(ط) یان(ظ) فه‌تحه‌دار بێت یان زه‌ننه، جیاوازیش نیه پیته لامه‌كه شه‌دده‌داربێت یان بیٚ شه‌دده، له‌ناوه‌ڕاست بێت یان كۆتایی، وه‌ك: ﴿ٱلصَّلَوٰةَ، إِصۡلَٰحًا، ٱلطَّلَٰقُ، مَطۡلَعِ، وَظَلَّلۡنَا، وَمَا ظَلَمُونَا، تُظۡلَمُونَ﴾.

2- وه‌ڕش پیتی(ل) به قه‌ڵه‌وو لاواز ده‌خوێنێته‌وه، به‌ڵام قه‌ڵه‌وكردن پێش ده‌كه‌وێت، ئه‌وه‌ش له كاتێكدا ئه‌گه‌ر ئه‌لیف بكه‌وێته نێوان پیتی(ل)و یه‌ك له پیته‌كانی ڕابردو، ئه‌وه‌ش ته‌نها له سیٚ وشه هه‌یه له قورئانی پیرۆز كه ئه‌مانه‌ن:

وشه‌ی یه‌كه‌م: ﴿طَالَ﴾ ئه‌وه‌یان له سیٚ شوێن هاتووه[طه‌:86]و [ئه‌نبیاء:44]و [حه‌دید:16]،﴿ مِن قَبۡلُ فَطَالَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡأَمَدُ ﴾.

وشه‌ی دووه‌م: ﴿يُصَٰلِحَا﴾[1]. ئه‌وه‌ش له یه‌ك شوێن هاتووه به‌م شێوه‌یه: ﴿ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَآ أَن يَصَّٰلَحَا بَيۡنَهُمَا صُلۡحٗا ﴾[نیساء:128].

وشه‌ی سێیه‌م: ﴿فِصَالًا﴾ له یه‌ك شوێن هاتووه ئه‌ویش: ﴿ فَإِنۡ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٖ﴾ [به‌قه‌ره‌:233].

ئه‌وه‌ی سه‌یری ئه‌لیف بكا به ناوبڕ ئه‌ژماری نه‌كا ئه‌وه پیتی(ل) قه‌ڵه‌و ده‌كات له هه‌رسیٚ وشه‌كاندا، با ئه‌وه‌ش بزانیٚت كه دروسته قه‌ڵه‌وكردن و لاوازكردنی له وشه‌كانی ڕابردو له‌گه‌ڵ هه‌رشێوه‌یه‌ك له شێوه‌كانی به‌ده‌ل، ته‌نها ئه‌وه نه‌بیٚ قه‌ده‌غه‌یه قه‌ڵه‌وكردن

---

[1] وه‌ڕش ئه‌م شوێنه به فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ی، ص، ل) له‌گه‌ڵ شه‌دده‌داركردنی پیتی(ص)و زیادكردنی ئه‌لیف له‌دوای ئه‌وه.

به درێژکردنهوهی دوو جووله بهدهل له یهك شوێندا لهوانهی ڕابردو هاتووه، ئهویش له ئایهتی: ﴿ فَإِنۡ أَرَادَا فِصَالًا ﴾.

کۆبونهوهی وشهی﴿فصالاً﴾ لهگهڵ درێژکردنهوهی بهدهل:

ئاشکرایه که لای وهرش سێ خوێندنهوه ههیه بهدهل، ئهویش درێژکردنهوهی دوو جوولهو چوارو شهش جووله، وهبۆی ههیه له وشهی:(فصالاً) قهڵهوکردن و لاوازکردن، ئهوهش دهبێته شهش خوێندنهوهی عهقلی، بهڵام بۆمان دروسته لهو شهش شوێنه پێنج خوێندنهوهی کرداری.

قهدهغهیه لای وهرش: درێژکردنهوهی دوو جوولهی بهدهل و قهڵهوکردن.

کۆبونهوهی وشهی ﴿فِصَالًا﴾ و درێژکردنهوهی بهدهل

(اجتماعُ لفظ ﴿فِصَالًا﴾ مع مد البدل)

ئایهتی: ﴿ فَإِنۡ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٖ مِّنۡهُمَا وَتَشَاوُرٖ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَاۗ وَإِنۡ أَرَدتُّمۡ أَن تَسۡتَرۡضِعُوٓاْ أَوۡلَٰدَكُمۡ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ إِذَا سَلَّمۡتُم مَّآ ءَاتَيۡتُم بِٱلۡمَعۡرُوفِۗ﴾،[**بهقهره**:233].

خوێندنهوه دروستهکان	فِصَالًا	ءَاتَيۡتُم
1	قهڵهو	دووجووله
2	قهڵهو	شهش جووله
3	لاواز	چوارجووله
4	لاواز	چوارجووله
5	لاواز	شهش جووله

3- وەڕش بە قەڵەوکردن و لاواز دەخوێنێتەوە ئەوە پیتە لامەی زەننەداربێت لە باری وەستاندا، بەڵام قەڵەوکردن پێش دەکەوێت، ئەوەش لە شەش وشەدا هاتوە کە ئەمانەن:

وشەی یەکەم: ﴿ أَن يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ ﴾،[بەقەڕە:27].

وشەی دووەم: ﴿ فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ ﴾،[بەقەڕە:249].

وشەی سێیەم: ﴿ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا ﴾،[ئەنعام:119].

وشەی چوارەم: ﴿ فَوَقَعَ ٱلْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾،[ئەعراف:118].

وشەی پێنجەم: ﴿.... وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْحِكْمَةَ وَفَصْلَ ٱلْخِطَابِ ﴾،[ص:20].

وشەی شەشەم: ﴿ ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا ﴾،[نەحل:58].

چونکە ئەوەی لاوازیان بکات سەیری زەننەی پەیداکراو دەکات، وەئەوەی قەڵەویان بکات سەیری ئەوە دەکات کە فەتحەدارە لە باری نەوەستاندا.

4- ئەو پیتە لامەی دەکەوێتە دوای پیتی(ص)و ئەلیف ی وەرگیراو لە پیتی(ی) بەدوا دێت و نابێتە کۆتایی ئایەت، ئەوە دوو خوێندنەوەی هەیە لای وەڕش:

أ- قەڵەوکردنی پیتی(ل)و فەتحەدارکردنی ئەو ئەلیفەی دەکەوێتە دوای ئەو، ئەوەش پێش دەکەوێت.

ب- لاوازکردنی پیتی(ل)و یەکەم کردنەوەی ئەو ئەلیفەی دەکەوێتە دوای ئەو، ئەوەش لە شەش وشەدا هاتوە بەم شێوەیە:-

- وشەی: ﴿مُصَلًّى ﴾ لە ئایەتی:﴿ وَٱتَّخِذُوا۟ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِـۧمَ مُصَلًّى ﴾[(1)]. [بەقەڕە:125]. ئەوەش لە باری وەستاندا.

[(1)](وَٱتَّخِذُوا۟)ی بە فەتحەدارکردنی پیتی(خ) خوێندۆتەوە.

- **وشەی:** ﴿يَصۡلَىٰهَا﴾، **له ئایەتی:** ﴿.... ثُمَّ جَعَلۡنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصۡلَىٰهَا مَذۡمُومٗا مَّدۡحُورٗا ﴾، [**ئیسڕاء**:18]، **و ئایەتی:** ﴿ لَا يَصۡلَىٰهَآ إِلَّا ٱلۡأَشۡقَى ﴾، [**لەیل**:15].

- **وشەی:** ﴿وَيَصۡلَىٰ﴾[1]. **له ئایەتی:** ﴿ وَيُصَلَّىٰ سَعِيرًا ﴾،[**ئینشیقاق**:12].

- **وشەی:** ﴿يَصۡلَى﴾ **له ئایەتی:** ﴿ٱلَّذِي يَصۡلَى ٱلنَّارَ ٱلۡكُبۡرَىٰ﴾،[**ئەعلی**:12] **ئەوەش له باری وەستاندا.**

- **وشەی:** ﴿تَصۡلَىٰ﴾ **له ئایەتی:** ﴿ تَصۡلَىٰ نَارًا حَامِيَةٗ﴾،[**الغاشیه**:4].

- **وشەی:** ﴿سَيَصۡلَىٰ﴾ **له ئایەتی:** ﴿سَيَصۡلَىٰ نَارٗا ذَاتَ لَهَبٖ﴾،[**مەسەد**:3].

بەڵام: **ئەگەر ئەوەیان هات[واتە: ئەو پیتە(ل)ی دەكەوێتە دوای پیتی(ص)و لەدوای ئەو ئەلیف ی وەرگێراو له پیتی(ی)] وله كۆتایی ئایەت دا بوو، ئەوە لاوازكردنی پیتی(ل) دیاری دەكرێت لەگەڵ كەمكردنەوەی ئەلیف، ئەوەش نەهاتوە تەنها له سێ شوێن نەبێت ئەوانیش لەو سوڕەتانەی كه كەمكردنەوە دەكرێت له سەرە ئایەتاكانیان بە یەك دەنگی، كه ئەوانەن:**

1- ﴿ فَلَا صَدَّقَ وَلَا صَلَّىٰ﴾،[**قیامە**:31].

2- ﴿ وَذَكَرَ ٱسۡمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ﴾،[**ئەعلا**:15].

3- ﴿ عَبۡدًا إِذَا صَلَّىٰٓ﴾،[**عەلەق**:10].

---

[1] **وەرش ئەو وشەی بە ضـﮫمەداركردنی پیتی(ی)و فەتحەداركردنی پیتی(ص)و شەددەداركردنی پیتی(ل) خوێندۆتەوە، بە پێچەوانەی حەفص، چونكە ئەو بە فەتحەداركردنی پیتی(ی)و زەنندەداركردنی پیتی(ص)و ئاسان خوێندنەوەی پیتی(ل) دەخوێنێتەوە.**

ئاگاداركردنەوە:-

- **كەمكردنەوەو قەڵەوكردن بەیەكەوە كۆنابنەوە، قەڵەوكردنی (ل) لەگەڵ كردنەوەی ڕەگەز یائیەكان و كەمكردنەوەی پیتی(ی)و لاوازبونی پیتی(ل).**

- **پێویستە ئاگاداربین لە قەڵەو كردنی پیتی(ل)ی دووەم لە ﴿وَظَلَّلْنَا، فَيَظْلَلْنَ﴾، ئەوەیان لاوازە، قەڵەوكردن تەنها لە پیتی(ل)ی یەكەمە.**

- **لەباری نەوەستاندا لە(مصلَّى، یصلى) هەروەك لە ئایەتی:** ﴿ وَٱتَّخَذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِـۧمَ مُصَلًّىۖ وَعَهِدْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ ﴾[1]**،[بەقەرە:1254]و ئایەتی:** ﴿ٱلَّذِى يَصْلَى ٱلنَّارَ ٱلْكُبْرَىٰ﴾**،[ئەعلا:12]. بۆ پیتە لامەكە نیە تەنها قەڵەو كردن نەبێت، ئەوەش بەهۆی لابردنی ئەو ئەلیفەی دەكەوێتە دوای ئەو.**

تێبینی:-

بە جیاوازی لە بابەتی پیتەكانی(ر)و(ل) ئەوانەی كە لە ڕابردو باسكران، ئەوا پێشەوا وەڕش هاوڕایە لەگەڵ پێشەوا حەفص لە بابەتی قەڵەو كردن و لاوازكردن، بە جیاكردنەوەی یەك بنچینە نەبێ ئەویش پلەی قەڵەو كردنی پیتی(خ)ی زەننەدارە، ئەوەی

كەسرەی لە پێشدا هاتووەو لەدوای ئەو پیتی(ر)ی فەتحەدار هەیە وەك: ﴿ إِخْرَاجُهُمْۚ﴾**، لێرەدا حەفص جیای دەكاتەوە لە قەڵەو بونی ڕێژەیی و دەیگەڕێنتەوە بۆ پلەی قەڵەو كردن، چونكە پیتی(ر) لای ئەو قەڵەوە دەچێتە ژێر باری پلەی چوارەم لە ڕیزبەندی پلەكانی قەلەوكردن، دووەمیان لە ڕوی كرداری دا، بەڵام لای پێشەوا وەڕش ئەو دەچیتە باری قەڵەو كردنی نسیبی چونكە پیتی(ر) لەو وشەدا لاوازە.**

---

[1] (وَٱتَّخِذُواْ) بە فەتحەداركردنر پیتی(خ) دەخوێندرێتەوە.

بابەتی یائی دانەپاڵ

یائی دانه پاڵ(ئیضافه): ئەو پیتە یائەیە کە عەرەب بەکاری دێنن بۆ دەربڕینی کەسی قسەکەری تاك، وەك: ﴿ بِكِتَابِي ﴾، پیتی یائی دانەپاڵ زیادە لەسەر بنچینەی وشەکە (لە بنچینەی وشەکەدا پیتی یائی پێوە نیە بەڵام بۆی زیاد کراوە).

به وشەی:(زیادە) ئەو پیتە یائە ناگرێتەوە کە زیادە نیەو بنچینەی خۆیەتی وەك:(يَهْدِى، سَئَاوِىٓ).

به وشەی:(تاك) ئەو پیتە یائە دەرچوو کە بۆ تاك بەکار نەهاتووە، وەك: ﴿ حَاضِرِى ﴾.

پیتی(ی) لەم وشەدا بۆ جەمعی موزەکەری سالم بە کار هاتووە نەك بۆ تاك(مفرد).

به وشەی:(قسەکار) ئەو پیتە یائە ناگرێتەوە کە بۆ کەسی دووەم(مخاطب) بە کارهاتووە، وەك: ﴿ فَكُلِى وَٱشْرَبِى ﴾.

یائی دانەپاڵ: دەچێتە سەر ناو(اسم) و کار(فعل) و پیت(حرف)

وەك:(سَبِيلِى، ذَرُونِى، فَإِنِّى).

ئەگەر(ی)ی دانەپاڵ چووە سەر(فعل) ئەوە نەصبەی شوێنی وەردەگرێت،

وەك: ﴿ أَوْزِعْنِى ﴾،[نەمل:19].

وئەگەر یائی دانەپاڵ لەگەڵ ناو بوو دەبێتە مەجروری شوێنی،

وەك: ﴿ذِكْرِى﴾، [طه: 14].

ئەگەر یائی دانەپاڵ لەگەڵ پیت هات، دەبێتە مەجروری شوێنی،

وەك: ﴿ وَلِىَ دِينِ ﴾، [کافرون:6].

وەدەبێتە مەنصوبی شوێنی ئەگەر لەگەڵ(إنَّ) و خوشکەکانی هات(إنَّ واخواتها) وەك:

﴿ إِنِّىٓ أَخَافُ ﴾،[ئەنعام:15].

نیشانەی یائی دانەپاڵ ئەوەیە بتواندرێت پیتی(ك) یان پیتی(ھ) بخرێتە شوێنی، وەك:(فَطَرَنِى) دەبێتە فطرك و فطره.
عەرەب یائی دانەپاڵ زەنندار دەكات وەھەندێ جار فەتحەداری دەكات.

گوتراوە زەنندارکردنی پیتی(ی)ی دانەپاڵ بنچینەیە، چونكە خۆی مەبنیە(نەگۆڕە لە جووڵەدا) بنچینەی مەبنی(نەگۆڕ لە جوولەدا) زەننەیە.
یائی دانەپاڵ لە زۆربەی شوێندا لە قورئانی پیرۆز بە زەننەداری ھاتووە.


وەگوتراوە فەتحەدارکردنی یائی دانەپاڵ بنچینەی دووەمە، واتە: فەتحەداری بنچینەیەو زەننەداریشی بەھەمان شێوە بنچینەیە، چونكە یائەكە ناوە، ئەو ناوەی كە دەبێتە پیت و نابێت بە مەرفوع، بەھێز دەبێت بە جووله، فەتحەداركردن بۆ سوك كردنە، بەڵام بۆچوونی یەكەم بەھێزترە.
لە قورئانی پیرۆز پیتی(ی)ی دانەپاڵ876 جار ھاتووە، دابەش دەبێت بەسەر سێ بەش، بەم شێوەی خوارەوە: -

أ- قورائەكان یەك دەنگن لەسەر پیتی(ی)ی دانەپاڵ كە زەننەدار دەكرێت، ئەوەشیان زۆر ترینە، وەك: ﴿ إِنِّي جَاعِلٌ﴾،[بەقەرە:30]، كۆی گشتی(ی)ی دانەپاڵ بەم شێوەیە دەگاتە 566 یاء.

ب- قورائەكان یەك دەنگن لەسەر پیتی(ی)ی دانەپاڵ كە فەتحەدار دەكرێت، وەك: (بَلَغَنِيَ ٱلۡكِبَرُ)،[ئالی عیمران:40]، كۆی گشتی(ی)ی دانەپاڵ بەم شێوە دەگاتە98 پیتییاء.

ت- قورائەكان بۆچوونی جیاوازیان ھەیە لەسەر پیتی(ی)ی دانەپاڵ، ئایە فەتحەدار دەكرێت یان زەننەدار، كۆی گشتی(ی)ی دانەپاڵ بەم شێوە دەگاتە212 پیتی یاء، ئەوەش لەسەر شەش بەش دەبێت بۆ ئەوەی لە دوای خۆی دێت.

جۆرەكانی یائی دانەپاڵ





مه‌زهه‌بی وه‌رش له‌سه‌ر یائی دانه‌پاڵ

❖ **وه‌رش هه‌موو پیته یائێكی دانه‌پاڵ فه‌تحه‌دار ده‌كات، كه بكه‌وێته پێش هه‌مزه‌ی پچڕاوی فه‌تحه‌دار له هه‌موو قورئانی پیرۆزدا، وه‌ك:** ﴿ إِنِّيَ أَعۡلَمُ ﴾، **ته‌نها حه‌وت شوێن نه‌بێ به زه‌ننه ده‌خوێنێته‌وه به‌م شێوه‌یه:-**

1. **ئایه‌تی:** ﴿ فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ ﴾،[**به‌قه‌ره**:152].
2. **ئایه‌تی:** ﴿ أَرِنِيٓ أَنظُرۡ إِلَيۡكَۚ ﴾،[**ئه‌عراف**:143].
3. **ئایه‌تی:** ﴿ وَلَا تَفۡتِنِّيٓۚ أَلَا فِي ﴾،[**ته‌وبه**:49].
4. **ئایه‌تی:** ﴿ وَتَرۡحَمۡنِيٓ أَكُن مِّنَ ﴾،[**هود**:47].
5. **ئایه‌تی:** ﴿ فَٱتَّبِعۡنِيٓ أَهۡدِكَ صِرَٰطٗا ﴾،[**مه‌ریه‌م**:43].
6. **ئایه‌تی:** ﴿ وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ ذَرُونِيٓ أَقۡتُلۡ مُوسَىٰ ﴾،[**غافر**:26].
7. **ئایه‌تی:** ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ ﴾،[**غافر**:60].

❖ **وه‌رش هه‌موو پیته یائێكی دانه‌پاڵ فه‌تحه‌دار ده‌كات، كه بكه‌وێته پێش هه‌مزه‌ی پچڕاوی كه‌سره‌دار له هه‌موو قورئانی پیرۆز، وه‌ك:** ﴿ قَالَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ ﴾، **ته‌نها نۆ شوێن نه‌بێت گشت قاریئه‌كان به زه‌ننه ده‌خوێننه‌وه به‌م شێوه‌یه:-**

1. ﴿ قَالَ أَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴾،[**ئه‌عراف**:14].
2. ﴿ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِۖ ﴾،[**یوسف**:33].
3. ﴿ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴾،[**حیجر**:36].
4. ﴿ يُصَدِّقُنِيٓۖ إِنِّيٓ ﴾،[**قه‌صه‌ص**: 34].
5. ﴿ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴾،[**ص**:79].
6. ﴿ وَتَدۡعُونَنِيٓ إِلَى ٱلنَّارِ ﴾،[**غافیر**:41].

7. ﴿ لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِ لَيۡسَ لَهُۥ ﴾،[**غافير**:43].

8. ﴿ فِي ذُرِّيَّتِيٓۖ إِنِّي تُبۡتُ إِلَيۡكَ ﴾،[**ئه‌حقاف**:15].

9. ﴿ لَوۡلَآ أَخَّرۡتَنِيٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖ ﴾،[**مونافيقون**:10].

❖ **وه‌رش هه‌موو پیته‌ یائێكی دانه‌پاڵ فه‌تحه‌دار ده‌كات، كه‌ بكه‌وێته‌ پێش هه‌مزه‌ی پچڕاوی ضه‌مه‌دار له‌ هه‌موو قورئانی پیرۆز، وه‌ك:** ﴿ إِنِّيٓ أُرِيدُ ﴾**، ته‌نها دوو شوێن نه‌بێت گشت قاریئه‌كان به‌ زه‌ننه‌ ده‌خوێننه‌وه‌ به‌م شێوه‌یه‌:-**

1. ﴿ وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِيٓ أُوفِ بِعَهۡدِكُمۡ ﴾،[**به‌قه‌ره‌**:40].

2. ﴿ قَالَ ءَاتُونِيٓ أُفۡرِغۡ عَلَيۡهِ قِطۡرٗا ﴾،[**كه‌هف**:96].

شێخی قاضی **له‌ هونراوه‌یه‌كدا كۆیكردۆته‌وه‌ له‌ په‌رتووكی**(النظم الجامع)[(1)]:.

والياءَ فافتَحْ عِندَ فَتْحِ هَمْزَةِ		أَوْ كَسْرِها أَوْ ضَمِّها إلا التي
في ادْعونِ واذْكُرُونِ فاتَّبِعْني		تَرْحَمْنِ تَفْتِنِّي ذَرُونِي أَرِنِي
ذُرِّيَّتي يَدْعونَني تدْعونني		مَعْهُ يُصَدِّقْني كذا أَخَّرْتَني
أَنْظِرْني آتوني بِكَهفٍ ثَبَّتَ		ويا بِعَهْدي أَوَّلا قَدْ سَكَنَتْ

❖ **وه‌رش هه‌موو پیته‌ یائێكی دانه‌پاڵ فه‌تحه‌دار ده‌كات، كه‌ بكه‌وێته‌ پێش هه‌مزه‌ی لكاو به‌** [أل]**ی ناسراو، له‌ هه‌موو قورئانی پیرۆز، وه‌ك:** ﴿ رَبِّيَ ٱلَّذِي يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ ﴾.

له‌م باره‌وه‌ تێبینیه‌ك دروست ده‌بێت ئه‌وه‌یش ئه‌وه‌ی زه‌ننه‌داری بكات له‌ قاریئه‌كان ئه‌وه‌ ده‌توانێ لاییبات له‌ باری نه‌وه‌ستاندا، چونكه‌ زه‌ننه‌ی به‌دوادا هاتووه‌.

---

(1) **عه‌بدوالفتاح ی** قاضی **له‌ شه‌رحی**(النظم الجامع)**ی قیرائاتی پێشه‌وا نافع، قاهیره‌، نوسینگه‌ی ئه‌زهه‌ریه‌ بۆ كه‌لتور،**1403**ك.**

لهسهر ئهوهش وهڕش پێچهوانهی حهفص دهكات لهم باسهدا له یهك شوێندا ئهویش: ﴿ لَا يَنَالُ عَهْدِي ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾،[بهقهڕه:124]. حهفص ئهو جۆره به زهننهی پیتی(ی)ی دهخوێنێتهوه له یهك شوێندا، ئهویش له سوڕهتی بهقهڕهیه ئهوهی له ڕابردو باس كرا، جگه لهم شوێنه ئهوانی تر به فهتحه دهخوێنێتهوه.

❖ **وهڕش ههموو پیته یائێكی دانه پاڵ فهتحهدار دهكات**، كه بكهوێته پێش ههمزهی لكاوی تاك، له ههموو قورئانی پیرۆز، وهك: ﴿إِنَّ قَوْمِي ٱتَّخَذُواْ هَٰذَا﴾، تهنها له سێ نهبێت به زهننه دهخوێنێتهوه بهم شێوهیه:-

1. ئایهتی یهكهم: ﴿ إِنِّي ٱصْطَفَيْتُكَ عَلَى ٱلنَّاسِ ﴾،[ئهعراف:144].
2. ئایهتی دووهم: ﴿ هَٰرُونَ أَخِي ۝٣٠ ٱشْدُدْ بِهِۦٓ ﴾،[طه:30].
3. ئایهتی سێیهم:﴿ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِي ٱتَّخَذْتُ مَعَ ﴾،[فورقان:27].

ئهوهش دهردهكهوێت كه پیتی(ی) لههر سێ شوێنی ڕابردو لادهچێت له باری نهوهستاندا بههۆی گهیشتنه دوو زهننه.
شێخی قاضی له(النظم الجامع) دهفهرموێت[1]:

وَقَبْلَ لامِ الْعُرْفِ فَتْحُها ثَبَتْ — وَعِنْدَ هَمْزِ الوَصْلِ أَرْبَعٌ أتت
